شەوچەرەی دیوەخان

(ڕووداو، بەسەرهات، چیرۆك)

ئەبوبەکر شوان

هەولێر – ٢٠١١

شەوچەرەی دیوەخان

ڕووداو

بەسەرهات

چیرۆك

ئەبوبەکر شوان

هەولێر - ٢٠١١

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: شەوچەرەی دیوەخان

نووسینی: ئەبوبەکر شوان

پیتچنین و نەخشەسازی ناوەڕۆك: نووسەر

نەخشەسازی بەرگ: هێمن خدر

چاپی یەکەم – چاپخانەی ڕۆشنبیری – هەولێر/۲۰۱۱

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (۱۰۵۵) ساڵی(۲۰۱۱)ی پێدراوە

★ مافی چاپکردنی پاێزراوە بۆوەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

★ ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www. Kurdchap. Com

پێشکەشە:

بەو

مرۆڤانەی

هەمیشە

تێنووی

قسەی

خۆش و

نەستەقن

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز

دەمێك بوو سەرقاڵی ئەوەبووم چۆن بتوانم ئەو چیرۆك و بەسەرهات و سەربووردە و ڕووداوانەی ڕوویانداوە و گوتراون، بەشێوەییەکی ڕێك و پێك و بەبێ دەستکاریکردن، تەنیا بە ئارایشتێکی جوان و ناسك بیخەمە بەردەست و دیدی ئێوەی بەڕێز و وەکو شەوچەرەییەك لەکۆڕ و کۆبەندەکاندا، ئەو قسە خۆشانە ئاجیل ئاسا بگێڕنەوە و دانیشتنەکانتانی پێ بەشەوق و جۆش و خرۆشتر بکەن.

ئەوانەی خستوومنەتە سەر پەڕەی کاغەز، هەتا توانیبم گوێم بۆ شل کردوون و بەهەر شێوەییەکبێ کڕیومن و ئێستاش هەوڵدەدەم بە ئێوەی خوێنەری بفرۆشمەوە، لێ مەبەستم فرۆشتن بە پارە و پوول نییە،بەقەد ئەوەی تێرکردن و جۆشدانی بیر و هزرە. چونکە سەردەمانێك بوو ئەو سەربووردانە زۆربە پێزەوە لە حوجرەی مزگەوت و دیوەخان و کۆڕی شەوان و گوێ ئاگردانی کورددەواری باسییان لێکراوە و خەڵکەکەیان هێناوەتە قاقای پێکەنین و سەرسامی کردوون.

بەڵێ بەم جۆرە شەوانی دوور و درێژی زستانیان پێ دەبردە سەر، لەبەر ئەوەی ئەوساکە چ هۆکارێکی ئەوتۆ نەبوون وەکو تەکنەلۆژییای سەردەم خۆیان پێوە خەریك بکەن، بەڵکو تەنیا و تەنیا ئەو پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق و فۆلکلۆرییانە هەبوون

لەنێو حوجرەی دیوەخان و لە حزوور و خزمەتی باب و باپیران و بەساڵاچوواندا کە خۆی لەخۆیدا بەئەدەب و داب و نەریتی کوردەواریدا پێی نەش و نما دەبوون و بەو هۆییەوە خۆیان پێ دەگەیاند.

لە دارشتنەکاندا بەپەیڤی ڕەسەن وەکو زمانێکی ستاندار و یەکگرتوو موتوربەم کردوون و لە پەراوێزدا روونکردنەوەم بۆیان کردووە.

لێرەوە دەمەوێ ئاماژە بە شەونخوونی و ماندووبوونی برای جوامێرم، شاعیر و ئەدیب(شاخەوان عەلی حەمەد) و کاک(نەهرۆ عەلی)برای بدەم کە هەمیشە خەمخۆر بوون بۆ هاتنە کایەی ئەم بەرهەمە و پیتچنیان بۆ کردووە.

لەکۆتاییدا دەخوازم ئەو بەرهەمە وەکو کانیياوێك بێت بۆ دڵ و دەروونی تەژنەتان، دیوەخانیش هەر ئاوەدان.

نووسەر

٢٠١١/٨/١٥

دەستپێك

هەبوو نەبوو، کەس لەخودای مەزن بەخشنددتر نەبوو، گەوردتر نەبوو، جوانتر نەبوو، کەسیش لە مرۆڤ درۆزنتر نەبوو، چاوباشقاڵ و لەندەهورتر نەبوو، هەرچی دەکرا و دەگوترا تەنها بۆ بێدەسەڵاتی مرۆ بوو.

نەوانەی خواردوە، وا دایدەگرم بە باردوە، دەیخەمە بەرچاو تا بمێنێ ناو، هەر هەمووی شەوچەرەی بەر ئاگردانە، بەسەربردنی کاتەکانی شەوی زستانە، یا شنەبای گزنگی هاوینە، لەناوبردنی رق و کینە، تەنها بۆ زاخاوی مێشك نییە بگرە بۆ رابواردن و پێکەنینە، بەش بەش و چین چینە، هەمیشە بۆ گێرانەوەی بەسەرهاتەکاتی رۆژگارە، بۆ کۆڕو کۆبەندەکانی شەوکارە، بۆ ئاودانی مێشکە گەرانی خوێن و توانای هێسکە.

باسی پیاوی مەند و چاوتێرە، ئەوەی ژیاوە لەو هەولێرە، واسی فلانە و واسی فیسکە، واسی ناپیاو و رژد و پیسکە، باسی باخی پڕ لەمێوە، باسی خەرەند و کێوە، یا جوانی دیمەن و سروشتە، یا هێزی جەستە و بازو و پشتە.

قسەی خۆش و جوانە، پڕ لە گوڵ و رەیحانە، ئەوەی بەجۆش و خرۆشە، هی منیشە و هی تۆشە، دوێنێ تا توانیم دەنکە مرواری رەنگا و رەنگم کڕی و هەڵمبژارد و کۆمکردنەوە و هێنام و بردم و

کردمە رشتەییەکی گران بەها و ئیمڕۆش دەفرۆشمەوە ئەو کەسانەی کە تەوح و عەمودالّی پەند و قسەی ڕێکە، حەزی لە خۆشاوە یا پێکە، یا تامەزرۆی دیوەخانە و حوجرەی مزگەوت و چایەی عەسرانە، یا ئارەزووی ئاخاوتنەکانی پیرەمێرد و ئامۆژگارییەکانی مەلایانە، یا حەزی لە گێڕانەوەی سەیر و سەمەرەکانی پیری موغانە.

ئەوەی باسی لێوە دەکەم بەسەرهات و ڕووداوە، لە شاروگوندان خولقاوە.

ملوانکەیەکە رازاوەتەوە بەگوڵ و رەیحانە، شیلان و مەرجان، واخستوومەتە نێو ئینجان و مەرکان، دەنك دەنك، یەکە یەکە، لە مێرووە زەرد و سوور و سەوزەکان، لە کولچك و عەنابی و شینشینەکان، دەیخەمە بەر سەنگی مەحەك، ئەوەی دلّگیرە و ئەوەی بەلەك.

ئاشنای دەکەین، جوانی دەکەین، ڕێکی دەخەین، لە گەردەنی ناسکی خوێنەرانی دەئالێنین.

* * *

دڵشکاندن

لە دێر زەمانەوە، ژمێژە، هەندێ ڕۆشنبیر هەبوون ئاژەڵیان دەکردە هۆکارێك بۆ ئەوەی عەقڵ (هۆش و بیر) بفرۆشنە خەڵکی و هزر و هۆشی کەسانی سادە و سفیلکیان پێ ڕەوشەن دەکردەوە و هەر بەو کانیاوە ڕوونە زاخاوی مێشکییان پێدەشۆردنەوە و تا بە ساویلکەیی و نەفامی نەکەونە تۆڕی خراپەکاران و ئالوودەی هەڵە و هەڵەکاری نەبن.

ئەو بەسەرهات و سەربووردە و چیرۆك و داستانانە لەزۆر شوێن لەبەر مفا و گرنگی واتاکان لەبەردین داییان دەتاشی و زۆر جاریش بە ئاوی زێڕ دەنووسرانەوە، کرۆکی مەبەستیش لێرەدا: تەنها ئاماژە پێکردنێکە بۆ ئەو پەند و ئامۆژگارییانەی کە لە کۆنەوە هەڵقوڵاوە و سەرییان هەڵداوە، کۆدۆش تەنها بۆ ئەو کەڵە مرۆڤانە بووە کە پەیڤ و ئاخافتنی بەرز و بەجێ و بەسوودییان دەخستە بەر گوێچکەی مرۆڤی سادە و ساکار.

ئەو ڕشتەییەی دەیخەینە ڕوو، دەیکەینە ملوانکە و لە گەردەنی زەردی خوێنەرانی هەڵدەواسین، عەقڵ و هۆش دەفرۆشێت بۆ ئەوەی مرۆ لە کرێتی ناکار و ڕەفتاردا دووری بخاتەوە و هۆشمەندی بکات، هەرچەندە ئاژەل ئاژەڵە و هۆشی نییە بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و ڕای خۆی دەربڕێ و بێتە دوان.

لیّ، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە خۆی لە خۆیدا وانەییەکی نموونەییە ئاڕاستەی هۆشی مرۆڤی دەکات، هەر چەندە گێڕانەوەی چیرۆك، یان بەسەرهاتەکە درێژدادڕی دەویّ بۆ ئەوەی مەبەست و ئامانجی خۆی بپێکیّ و خوێنەر بۆ لای خۆی پەلکێش بکا و هەرسی ناوەڕۆکی بکات.

دەگێڕنەوە دەڵێن:

لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستانی خۆمان، کابراییەك هەبوو ناوی مام نەریمان بوو، خاوەن خێزان و منداڵێکی زۆر بوو، هەژار و نەدار، دەستکورت، هەر جارەی لە ماڵێکدا بژێوی ژیانی رۆژانەی خۆیان دەگوزەراند، خەڵکی گوندی خۆشییان دەویست، پێیان شەرم بوو بڵێن: بڕۆ کارێك بۆ خۆت بدۆزەوە و منداڵەکانی خۆتی پیّ بژێنە، بۆیە داوایان لەمەلای گوندی کرد قسەی لەگەڵ بکات بەڵکو خۆی بە کارێکەوە خەریك بکات و هێندە چاوی لەدەستی ئەم و ئەو نەبیّ.

مەلای گوندی بانگی کرد و وتی: مام نەریمان شوکر بۆ خوا، ئێوە لە سەر تاقەت و هێزی خۆتانن، شوکر لەشیشتان ساغە، بۆ کاریّ ناکەی ئەو سەروبنانە بەخێو بکەی تا چیتر ئەو ماڵ و ئەو ماڵ نەکەن؟ ئەودتانیّ ئەو چیا و کێوانە تژیە لە دار و درەختی خۆڕسك، خۆ دەتوانن بەچەند رۆژیّ بارە داریّ بکەن و بیبەنە بازاڕ بیفرۆشن و بە پارەکەی زاد و ئازووقەی پێبکڕن.

مام نەریمان وتی:قوربان فەرموودەی بەڕێزتانە، پەنا بەخوا هەر لە بەیانی زووتر نییە دەچمە ئەو کێوانە، بۆ خۆم بارە دار دەکەم و دەیفرۆشمەوە.

هەر کە سپێدە لەخەو ڕابوو، دەستی دایە بیورەکە و بەرەو چیا کەوتە ڕێ و دەستی کرد بە بڕینەوەی ئەو لق و دارانەی سوودییان لێوەر ناگیرێ و تەنها و تەنها بۆ سووتان و خەڵووز دروستکردن نەبێ، ئا بەم جۆرە بەچەند ڕۆژێك توانی بارە دارێك بکات و بەرەو بازاڕ بیبا و بیفرۆشێ، هەر بە پارەکەی هەندێ ئازوقە و شتی کڕی و گەڕاییەوە ماڵ.

خێزانەکەی زۆر بەو کارە دڵخۆش بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێکرد، بەم شێوەییە هەموو سپێدەییەکی زوو دەچووە سەر کار بۆ داربڕین.

جارێکییان وەکو ڕۆژانی رابردوو بۆ داربڕین چوو، لەناکاو گوێبیستی نەڕە و ناڵەییەکی ئەوتۆ بوو، دەنگی دەدایەوە، ئەو دەنگە بۆ چەند جارێك دووبارە بۆوە..مام نەریمان ئەو دەنگەی لەلادا نامۆ بوو، حەپەسا و دۆش داما، لەشوێنی خۆی چەقی و ورتەی لەدەمەوە دەرنەهات، چونکە ئەوە یەکەمین جاری بوو گوێی لەدەنگێکی وابێ.

ئەو ناڵە و دەنگە هەر دووبارە دەبۆوە، مام نەریمان لەیەکڕا بڕیاریدا بەرەو دەنگەکە بچێ، بەچەند هەنگاوێك گەیشتە ئەو مەکۆیەی

دەنگەکەی لێوە دەهات، تەماشای کرد ئەوە شێرێك کەتۆتە ژێر گاشە بەردێکەوە، کە چاوی بەشێرەکە کەوت، زۆر ترسا و کەوتە لەرزین، چونکە هیچ جارێك ئەوها لە نزیکەوە شێری نەدیوە، هەر بۆیەش بەپەلە بۆ دواوە گەڕاوە، شێرەکە بە دەنگێکی پڕ ئازار و نزمەوە وتی: هۆ کاك، تکایە بگەڕێوە رزگارمکە، بەڵێنبێ تا ماوم لە چاکەت دەرنەچم و پاداشتت بدەمەوە.

مام نەریمان هەست و سۆزی بەرامبەر بزوا و دڵی پێسوتا، وتی: ئاخر من چۆن دەتوانم رزگارت بکەم، من توانای لابردنی ئەو بەردە گەوردیەم نییە.

شێرەکە وتی: هەر چەندە من زۆر ئازارم پێگەیشتووە، تۆ بەهێزی خۆت و منیش بەتەکانی خۆم، لەوانەیە بەهەردووکمان بتوانین بەردەکە لادەین.

مام نەریمان ناوی خوای لێهێنا و تا هێزی تێدابوو پاڵی بە بەردەکەوەنا و شێرەکەش بە تەکانی خۆی بەچەند جارێ وایلێهات شێرەکە لەژێر بەردەکە هاتە دەرو دەربازی بوو.

بەمەش زۆر سوپاسی مام نەریمانی کرد و بەڵێنی پێدا تا ماوە لەبیری نەکا و هەمیشە لەخزمەتی دابێت.

شێرەکە پرسی: ئەرێ ناوی بەڕێزتان؟.

- ناوم مام نەریمانە.

+ ئەی چ کارەن؟.

- لێرە دار دەبڕم و کە دارەکانم بوونە بـارە دارێ، دەیبەمـە شـار و لەبازاڕ دەیفرۆشم و بەپارەکەی شتی پێویستی بۆ ماڵەوە پێ دەکڕم.

شێر: مام نەریمان من تا ماوم لەچاکەت دەرناچم.

مام نەریمان: من خێرێکم کرد، خوای گـەورەش خێرخـوازانی خـۆش دەوێ.

شێر: تازە من و تۆ بووینە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی، تـۆ ژیانـت بەمن بەخشی.

مام نەریمان: هەموو کارێکی چاك و باشە، خەڵك ئاماژەی پێدەدا.

شێر: پاداشتت دەدەمەوە.

مام نەریمان: قوربان بە هاوڕێیەتی تۆ رازیم، وەلێ پاداشتم ناوێ.

شێر: مام نەریمان پێویست ناکا ئەوەندە ماندوو بیت، هەموو رۆژێ وەرە ئێرە و بارە داری خۆت ببە.

مام نەریمان: زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان.

ئا بەم جـۆرە دوو رەگـەزی لێکجیـاواز، مـرۆڤ و ئـاژەڵ بـە هـۆی کارێکی بـاش، پـەیمانی ئاشـنایەتی دەبەسـتن و بـە دوو گیـان لەیـەك جەستەی جیاواز هاوکاری یەکتر دەکەن.

هەموو سپێدەییەك زوو بەیەك دەگەن، سڵاو و رێز و خۆشەویستی بۆ یـەك دووپـات دەکـەنـەوە و تـا کـازێوەی بەیان بەجووتە

دادەنیشن و قسەی خۆش بۆ یەك دەكەن، پاشان خواحافیزی لێكدی دەكەن.

زۆر بە جۆش و خرۆشەوە هەمی رۆژێ مام نەریمان بارە دارەكەی دەبردە شار و دەیفرۆشت و دەگەڕایەوە گوندی.. تا دەهات باری گوزدران و بژێوی بەردو باشتر دەچوو، خەڵكی گوندی بەكار و چالاكییەكانی ئەو پیاوە سەرسام بوون، یەكێ دەیوت: مام نەریمان ئەو توانایەی لەكوێ بوو هەموو رۆژێ بارە دارێك بكات و بیباتە شار؟

ئەویتر دەیوت: پیاوم نەدیوە وەك ئەو مرۆیە ئەوها بەهێز و چاپووكبێ.

یەكێكی دیكە دەیوت: بەخوا پیاوێكی ئازایە، چۆن دەتوانێ بارە دارێك بەچەند كاتژمێرێك بكات و بیباتە بازاڕ.

مام نەریمان ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زاران، زۆریش لە خەڵكان بەخیلی و رژدیان پێی دەبرد، مام نەریمان هەرگیزا و هەرگیز ئەو نهێنییەی لای كەس، تەنانەت لەلای خێزانەكەیشی ئاشكرا نەكرد، چونكە پارووەك بوو خوای گەورە خستبوویە دەمییەوە.

رۆژێكییان وەكو نەریتی جاران چووە سەر كارەكەی بۆ ئەوەی بارە دارەكە بار بكات و بیباتە بازاڕ بیفرۆشێ، شێرەكە بە مام نەریمانی وت: ئەمرۆ زۆر ماندوومە وا هەست دەكەم تەندروستیم باش نییە.

+ قوربان خوا لەشتان ساغكا و هەر سەلامەتبن.

- حەزدەکەم سەرم بخەمە سەر رانت تا پشوویەك بدەم.

+ فەرموو قوربان.

شێرەکە خۆی لێ نزیك کردەوە سەری بخاتە سەر رانی، بەنزیك بوونەوەی، بونێکی زۆر پیسی لەدەمەوە هات، مام نەریمان بەپەلە و بەتوندی سەری شێرەکەی لەخۆی دوور خستەوە، وتی: ئۆی، بۆنی دەمت چەند ناخۆشە، توخوا لێم دوورکەوە.

شێرەکە بەو قسانە تووڕە بوو، ئاگری لەدەم دەرپەڕی وتی: من زۆرم پێ سەیرە کەمێ ئارامت نەگرت، ئەی کوا هاوڕێیەتیمان؟ کوا چاکەکانمان؟کوا محەبەت و خۆشەویستیمان؟کوا رێز و حورمەت؟.

شێرەکە دیسان هاتەوە گۆ: تازە کار لەکار ترازا، ئەوەی رێز و خۆشەویستی و برادراتیمان بوو، هیچی نەما، لەبەر ئەوەی دڵمت شکاند، تا زووە دەستکە بیورەکە و بیگرە کەللەی سەرم، دیارە ئێوەی مرۆڤ تەنها بەرژەوەندی و خۆشی خۆتان دەوێ.

مام نەریمان بەترس و لەرزەوە بەشێرەکەی وت: باوەڕ بفەرموون، جەنابتان هاوڕێیەکی خۆشەویستی منن و ژێوانم لەو رەفتارەی نواندم.

شێرەکە وتی: ئێوە مانای ئاشنایەتی نازانن چییە.

مام نەریمانیش وتی: قوربان تکات لێدەکەم بمبەخشە، هەڵەیەك بوو کردم، چیتر دووبارەی ناکەمەوە.

- نەخێر ئێوەی مرۆڤ هەقی خۆشەویستی نازانن چییەو پێتان گوناهە یەکێکی باشتر لەئێوە هەڵکەوێ.

+ جەنابی مام شێر، من دان بە گوناهی خۆم دادەنێم و دیسان داوای لێبووردن دەکەم.

شێرەکە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: تازە دڵم شکا، کە دڵیش شکا، چاکبوونەوەی نییە، بۆیە تا سێیان دەژمێرم، ئەگەر نەمکوژی، ئەوە من دەتکوژم، ئەوە یەك.

+ قوربان بۆ خاتری خوا، ئێمە هاوڕێین.

- ئەوە دوو.. زووکە بیگرە سەرم و بمکوژە، ئەوجا بڵێم.......قەسەم بە ئەحەد دەتکوژم.

مام نەریمان زانی نزا و پاڕانەوە دادی نادات، دەستی بۆ بیوردکە بردو بەرزی کردەوە، گرتییە کەللەی سەری شێرەکە و خوێن فرچکەی کرد، شێرەکە کەوتە ئەو گۆڕە، هەر وات دەزانی ئەوە ساڵێکە مردووە.

مام نەریمان زۆر خەفەتی خوارد، بێ بارەدار یاپش یاپش[1] بەرەو ماڵ گەڕایەوە و تا دەهات غەمگین دەبوو، دووچاری هێدمەی دەروونی هات، دەگەڵ کەس نەدەئاخافت و بە زۆریش نەدەهاتە گۆ، ڕۆژ بەرۆژیش باری گوزەرانی بەرەو خراپی دەچوو، وەکو جارانی لێهات و هاتەوە سەر ساجی عەلی..خێزانەکەی هانای بردە بەر مەلای گوندی و

---

[1] یاپش یاپش/ وردە وردە.

باسی ژیان و گوزەرانی خۆیـانی بـۆ کـرد بـەڵکو ڕێگەچـارەییەکی بـۆ بدۆزێتەوە تا لەو بارە ناهەموارەیان قوتارکات.

مـەلای گونـدی بـانگی مـام نـەریمانی کـرد و هێنـدێ ئایـەت و فەرمایشتە پیرۆزەکانی بۆ خوێندەوە و هانیدا بـۆ ئـەوەی دەسـتکاتەوە کارکردن تا چیتر خێزانەکەیان سەرگەردان و شپرزە نەبن.ئەویش بەڵێنی بەمەلای گوندیدا لە سبەینێوە زووتـر نییـە بـەرەو ئیـشکردن بـچێ و دەست بکاتەود بەکارەکەی خۆی.

بەیانی ڕۆژی پاشتر مـام نـەریمان وەکـو جـاری جـاران کـە لەخـەو هەستا، بەرەو کێوەکان کەوتەرێ..ڕۆیشت، ڕۆیشت..لە ڕێگـادا چـاوی بەشێرێك کەوت، شڵەژا، ویستی بگەڕێتەوە، شێرەکە هـاواری کـردێ و وتی: پیاو لەشوێنی خۆت بووەستە.

ئەویش وەستا..شێرەکە سلاوی لێکرد و مام نەریمانیش بـە سـەر و زووبانێکی لەرزۆکەوە سلاوەکەی لێ وەرگرتەوە.

شێرەکە لێی پرسی: هاااا، مام نەریمان دەڵێی نامناسنەوە؟.

+ قوربـان گیـان چـۆن جـەنابتان ناناسمـەوە، ئـەی ئێـوە هـاوڕێ خۆشەویستەکەی من نەبوون.

شێر: مام نەریمان مەترسە، من تەنها دەمەوێ دوو قسەت لەگەڵـدا بکەم،ئەرێ لەبیرتە چۆن کەوتمە سەر زەوی و خوێن لە کەللەی سـەرمدا فرچکەی کرد؟.

مام نەریمان: بەڵێ باشم لەبیرە.

- ئەها سەیری کەللەمکە برینەکەی چەند قووڵە؟سەیرکە چۆن یەکدی گرتۆتەوە، وەلێ رەفتار و قسەکانی تۆ بەکڵۆجێ دڵی شکاندووم، هەرگیزا و هەرگیز سارێژ نابێتەوە.. ئێوەی مرۆڤ خۆتان بەزل دادەنێن و هەمیشە بەرژەوەندی خۆتان دەوێ، ئاشنایەتی لای ئێوەی مرۆڤ بێ نرخە و بەهای نییە، شەرتبێ تا ماوم قسەت لەگەڵدا نەکەم، برۆ، منیش خواحافیز.

ژێدەر و سەرنج:

*عەرەب پەندێکی هەیە دەڵێ (ابخر من فم الاسد) واتە پیستر لەبۆنی دەمی شێر.

*دەڵێن: عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان کە یەکێکە لە خەلیفەکانی ئەمەوی لە ماڵەوە دانیشتبوو، سێڤەکی خستە دەمی، پارچەییەکی خوارد و ئەوی کە مابۆوە بۆ خێزانی خۆی کە دەکاتەدایکی(وەلیدو هیشام) کە ئەمانەش هەر خەلیفەبوون هاوێشت، خێزانەکەی فڕێیدا و قێزی لێکردەوە، خەلیفە عەبدولمەلیك وتی: بۆ فڕێتدا؟.

گوتی: بۆنی دەمت پیس و ناخۆشە، ئازار لەخۆم دوور دەخەمەوە.

خەلیفەش وتی: دەی کە مادام وایە، ئەوە منیش تۆم تەلاقدا.

پیاوانە بدوێ

جەنابی مامۆستا مەلا ئیسماعیل گوێری، مەلایەکی باش و قسەخۆش و ڕەوان بوو، لەهەمان کاتیشدا شاعیرێکی چاک بوو، بە کوردی و عەرەبی شیعری جوان و ناسکی هەن، بەکوردی نازناوی خەمبار و بە عەرەبیش نازناوی حەزین بوو.

ڕۆژێکییان لە شەقامی ڕەشید لە بەغدایێ نزیک هۆتێلی ئەربیل، بەعەرەبی بەدوکاندارێك دەڵێ: (بەڵلا ئینتینی پاکەت و شخاتە).

کابراش توومەز زڕکوردی خۆمان بووە، وتی: (مامۆستا پیاوانە قسە بکە).

جەنابی مامۆستاش یەکسەر وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ: ببوورە نەمزانی پیاوی (یانی نەمزانی کوردی).

سڵاو بۆ ڕۆحی ئەم مرۆڤە مەزنە، بۆ ئەم کوردە، بۆ ئەم باوکە، بۆ ئەم مامۆستایە.

* * *

نوێژی بەیانیان

دەگێڕنەوە دەڵێن: لەناو مەلایەکانی هەولێرێ بووە مقۆ مقۆ و مشت و مڕ گوایە لە مەخمووری، مەلایەك فتوای بۆ یەکێك دەرکردووە نوێژی بەیانییان نەکات.

مەلایــەکانی هــەولێر لــەنێو خۆیــان کۆبوونــەوە و بڕیاریانــدا بــە نوێنەرێتی مەلاکانی هەولێر، چەند مەلایەکی بنێرنە لای تا بزانن چۆن ئــەو فتوایيــەی دەرکــردووە ولەســەر چ بنــەما و مەزهــەبێك ئەمــەی کردووە؟.

مەلاکان چوونە مەحموور و لەگەڵ ئەو مەلایە دانیشتن، پێیــان وت: ئایا ئــەو قــسەیە راســتە کــە لای خــەڵکی بلاْوبۆتەوە،گوایــە فتــوات دەرکردووە؟.

وتی: بەڵێ.

وتیان: چۆن؟.

مەلاکەش بەیەك لە فەقێکانی وت: ئادەی کوڕی خۆم هــەر ئێــستا حەمەم بۆ بانگ بکە بێتە ئێرە.

فەقێیەکە ڕۆیشت و ئەوەندەی پێنەچوو کاکە حەمە هاتــە خزمــەت مامۆستایان و مامۆستاکەی مەحموور وتی: کاکینە، ئەوە ناوی کاکــە حەمەیە، نوێژ ناکات، دەڵێ تاقــەتی نوێــژی ســبەینانم نییــە و نــاتوانم لەخەو رابم، منیش ئامۆژگارییم کرد کە نوێــژکردن فــەرزە و پێویــستە نوێژ بکەی، ئەویش وتی: باشە نوێــژ دەکــەم بــەلاّم بەمــەرجێ نوێــژی بەیانییان کە لەخەو هەســتام، بەقــەزا بیگێڕمــەوە.. منــیش پێمــوت: باشە، قەی ناکا، مەلاینە من ئەوە چوار فــەرزی نوێــژی پێدەکــەم، دە ئێوەش بەهەمووتان ئازابن ئەو یەك نوێژەی پێبکەن.

مەلایەکان هەر هەموویان هاتنە پێکەنین و بە زیرەکی ئەو مەلایە سەرسام بوون.

* * *

گەردەنم ئازادکەن

فەڕاشێك هەبوو، لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ناو شار، زۆر گێل و کالفام و سست و خاو و تەمبەڵ و تەوەزەڵ بوو، یەك ئیشی نەدەکرد بڵێی ئۆخەی، لەبەر کەم ئەقڵی ببووە بنێشتە خۆشەی سەرزاری مامۆستایان و گاڵتەیان پێدەکرد..مانگی ڕەمەزان هات، مامۆستایان بانگییان کرد و داوای لێبووردن و گەردەن ئازادیان لێیکرد. ئەویش وتی: یاخوا گەردنتان ئازادبێ، بەڵام بەمەرجێك ئێوەش گەردەنی من ئازادکەن.

مامۆستاکان تێکڕا وتییان: کاکە گەردەنت خۆش و ئازادبێ، بەڵام بۆ وادەڵێی؟.

ئەویش بەپێکەنینەوە وتی: مادام وایە، منیش چیتر میزی لە چایەی ناکەم

* * *

بووکی تازە

دەگێڕنەوە، ئۆبالێش بە ئەسکورتی ئەو کەسەی بۆی گێڕامەوە، دەڵێن: کوڕێك تازە ژنی هێنابوو، ئێوارەی عەسرانێك، بووکەکە دەگەڵ

خەزووری دانیشتبوو، چای تێدەکرد، لەپڕ بایەکی لێبەردەبێ، بووکەکە ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و شەرم دایدەگرێ. خەزووریشی بۆ دڵدانەوە و شەرم شکاندنی، بە بووکەی دەڵێت: کیژی خۆم، خەفەت مەخۆ، ئەوە نیشانەی ئەوەیە نۆبەرەت کوڕ دەبێ.

هێندەی پێ نەچوو، بووکەکە هەڵیدایێ و وتی: مامە تڕێکی دیکە بکەم؟.

خەزووریشی بە پێکەنینەوە وتی: کیژێ، دەجارێ لێگەڕێ با ئەو کوڕە گەورەکەین، بۆ ئەو کاتیش خوا کەریمە.

* * *

بەڕێز و حورمەت

لە شاری هەولێرێ، لە ناوچەی کەندێناوە سێ گوند هەنە پێیان دەوترێ (زمارە)، زمارەی عەبلاو، زمارەی سابیر، زمارەی مەرجان.

لە زمارەی مەرجاندا پیاوێك هەبوو ناوی حاجی خورشید بوو، چەندی بڵێی مرۆییەکی قسەخۆش بوو، مەشرەفخۆش، دەوڵەمەندیش بوو، دە کوڕی هەبوون، هەر هەموویان کوڕی باش و خاس هەمیشە دەم بەخەندە بوون.

شەوێکییان هەر هەموویان بانگ دەکا و پێیان دەڵێ: کوڕی خۆم لەخۆبایی مەبن و خۆتان بەزل مەزانن بڵێن ئێمە کوڕی حاجی خورشیدی زمارەینە و دەوڵەمەندین، دەبراین و دەبێ خەڵك ڕێزمان

بگرێ، ئەگەر چوونە جێگایەك، حورمەتییان گرتن و رێزییان لێنان، بەو رێزلێنانە لەخۆتان دەرنەچن، ئەوانە خەڵکی بەرێزن بۆیە رێزتان لێدەگرن، ئەگەر لەجێگاییەك رێزییان لێ نەگرتن، قەڵس مەبن، نیگەران مەبن و خەفەت مەخۆن، ئەوە مانای ئەوە نییە ئێوە بێ رێزن، ئەوان بێڕێزن، ئێوە هەمیشە بەڕێزن.

ئا ئەمەیە فەلسەفەی کوردەواری، بۆیە دەڵێم: سڵاو بۆ گیانی ئەم کەڵەمێردە.

* * *

پیاوی عەمەلکار

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێك هەبوو ناوی حەمید بوو، ئەو حەمیدە لە ژیانی خۆیدا داری لەسەر بەردێك دانەنابوو، بێ ئیش و عەمەل، تەنها دەگەڕا و دەسووڕایەوە.

رۆژێکییان لە چایخانە دانیشتبوو، کیلۆیەك تەماتە و دە نانی لەبەردەمی خۆی دانابوو، خەریکی خواردنی بوو، کابرایەك بەلای تێپەڕی و وتی:

کاك حەمید خێرە ئەو هەموو تەماتە و نانەت لە پێشە.

ئەویش وتی:

کاکە دەیخۆم، ئەمە بۆ پیاوی عەمەلکار چی یە؟.

* * *

دەگێڕنەوە

دەگێڕنەوە دەڵێن:

لەو هەولێرەی خۆمان، قازییەك هەبوو، پیاوێکی خواپەرست و قسەخۆش و نوکتەباز بوو، زۆریش حەزی لەدادپەروەری بوو، خەڵکی هەولێر خۆشییان دەویست، ئێواران خەڵکی شار سەردانییان دەکردو گوێیان لە وتارەکانی دەگرت.

رۆژێکیان جەنابی قازی وەعزی دەدا، هاتە سەر ئەوەی، کە عارەق حەرامە و خوای گەورە نەهی لێکردووە، ئەو سەلیم قاقایەش چووبووە ماڵی خوا، ببووە حاجی و تۆبەییەکی نەسووحی کردبوو، ئەو رۆژە لەدواوەی خەڵکەکە دانیشتبوو، گوێی لەو قسانە دەگرت.

خەڵکەکە هەر کە گوێیان لە وشەی عارەق بوو، هەموویان پێکرا ئاوڕییان لە حاجی سەلیم قاقا دایەوە..ئەویش وتی: هەی هەینە، ئێوەش هەر هەمووتان عارەقتان خواردۆتەوە و لەگەڵ مندا نۆشتان کردووە.

خەڵکەکە بەجارێ دایانە قاقای پێکەنین و جەنابی قازیش رووی کردە حاجی سەلیم و وتی:

ئەی رووت رەشبێ لەگەڵ ئەو درۆییەی کردت، لێیگەڕێن، وازی لێبێنن، ئەو بێ عەقڵە قسەی خۆی هەر دەکا.

* * *

نیوەی بکە و نیوەی مەکە

دەڵێن ژن و مێردێك مشت و مڕییان بوو، ژنە داوای تەڵاقی لە پیاوەکەی دەکرد، کەس و کارییان زۆر هەوڵییاندا ئاشتییان بکەنەوە، بەڵام ئەوەی دەکرا بێهودە بوو، بەناچاری روویان لە دادگا کرد و چوونە لای قازییەفەندی و کێشەکەیان خستە بەردەمی.

قازیش وەکو تەماشای کرد پیاوەکە هیچ عەیبی نییە، بە ژنەکەی وت: کچی خۆم بۆ داوای تەڵاق دەکەی؟.

ژنەکە وتی: جەنابی قازی ئاخر لەماڵەوە هەموو شتەك هەر منم.

قازییەفەندی وتی: یەعنی چۆن؟.

ژنەکە وتی: قوربان من جل و مل دەشۆم، شیو میو لێدەنێنم، قاپ و ماپ دەشۆم، گێسك و مێسك لێدەدەم، هەر ئەمن، هەر ئەمن، خواش قبوول ناکا ئەوهام لێبکرێ.

قازییەفەندی وتی: کچی خۆم ئەگەر ئیشەکانت بۆ بکەمە نیوە، رازی دەبی؟.

وتی: بەڵێ.

قازیش وتی: دەوەرە سوێند بخۆ بڵێ بەو قورئانەی رازی دەبم؟.

ژنەکە سوێندی خوارد و قازیش وتی: جل بشۆ، مل مەشۆ، شیو لێنێ، میو لێمەنێ، گێسك لێدە، مێسك لێمەدە.

ئا بەم جۆرە و بە حیکمەتی جەنابی قازی یە فەندی(رەشاد موفتی) پێکهاتنەوە و خەڵکی ئەوێش دایانە قاقای پێکەنین و ژن و مێردەکەش ئاشت بوونەوە و بە جووتە چوونەوە ماڵی خۆیان.

* * *

قەرز وەرگرتن

ئیسماعیل بەرزنجی شاعیر هەزار دینار لە خوالێخۆشبوو شێخ ئەنوەری باوکی(یادی بەخێر) وەردەگرێ و بەڵێنی پێدەدات بۆی بگەڕێنێتەوە..پاش چەند مانگێ ئەوجا پێنج سەد دیناری بۆ دەگەڕێنێتەوە، دواتر دووسەد دینار لە باوکی وەردەگرێ و سەد دیناری دەداتەوە و جارێکی دی سەد دیناری لێوەردەگرێ و پەنجا دیناری دەداتەوە، تومەز کوڕە مەبەستی بوو حیسابەکە لە باوکی بشێوێنێ.

کاتێك باوکی بەمەی زانی، بە هەڵپەییەکەوە پێیدەڵێ: کوڕی خۆم، پارەی خۆت بۆ خۆت و پارەی خۆم بۆ خۆم، بەس وازم لێبێنە.

دەقەتێ

مام عومەرە رەش هەبوو، خەڵکی گوندی تەلەلخێمی گەورە بوو، تا بڵێی پیاوێکی باش و قسەخۆش بوو، لە رۆیشتندا خۆشڕۆ بوو، هەموو گوندەکانی بەپێ دەکوتاوە، لێیان دەپرسی: مام عومەر بەینی تەلەلخێمی گەورە و گچکە چەندە؟.

ئەویش دەیوت: هێندەی(قل هو الله)یە و بەینی زەمارە و تەلـەلخێم هێندەی(لا اله الا الله)یە.

خۆ ئەگەر چاك و چۆنییان دەگەڵ بکردبایە، دەیـوت: دەقـەتیٚ(ئـەو دەقەتیٚ یە ببووە بنێشتە خۆشەی سەر زاران).

رۆژێکییان مامۆستا پێی دەڵیٚ: مام عومەر چۆنی؟.

ئەویش دەڵیٚ: دەقەتیٚ مامۆستا.

مامۆستاش پێی دەڵیٚ: مام عومەر دە جارێك بڵیٚ یازدەقەتیٚ، خـۆ کوفر نابیٚ.

* * *

شێخی درۆزن

دەڵێن لە یەکێك لە گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتی، پیاوێـك خـۆی کردبووە شێخ..خەڵکەکەش بـە یاشـێخ، یـا شـێخ بانگییـان دەکـرد و لەگوندەکە زۆریان رێز لێی دەگـرت، شـێخیش پـێش نوێـژ و دوعـا و نوشتەی بۆ خەڵکەکە دەکرد.

رۆژێکییان لەناو نوێژدا قیژاندی و هاواری کرد: چەغە چەغە، سەی پیس و ئاوەگڵ، نوێژ بەتاڵ بوو.

خەڵکەکە سەلامییان دایەوە و وتییان: یا شێخ ئەوە چی بوو؟.

شێخ وتی: براینە ئەوە سەگێکی پیس و ئاوەگڵ دەیویست بچێتە کەعبەی شەریف، منیش خۆم بۆ نەگیرا، لێرەڕا هاوارم لێکرد و رامپەڕاند.

ئەو دەنگۆیە بڵاوبۆوە، خەڵکی سوێندییان بەسەری شێخ و جوبەی شێخ و کەشیدەکەی شێخ دەخوارد.

ڕۆژێکییان لە ماڵێك دەعوەت دەکرێ و بەخۆی و خەڵکانێکی زۆر، سفرە و خوان راخرا و بەپلاو برنج و شلە و گۆشت رازایەوە، ئیحتیرامەن بۆ جەنابی شێخ، گۆشتێکی زۆر لەبن پلاو برنجەکەی دادەنێن بۆ ئەوەی نەزانرێ شێخ چەندی خواردووە..نەخێر، شێخ زۆر قەڵس بوو، تەماشای کرد ئەو هەمووە گۆشتە لەپێش خەڵکی داندراوە، هی ئەویش چش.

تووڕەبوو، یەك دوو کەوچکی لێدا و دەستی هەڵگرت.

خانەخوێش پاڕاییەوە و سوێندی خوارد تا شێخ دەست هەڵنەگرێ، وەلێ شێخ خۆی بۆ نەگیرا و تووڕەییەکەی خۆی ئاشکرا کرد، وتی: توخوا ئەمە ڕەوای هەقە ئەم هەموو گۆشتە لەپێش خەڵکە و کەچی هی منیش چش؟.

کابرای خانەخوێ وتی: قوربان، یا شێخ، جەنابتان سەگی ئاوەگڵ لە کەعبەی پیرۆز دەبینن، بەڵام ئەو هەمووە گۆشتەی بن برنجەکەی پێش خۆتان نابینن.

ئا بەم جۆرە ناشێخی ئەو کابرایە ئاشکرا بوو، بەناچاری گوندەکەی جێ هێشت.

* * *

فێڵی هەولێرییان

پیاوێکی گوندەکانی لای خۆمان هاتبووە هەولێرێ بۆ ئەوەی کەرەکەی خۆی بفرۆشێ و بەیەکێ باشتری بدات، یان سەودای پێبکا.. دوو کوڕە هەولێری قۆشمەچی و فێڵ باز لەرێگادا چاویان پێدەکەوێ، یەکیکیان دەڵێ: من خۆم دەکەمە کەرەکە و تۆش هەر زوو بڕۆ لەمەیدان بیفرۆشە، ئیدی پارەکەی بۆ خۆمان بەیەکەوە دابەشیدەکەین..ئەویتریان دەڵێ:باشە من رازیم.. پیلانێك دادەرێژن بۆ ئەوەی فریوی پیاوەکە بدەن، یەکێکیان بەئەسپایی قەراسەکە لەمل کەرەکە دەکاتەوەو لەملی خۆی گیر دەکا، ئەویتریان سواری کەرەکە دەبێ و بەرەو بازاڕی کەرفرۆشان دەڕوا، تا لەچاوان ون دەبێ، هەڵوەستەیەك دەکا و چۆك دەدا، کابرای لای خۆمان قەڕاسەکە دەجوولێنێ و هەچەی لێدەکا، نەخێر جوولەی نییە، کە ئاوڕ دەداتەوە تەماشا ددکا ئەوە قەراسەکە لەملی پیاوێکە، دەحەپەسێ و دۆش دادەمێنێ، لەسەرخۆ دەڵێ: کاکە، کوا کەرەکەم؟ ئەویش دەگریێ و دەپاڕێتەوە دەڵێ: خوایە زۆر سوپاس منت رزگارکرد، کابرا دەڵێ: کاکە مەسەلە چییە؟ ئەویش دەڵێ: من کەرەکەی تۆ بووم، خوای

گەورە منی کردە کەر، چونکە زۆر ئازاری دایکم دەدا، دایکیشم لەخوای گەورە پاڕایەوە بۆئەوەی بچمە شێوەی کەر، دوعا و نزاکەی قبووڵ بوو، لێ منیش زۆر لەخوا پاڕامەوە و لەدڵی خۆما تۆبەییەکی نەسوحم کرد ئەگەر بگەڕێمەوە سەر دۆخی جاران و ببمەوە ئادەمیزاد، هەتا ماوم نابێ دڵی دایکم بشکێنم و گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیبم، خۆ بەچاوی خۆت وادەبینی بوومەوە مرۆڤەکەی جاران.

کابرای لای خۆمان هێندە لاژە و لاژگ[٢] بوو، وتی:کاکە گەردنم ئازادکە، داوای لێبوردن دەکەم لەوانەیە زۆرم ئازار دابیت، بەڵام توخوا جارێکی دی لەقسەی دایکت دەرنەچی؟.

کابرای هەولێریش وتی: کاکی خۆم تۆببە، هەزار جار تۆببە جارەکی دی چۆن ئەو نامەقوولییە دەکەم.

خوداحافیزییان لەیەکتر کرد، ئەوەی کەرەکەی بردبوو بۆ فرۆشتن، فرۆشتی و هاتەوە لای هاوڕێیەکەی، پێکەوە پارەکەیان لەبەینی خۆیان بەش کرد.. بۆ بەیانییەکەی کابرای لای خۆمان چووە مەیدانی ئاژەڵان، بۆ ئەوەی لەنۆژەندا کەرێك بکڕێ، تەماشای کرد ئەوە کەرەکەی سەوداو هەڕاجی پێدەکرێ، قەڵس بوو، خەمی خوارد، چووە بن گوێی کەرەکە و پێی وت: برام ئەدی ئەمن نەمگووت جارێکی دیکە ئازاری دایکت نەدەی و لەقسەکانی دەرنەچی؟.

* * *

---

[٢] - لاژە/ساویلکە = لاژگ/ دەبەنگ.

دوو برا

تەڵـــەلخێمی گـــەورە لەگونـــدە گـــەورە و بەپیتـــەکانی ناوچـــەی کەندیناوەیە، کاتی خۆی هەر سەد ماڵێك دەبوون.. دوو برا لەو گونـدە هەبوون، ناکۆك و ناتەبا، هەمیشە مشت و مڕیان بوو.. جارێکیان بـرا گەورەکەی لە پێش دیوەخانی گوندی لەگەڵ بـرا بـچووکەکەی کردییـە شەڕ، هێندەی کوتایـە بـرا بـچووکەکەی تـا شـەکەت و کـەیل بـوو، خەڵکی ئاوایی بەهانای برا بچووکەکەوە چـوون و بـەزۆر لـە چـنگییان دەرێنا..برا بچووکەکە تێیتەقاند، بەرەو ماڵەوە رایکردو وتـی: ئێـستا دایکت ئەوها و ئەوها لێدەکەم.

خەڵکەکە بەبرا گەورەکەیان وت: کاکە وەرە خۆت حەشاردە، نەوەکو براکەت لەسەرە زەبرێکت لێبدا.. برا گەورەکەش وتی: حەددی چییە، چما پارچە پارچەی ناکەم؟.

ئەوان لەو قـسانەدابوون، بـرا بـچووکەکەی لـەدەروازەی حەوشـەوە سەری هێنایە دەر، خەنجـەرێکی بەدەسـتەوە بـوو، لـەدوورەوە بـەرزی کردەوە و وتی: ئەوها دایکت...........

سەری بردەوە ژوورەوە و خەڵکەکە کردییانە پێکەنین و وتیـان: وەی تەتاو، چما ئەوهایە؟.

*　　*　　*

شلۆقی کەنتۆر

ئافرەتێ کانتۆرێکی لای دارتاش دروستکردبوو، پاش تێپەڕبوونی چەند رۆژێك بەسەر دروستکردنیدا، ئافرەتەکە دەچتەوە لای دارتاشەکە و پێیدەڵێ:کاکە ئەو کانتۆرەی لەلاتم بەڕاداندا، کانتۆرەکە زۆر شلۆقە و دەنگی لێوەدێ، بەتایبەتیش ئەو کاتەی کە شەمەندەفەرەکە بەم دەوروبەرە تێدەپەڕێ، سەرم سوڕماوە، نازانم ئەو تەقە تەقە هی چییە، بۆیە حەزدەکەم چاوێکی بدەیتێ بزانی چییەتی و بەڵکو بۆمی چاك بکەیەوە.

دارتاشەکەش پێیوت: خوشکێ ئێستا بڕۆ، خۆم کاتێ دوکان دادەخەم،لەسەر رێی خۆما دێمە ماڵتان، ئێ ئێوارەشە ئەو کاتەی شەمەندەفەرەکە رێدەکا و دەگاتە ئێرە،ئەو کاتە سەیرێکی دەکەم.

ئێوارە کابرای دارتاش کە دووکانەکەی داخست، پێش گەڕانەوەی بۆ ماڵ، چووە ماڵی ئافرەتەکە و سەیری کەنتۆرەکەی کرد بێ خەوشە[٣]، بە ئافرەتەکەی وت: خوشکێ ئەو کانتۆرە هیچ کەم و کوڕی نییە..ئافرەتەکە دەڵێ: ئەها ئەوە شەمەندەفەرەکە وا گەیشت، دەبڕۆ خۆت بخەرە ناوییەوە بزانە دەنگەکە لەکوێوە دێت؟.

دارتاشەکە چووە ناو کانتۆرەکە، مێردی ئافرەتەکە هاتەوە، بۆ خۆ گۆڕین، دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوە تەماشای کرد ئەوە پیاوێك خۆی

---

[٣] - خەوش/ عەیب.

لەناوی مەلاس داوە..دارتاشەکە بەهەڵپەیەکەوە سەیری مێردی ئافرەتەکەی کرد و وتی: برام توخوا ئێستا هەزار سوێند بخۆم باوەڕ دەکەی من لێرەدا بۆ شەمەندەفەر وەستاوم وچاوەڕوانی شەمەندەفەرم؟!.

※ ※ ※

ئاڵچاغ

باوکم گێڕایەوە، وتی: ڕۆژێکیان لەگەڵ خزمێکما سەردانی خوالێخۆشبوو مەلا ساڵحی کۆزەپانکەمان کرد، خزمەکەمان کەوا و سەڵتەیەکی جوان و ڕێك و پێکی پۆشیبوو، جەنابی مامۆستا فەرمووی: مەلا ئیسماعیل بەخێربێی..منیش وتم: خۆشبی..مامۆستا وتی:ئەو کابرایە لەگەڵ جەنابتان هاتووە؟. وتم: بەڵێ..وتی: مەلا بەخێربێی؟. بەخێرهاتنی خزمەکەمانی کرد، خزمەکەمان وتی: قوربان من مەلا نیم.. وتی: حاجی بەخێر بێی؟ وتی: حاجی نیمە و نەچووومەتە حەج..ئەوجارەیان وتی: سۆفی بەخێر بێی؟ وتی: قوربان سۆفیش نیم.. مەلا ساڵح تووڕە بوو، وتی: هەی ئاڵچاغ، ئەدی ئەگەر مەلا نەبی و حاجی نەبی و سۆفی نەبی، ئەی بۆچی ئەو کەوا و سەڵتەیەت لەبەر کردووە؟.

※ ※ ※

شێخ مەحشی

بەهەشـــتی(مـــەلا ئەبوبـــەکری دووگردکـــان)مەلایـــەکی زانـــا و تێگەیشتووبوو، لەگەڵ چەند مـــەلا و شـــێخ و ئاغـــا و پیـــاو مـــاقووڵێ بانگهێشتی نانی نیوەڕۆ دەکرێ، لەوێ باس و خواس دێتە سەر ئـــەوەی ئایا جەنابی مەلا ئەبووبەکر کێی خۆشدەوێ؟.

یەك دەیوت:منی خۆش دەوێ.. یەکێکی دی دەیوت: نـــەخێر مـــنی خۆش دەوێ..ئا بەم جۆرە چەندین مەلا و شێخ و ئاغا وتیـــان: جـــەنابی مامۆستا منی خۆش دەوێ.. ئەویش لەسەرخۆ وتی: مـــن تـــەنها یـــەك شێخم خۆش دەوێ..شێخەکان بەو قسەیە زۆردڵخۆش بوون، وتیـــان جـــا ئەو کەسە لەئێمە کامەمانە؟.بـــەدەم زەردەخەنەیـــەکی گەشـــەوە وتـــی: هەتا نان دانەندرێ نـــایڵێم.. کـــە خوانیـــان بەگۆشـــت و دۆڵمـــە و شـــێخ مەحشی و پلاوبرنج رازاندەوە.. شێخەکان وتیان: مامۆستا دەی ئێستا پێمان بڵێ کام لە ئێمەت خـــۆش دەوێ؟.مامۆســـتاش بـــە پێکەنینـــەوە دەستی بۆ خواردنەکەی بەردەمی درێژ کرد و وتی: شێخ مەحشی.

* * *

مەتەڵانێ

لەدیوەخان، هەرکەسێ مەتەڵێکی هەڵدەدا، یەکێك وتی: مەتـــەڵێك دەڵێم بزانم کێ هەڵیدێنێ؟.. وتیـــان: جـــا ئـــەو مەتەڵـــە چـــییە؟.وتـــی: مەتەڵەکەم ئەوەیـــە، ئـــەو شـــتە چـــییە دەخورێ،بـــە پـــەیتی و بەشلی،

ساوەرە بیزانە گەر ئاقلی..ئەو خەڵکەی ئەوێ چەندی خۆیان هێنا و برد، کەس مەتەڵەکەی هەڵنەیەنا..ئا لەم کاتەدا مام شینە بەژوور کەوت و دوااى سەلام و کەلام، لەجێوە دانیشت: مەتەڵوان هاتنی ئەوەی بەدەرفەت زانی و وتی: کاکی خۆم وا بەخۆم دەڵێم ساوەرە، یانی ساوەرە، ئێستا مەتەڵێکی دیکەتان لێدەپرسم، باشە ئەی ئەمە چییە سەری سپییە و ناوی شینە؟. خەڵکەکە بیریان دەهێنا و بیریان دەبرد، نەیانتوانی ئەو مەتەڵەش هەڵبێنن، کە زانی کەس مەتەڵەکە نازانێ چییە، وتی: کاکە وەڵامی ئەو مەتەڵەم مام شینەیە، ئەدی هەر ئێستا نەهاتە ژوورەوە؟چەفیەی سپی لەسەر ناوە!.

* * *

ئەوەتا شەیتان

بەهەشتی مامۆستا(شێخ مەسعود شێخ عەبدولقادر)یادی بەخێر، بۆ خۆی گێڕاییەوە، وتی: لەحەج شەیتانمان ڕەجم دەکرد و خەڵکەکە بەگوڕ و تینەوە شەیتانیان بەردباران دەکرد، منیش هەر بۆ گاڵتە وتم:برانینە سەبر سەبر، ئاخر شەیتانی فەقیر چی کردییە ئەوهای لێدەکەن؟ هەر ئەوەندەم گووت، ئیدی کاکی خۆم خەڵکەکە دەستییان بۆ درێژکردم و تێکڕا هاواریان کرد: ئەوەتە شەیتانی بەڕاستی، ئەوەتە شەیتان، نەهێڵن قوتاریبێ.

ئەو خەڵکە کەوتنە دوام، منیش بەڕاکە راك لێرە بۆ ئەوێ، هەر چۆنێبێ خۆم گەیاندە نێو ئاپۆرای حاجییان و خۆم حەشاردا، هەر خوا کردی لەمرد رزگارم بوو، من هەروام بەخەیاڵ داهات ئەمانە هەموویان دەمناسن و خەڵکی لای خۆمانن.

* * *

لەبەهارێوە

مام حەوێز پیاوێکی دونیا دیتە و قسە خۆش و مەشرەبخۆش بوو، بەخۆی گێڕایەوە، وتی:

خزمێکم بۆ داران دەچوو، یاپش یاپش بەرەو چیا هەڵدەزنا، منیش لەدواوەی ڕێمدەکرد، لەپڕ بابیەکی لێ بەربوو، خزمەکەم وتی: بەهارە..هێندەی پێنەچوو، باییەکی تری لێبەربوو، وتی:

هاوینە، وەلحاسڵ پایز و زستانیشی بەرێ کرد، کاتێ ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، منی بینی، وتی: کوڕە حەوێز ئەوە لەکەیەوە بەدوامەوەی؟

منیش بە پێکەنینەوە وتم: مام لە بەهارێوە.

* * *

لەخەومابووم

مامۆستا سامی گێڕایەوە وتی: لەپۆل دەرسم دەگوتەوە،لەناکاو لەدەرگای پۆل درا، تەماشام کرد ئەوە دوو قوتابی لەدەوام

دواکەوتوون، منیش بەیەکیانم وت: کورڕم بۆ تاخیر بووی؟ ئەویش بەترس و لەرزەوە وەلاّمیدامەوە:مامۆستا، بەخوای لەخەودا مابووم، لەخەوما بەشەمەندەفەر دەچوومە بەغدایێ.

که رووم کرده قوتابییەکەی دیکه و لەویشم پرسی: ئەی تۆ بۆ دواکەوتی؟ ئەویش بەپێکەنینەوە وتی: بەخوای مامۆستا منیش هەر که زانیم دەچتە بەغدایێ، چونکه برادەرمە، چووم بەرێیکەم؟.

* * *

قازی و کوڕی پاشا

لەسەر داوای پادشا، قازی دەرسی بەکوڕی پادشا دەوتەوە، رۆژێکییان قازی بەبێ هیچ تاوانێ، هەتا زلله هەبوو گرتییه کۆڵمی شازاده.

شازاده دۆشداما و زۆری خەفەت خوارد، لەدڵی خۆیدا وتی: گەر تەمەن درێژبێت، بەڵێنبێ تۆڵەی ئەو زللەت لێبکەمەوە و بەپەندت ببەم، دەردت لەگیانم.

پادشا دوای چەند ساڵێ کۆچی دوایی کرد و شازادەی کوڕی جێی گرتەوە و بووە پادشا و رۆژێکیان ئەو زللەی قازی بەبیر هاتەوە، فەرمانیدا هەر ئەوکاتە قازییەفەندی بۆ بانگ بکەن..قازی هات، پادشا پێیوت: لە بیرتە کاتی خۆی بەبێ گوناه زللەیەکی بەهێزت لێدام،ئێستا بۆ کوێ دەچی، من ئیمرۆ تۆڵەی خۆمت لێدەکەمەوە.

قازیش وتی: خاوەنشکۆ من بەخۆڕایی زوڵلەم لەتۆ نەداوە، من ئەوەم بۆ ئەمە بوو کاتێك بووی بە پادشا، چێژی زوڵم و ستەم بچێژی تا بزانی زوڵم و غەدرکردن لەخەڵکی چەند ناخۆشە، من ئەمەم کرد تەنها بۆ ئەوەم بوو ئەگەر یەکێك زوڵمی لێکرا، تۆ بەهانایەوە بچی، چونکە تۆ پادشای وڵاتی، وڵات بەدادوەرییەوە جوانە.

پادشا ستایشی کرد و وتی: ئافەرین بەڕاستی ئەوەی تۆ کردت دەرسێك بوو، هەرگیز لەیادی ناکەم.

* * *

مامۆستا مەلا عوسمان کوڕی مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی

ئەو کاتەی لە ئامادەیی هەولێر قوتابی بووم، جەنابی خوالێخۆش بوو مامۆستا مەلا عوسمان کوڕی مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی وانەی عارەبی و ئایینی پێدەوتین، ڕۆژێکیان دەرسی ئایینمان هەبوو، مامۆستا فەرمووی کتێبەکانتان دەربێنن و لەپێش خۆتان لەسەر ڕەحلەی دانێن، هەموو قوتابییەکان کتێبەکانیان لەپێش دەمی خۆیان دانا، تەنها یەك قوتابی نەبێت، مامۆستا فەرمووی: کوا کتێبەکەت؟.

قوتابییەکە هەستایە سەرپێ و وتی: مامۆستا لەبیرم چوو بیهێنم.

ئەویش تەماشام کرد ئەوە کتێبەکەی لەژێرخۆی داناوە، بەهەڵپەییەکەوە پێیوت: ئەی ئەوە کتێبەکەت نییە، ئەوە بۆچی لەژێر خۆت داناوە؟.

قوتابییەکە وتی: مامۆستاگیان ئاخر رەحلەکە زۆر رەقە، لەبەر هێندێ لەژێر خۆم داناوە.

مامۆستا مەلا عوسمانی خوالێخۆشبوو زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ دەستی بۆ هینەکەی خۆی درێژکرد و وتی: باشە بۆ دەنگت نەکرد؟ وات بووتایە، ئەمە نەرمتر بوو بۆم دادەنای.

قوتابییان تێکرا دایانە قاقای پێکەنین و مامۆستاش وتی: توخوا کورینە هەقمە یان نا؟.

* * *

بەس پارەی من مەخۆ

برادەرێکم سوێندی خوارد، گێرایەوە وتی: رۆژێکیان زۆر نەخۆش بووم، بەپەلە خۆم گەیاندە لای دکتۆر و دکتۆرەیش پشکنینێکی باشی بۆکردم، وتی: کاکە ئەوە هیچ نییە تەنها سەرمات بووە،یەك دوو حەبت بۆ دەنووسم ئیشەڵلا چاك دەبیەوە.

منیش وتم: دکتۆر زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم، ئەی چی بخۆم و چی نەخۆم؟.

دکتۆرەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی: برام هەرچییەك دەخۆی بخۆ، بەس پارەی من مەخۆ.

* * *

قەپاغ سیفۆن

مام شێرزاد خەڵکی لای پردیّ یە، گوتی: ڕۆژێکییان لەدیوەخان باس و خواس لەسەر ئەوە بوو گوایە لە بەغدا دزی ناقۆڵا هەیە کل لەچاوان دەدزن، ئاگات لەخۆت نەبیّ پارە و پوولت لەگیرفانیّ، هەموویت لەگیرفان دەردێنن بیّ ئەوەی هەستی پێبکەی.

یەکیّ لە ئامادەبووان وتی: براینە شتی وا چۆن دەبیّ؟ باشە پارە لەگیرفانی خۆمە چۆن دەتوانن دزیم لێبکەن؟.

مام شێرزاد گوتی: ئەو پیاوە ڕاست دەکا، من ڕۆژێکیان چوومە بەغدایێ، دوو گۆرەویم هێنا هەر یەکیّ هەندیّ قەپاغی سیفۆنم (خواردنەوەیەك بوو ئەوسا دەخورایەوە) تیّ کرد و هەر یەکەیانم خستە گیرفانێکمەوە، شەقامەکانی بەغدا گەڕام،زۆر گەڕام تا شەکەت و کەیل بووم.. بۆ حەوانەوە لامدایە چایخانەییەك و لێی دانیشتم، ئاو و چاییم خواردەوە، پیاوێکی ڕەشتاڵە بەرامبەرم دانیشت، وتم: بەخوای خەڵکی لای خۆمان زۆر سەیرن، دەڵێن بەغدا دزی ناقۆڵا و گەورەی تیاییە کەچی من هیچم نەدی، ئەوەتە هەردوو گیرفانم پڕە لەپارە و کەسیش لێم نادزیّ، باوەڕ دەکەن من کە ئەو قسەیەم کرد، کابرای ڕەشتاڵە لەلای خۆییەوە وتی: وەڵڵاهی برام ڕاست ناکەی، من دوو سیّ جار گۆریەکەتم دەرهێنا، هەر قەپاغی سیفۆن دەرچوو، بۆیە بەناچاری لەشوێنی خۆم دامدەنایەوە.

* * *

موسڵمان بوونی ماڵە فەلەیەك

دەڵێن کاتی خۆی ماڵە فەلەیەك(مەسیحی) لە گەلاڵە هەبوون، بەهەولێ و تەقەلاێ مەلا و خەڵکی ئاوایی، هەر هەموویان بوونە موسڵمان، بەو بۆنەوە گۆڤەندێکی خۆشیان گێڕا، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریش، بگرە(مێرگە، وەلزێ،قەسرێ،ماکۆسان،دیلمان، شیناوە....هتد) بەشدارییان لەو گۆڤەندە کردو بەرۆژێکی خۆشییان ناوزەد کرد، دەڵێن: ئەو فەلانە پاش ئەوەی بوونە موسڵمان، بۆ چەند رۆژێ گەشتێکی لای بەغدایان کرد، کاتێ گەڕانەوە، تەماشایان کرد ئەوە هەر هەموو ماڵەکەیان دزراوە، وتیان: تەڕ بووینە موسڵمان، وەی تەتاو، بریا هەر فەلە باینایە باشتر بوو.

مەلای گەلاڵەیان لەدزینێ ماڵی فەلە ئاگادار کردەوە..مەلاش پیاوێکی ژیر و چاك بوو، بانگەوازی خەڵکەکەی کرد، داوای لێکردن هەر کەسە لەلای خۆییەوەهەر ئێستا کەل و پەلێك بۆ ئەو ماڵە بەرێ.. ماڵەکەیان پڕ و تژی کرد لەهەموو شتێ، دە جاران باشتر و چاکتر و رێکتر لەهی خۆیان، مەلا بە کابرای تازە موسڵمان بووی وت: بابەگیان دڵتان هیچ نەکا،ئێمە کەل و پەلی ماڵی ئێوەمان فڕێداوە، حەزمان کرد شتی نوێ و باشترتان بۆ دانێین.

کابرای تازە موسڵمان بووش باوەڕی تەواو هێنا گوایە کەل و پەلەکان نەدزراون، بەڵکو فڕێدراون.

* * *

ماڵە بەجاش

مام حەوێز چەندی بلێی قسە خۆشە و خەڵکی گوندی زینوێیە، وتی: لەسالأنی زوو خزمێکمان بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی دێشە شار بۆ ئەوەی گوێدرێژێك بکڕێ، کە دەگاتە شار وادەی مەیدانی حەیوانان بەسەر دەچێ، لەژێر سێبەرێ پاڵدەکەوێ، چیبکا باشەو شەو لەکوێ بەسەر بەرێ و رووبکاتە کوێ؟کەس ناناسێ..مام حەوێز وتی: خزمەکەمان گوتی: بیرم دەهێنا و بیرم دەبرد، لەناکاو ئەفەندی و پیاوێك روو بەڕووم هاتن، پاش سلاو و چاك و چۆنی،وتیان: خاڵە ئەوە چۆنە وا لێرە بەتەنها دانیشتووی؟. منیش قسەی خۆم بۆ کردن، ئەوانیش سوێندیان خوارد دەبێ بچمە ماڵیان و نانیان لەماڵ بخۆم وشەویش لەلایان بمێنمەوە، هەرچۆنێ بوو منیان رازی کرد، سواری شتێکیان کردم پاشان زانیم ئەوە ئۆتۆمبێلە، چەند کۆچە و کۆلأنیان پێکردم، ئێستاشی لەگەڵدابێ نازانم بۆ کوێیان بردم، منیان دابەزاند و بردمیانە ماڵی خۆیان، هێندەی پێنەچوو، مەلا لەگەڵ پیاوێك وەژوور کەوتن، نانی نیوەڕۆمان خوارد، چ نان؟هەرگیز تام و چێژی ئەو خواردنەم بیر ناچێتەوە، لەژیانی خۆما خواردنی ئاوا خۆش وبەلەزەتم نەخواردووە، ناتوانم بەزار وەسفی بکەم، پاشان نوێژمان کرد و دواتر چامان بۆ هات، مەلایەکە وتی: کاکی خۆم، ئەفەندی سوێندی بەتەلاق خواردووە، تەلاقەکەشی هەرگیز چاك نابێتەوە ئەگەر ماڵە بەجاشی بۆ

نەکەین، بۆیە تۆمان هێناوە تاوەکو ژنی ئەو کابرایەت لیٚ مارەکەین و پەنجا دیناریشت پیٚدەدەین، بەخۆشت دەزانی پەنجا دینار گەلیٚ زۆرە، دەتوانی خانووەکی پیٚبکڕی بەلاٚم بەمەرجیٚ دەبیٚ بەیانییەکەی تەلاٚقی بدەی، هاااا، دەلیٚی چی؟ مام حەویٚز وتی:خزمەکەمان هەر کە گوێی لە ژن و پەنجا دینار بوو، واقی وڕما، چونکە لە ژیانی خۆیدا خاوەنی دوو دینار نەبووە، گوتی: هەر زوو وتم باشە بەسەرچاو.. وتیان: دەبیٚ سوێند بە قورئانیٚ بخۆی إ وتم: سوێند بە قورئان دەخۆم..خزمەکەمان گوتی: ئەو رۆژ و شەوە من و ئاغاژن بەتەنها بووین و خەو نەکەوتە چاوانمان، تا بەیانی جووت بووین، ئاغاژن گوتی:دەوەرە تەلاٚقم مەدە.. منیش وتم:ئاغاژن من سوێندم بەقورئان خواردووە، نەوەك کیٚ زاتی ئەوە دەکا تەنها بۆ چرکەیەکیش لەخزمەت حزووری ئەو قەد و بالاٚیە خۆی پیٚڕاگیریٚ؟. ئاغاژن گوتی:ژیان و گوزەرانت چۆنە؟. منیش وتم: خانم من هەژار و خاکسار[٤] و دەستکورتم و مالّم لە گوندێکی دوورە.. ئاغاژن شەست دیناری لە گیرفانم داناو گوتی:ئەم پارەیە بۆ خۆت ببە، هەتا لە ژیان ماوی بەستە..

وتم: ئاغاژن سوپاست دەکەم، ئەوە ئاغاش پەنجا دیناری داومەتیٚ..

---

[٤] - خاکسار/ فەقیر.

وتی: قەیناکە بۆ خۆتی هەڵگرە، گوزەرانی خۆتی پێ باش بکە و دوعای خێرمان بۆبکە..بەیانییە زووەکەی ئاو گەرم بوو، پەشتەماڵی بۆ هێنام، خۆم جوان شۆرد ونانی بەیانیم خوارد و دیسان تێر تێر ماچم کرد و لە ئامێزی خۆمنا، لەدەرگا درا، مەلا و ئاغا و پیاوێك وەژوور کەوتن، وتم: پێش ئەوەی ئێوە قسەبکەن، ئێوە چاکەیەکی باشتان لەگەڵ مندا کرد، من ئەوە سێ بە سێ تەڵاقمدا، گوتیان: هەر بژی، دەمت خۆش.. دووبارە منیان خستە نێو ئۆتۆمبێلەکە، لە چۆڵاییان دابەزاندم و خواحافیز بوونمان لەیەکدی کرد. هەر زوو بە زوو گەڕامەوە گوندی، خانوویەکی خۆشم بنیادنا و خۆم بەکاروباری ئازووقەوە خەریك کرد، خەڵکی گوندی بەسەرسوڕمانەوە لەمنیان دەڕوانی من چۆن لەپڕێك بوومە کوڕێك.

مام حەوێز وتی: ئەو خزمەمان ڕۆژێك بانکی کردم، ئەو نهێنییەی لەلا درکاندم و لێ وتی: توبی خوا تا لەژیان ماوم نابێ ئەم نهێنییە بدرکێنی، منیش بەڵێنم پێدا کە مرد ئەوجا بیگێڕمەوە.

* * *

کڵاو سوور

دەڵێن: لە وڵاتی هیندستان پاشایەك هەبوو، زۆر دادپەروەر بوو، خەڵکەکە زۆریان خۆش دەویست، هەر کەسێ ستەمی لێبکرایا، ئەوە زوو بە زوو تۆڵەی بۆ دەکردەوە، لەو مەملەکەتە بوێرێك نەبوو زاتی

ئەوە بکا زوڵم و ستەم لە یەکێك بکا، هەر بۆیـەش خەڵکەکـە زۆر بـە ئاسوودەیی و ئارامی ژیان و گوزەرانی خۆیان دەبـردە سـەر.ڕۆژێکیـان پاشا هەستیکرد کەمبیست بووە، داما، لەبـەر خۆیـەوە وتـی: ئەگـەر خوای گەورە کەمبیستی کردم، خۆ ئەوە چاوەکانم ساغن، بۆیە بڕیاریدا لەشـار جـاڕ بـدەن هـەر کەسـێ زوڵمـی لێکـرا، بـا کڵـاوێکی سـوور لەسەربنێت بۆ ئەوەی ئاگاداربم کە ئەو کڵاوە سوورە زوڵمی لێکراوە، تـا بە هانایییەوە بچم و تۆڵەی بۆ بسەنمەوە.

* * *

فەقێ و شووتی

دەڵێن: فەقێیەك لە بازاڕی هەولێرێ، چاوی بە شووتی قونك ڕەش دەکەوێت، تامەزۆر و حەزی دەچێتێ، بەکابرای شووتوفرۆش دەڵێ:

کاکە، شووتی بەچەندە؟.

ئەویش دەڵێ: بەنیو دینارە.

فەقێیەکە دەڵێ: بە روبعێك نابێ؟.

دەڵێ، نەخێر، زەرەر دەکەم.

لەم کەین و بەینـەدا، خـەڵکی بـۆ شـووتوو کـڕین هـاتن، فـەقێی تامەزرۆ، پلی دەخاتە نێو شووتییەکە و ئاوەکەی پلی بۆ دەمی دەبات، کابرای شووتووفرۆش کە بەمەی دەزانێ، زۆر تووڕە دەبێ، بە فەقێیەکە دەڵێ: باشـە بـۆ ئـەم شـووتییەت لـێم خەسـار کـرد و کونـت کـرد؟.

فەقێیەکەش لەوەلاما دەڵێت:بەخوای هیچ نییەتێکم لێی نەبووە، تەنها بۆ تامکرنم بوو.

ئەویش وتی: باشە ئەگەر من پلم بخەمە قینگتەوە، پێت ناخۆش نییە؟.

فەقێیەکە وتی: ئەگەر بۆ تامێبێ، بۆ پێم ناخۆشە.

* * *

ئەفسەر و قەشە

مەلاییێك خەڵکی شاری کەرکووکە، خۆی گێڕایەوە وتی: ڕۆژێکیان لە بازاڕ بووم، هەندێ کاڵەم پێبوو، سەربازێکی خۆمان هات و سلاوێکی لێکردم، پڕیدایە دەستەکانم و ماچی کردن، وتی: مامۆستا بۆ کوێ دەڕۆی؟.

وتم: دەچمە مزگەوت و مزگەوت لێرە نزیکە.

سەربازەکە وتی: من کالەکانت بۆ هەڵدەگرم.

وتم: کاکە زۆر سوپاس.

وتی: بەخوای مامۆستا قبولم نییە، جەنابتان زۆر ماندوون، ئیللا من هەڵیدەگرم.

لەڕێگادا سەربازەکە وتی: مامۆستا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لەگەڵ ئەفسەرێك بووم، ئەفسەرەکە فەلە بوو، من ئۆتۆمبێلی عەسکەریم لێ

دەخورِی، کاتێ ئەفسەرەکە چاوی بەقەشەیەك کەوت، بەعەرەبی وتی: ئۆگەف واتا راوەستە.

منیش ئۆتۆمبیلەکەم راگرت، ئەفسەرەکە دابەزی،بەرەو رووی قەشەکە رۆیی و دەستی قەشەی ماچ کرد، ئەوجا فەرمووی لێکرد و لەپێشەوە سواری کرد تا لە پێش کلێسایێك بۆی راگرت و ئەفسەرەکە دووبارە بەرێزەوە دەستی قەشەی ماچ کرد، ئەو دیمەنە سەرنجی راکێشام کە لەلای خۆمەوە بریاربدەم لەمەودوا چیم پێبکرێ لەحزمەت مامۆستایانی ئاینیدابم.

مەلایەکە وتی: رۆڵەگیان خوا پاداشتی بەخێرت بداتەوە .منیش بەپێکەنینەوە پێموت: بزانە ئەو مەسیحیانە چەند رێز و حورمەتی پیاوانی ئاینی خۆیان دەگرن، دەبا ئەمە ببێتە دەرسێك بۆ هەموان تاوەکو ئێمەش بەم شێوەیە رێز و حورمەتی مامۆستایانی ئاینی خۆمان بگرین.

* * *

چەمچەماڵ

لەژنێکیان پرسی: تۆ زۆر ماندوو دیاری، خۆ چی روویندادوە؟.

ژنەکەش لەوەڵامدا وتی: نەوەڵلا، لەبەر ئەمبەر و ئەوبەر هێزو توانام نەماوە، هەر بۆیەش وا شەکەت و ماندوو دیارم.

وتیان: یانی چۆن؟.

وتی: کوڕە، پایەکم لە سلێمانییە و پایەکم لە کەرکووکە.

یەکێك لەولاوە وتی: وەی بمرم بۆ چەمچەماڵ.

* * *

بەخوای بەڕۆژیشم

خەڵکەکە لە دیوەخان دانیشتبوون، باسییان لە ژیان و گوزەرانی خۆیان دەکرد، پیاوێك بەژوورکەوت و یەکسەر دەستی بەنوێژکردن کرد، خەڵکەکە بۆ تانەگرتن و یاری پێکردنی، وتیان:

بەخوای ئەو کابرایە زۆر بەدین و موسڵمانە.

کە ئەو قسانەیان دەکرد دەنگیان بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی کابرای نوێژکەر گوێی لێبێ، کابراکە کە نوێژەکەی تەواوکرد و سەلامی دایەوە، وتی:

بەخوای برام بە ڕۆژیشم.

* * *

عەبد چییە؟

لەگوندی کابرایەك هەبوو، چەندی بڵێی چەنەباز و چەقاوەسوو و لاسار بوو، ناوی عەبد بوو، سیفەتێکی سەیری هەبوو کە دەهاتە دیوەخان، خەڵکەکە دەیانوت: کاکە عەبدی خۆڕی چییە؟ عەبد بێدەسەلاتە، هەر خوای گەورە هەموو شتێکە، عەبد تا دەمێنێ لەژیان، ناتوانێ بەتەواوەتی سوپاس و ستایشی خوای گەورە بکات.

هەرچـەندی ئـەو عەبـدە دەهاتـە دیوەخـان، جنێویـان بـە عەبـد دەدا،عەبدیش هەر وایدەزانی لەگەڵ عەبدیانـە(ئـادەمیزاد) نەیـدەزانی مەبەست دوو مانا دەبەخشێ،یەکیان ئەوییـە کـە عەبـدە و ئـەویتریان لەگەڵ ئادەمیزادیانە. رۆژێکیان هاوڕێیەکی پێیوت:کوڕە عەبد، بـاوەڕ بکە خەڵکەکە لەگەڵ تۆیانە و ئەتۆش گێلی تێناگەی.

* * *

دۆڵمە

هەولێرییەکان زۆر حەز لەخواردنی دۆڵمە دەکەن، لەوانەیە هەفتـەی دوو جار، سێ جار ئەو چێـشتە لێنـێن، لـێ فارسـەکان بەپێـچەوانەی هەولێرییەکان، زۆریان رق لێیەتی، گۆتەیـەکیان لەسـەر دۆڵمـە هەیـە دەڵێن: (ئەگەر حیلە نەداری، چەش لەف نەکونی).

ئێمەش هاوڕێیەکمان هەبوو یادی بەخێر، حەزی لە دۆڵمە نەدەکرد، تا وایلێهات هەر کە ناوت بهێنایە، پێـی قـەڵس دەبـوو تـا سـوێندی خوارد لەمەودواهـەر کەسـێ لـە ئێمـە مانـان نـاوی دۆڵمـە بهـێنێ، هاوڕێیەتی نەکات و جنێویشی پێ بدات.

رۆژ هات و رۆژ رۆیی، کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بڵێ: دۆڵمـە، تـا جارێکییان فێڵێکمان دۆزییەوە بۆ ئەوەی بڵێین دۆڵمە، فێڵەکـەش ئـەوە بوو، یەکێك وتی: پیاز.

ئەویدی وتی: مێو.

ئەویتر وتی: خەیار.

یەکێکیتر وتی: برنج.

یەکێکی دی هەڵیداوە، وتی: قیمە.هاوڕێکەشمان گوێی قوڵاغ کردبوو، لەمەبەستی ئێمە گەیشت چ مەبەستێکمان هەیە، بەدەم نزاوە وتی: تکا دەکەم نەیپێچنەوە.ئێمەش دامانە قاقای پێکەنین.

* * *

دەستت بەرزکەرەوە

هاوڕێیەکم سوێندی خوارد وتی: خزمێکمان هەتا بڵێی قورمساغ و بێویژدان و حەرامخۆر بوو، گێڕایەوە وتی: رۆژێکیان بە کۆچەیەك رێم دەکرد، تەماشام کرد ژنێك بەتەنها لەحەوشەی دانیشتووە، هەموو جەستەی خشل و زێڕە، لبێی چوومە ژوورەوە تا خشلەکەی لەبەر داکەنم، چەکم لێڕاکێشا و وتم: دەستت بەرزکەوە.

ژنەکەش زۆر بەهێمنییەوە وتی: دەزانی تۆ زۆر سەیری، خەڵکی پێمدەڵێن پات بەرزکەرەوە، تۆش پێمدەڵێی دەستت.

* * *

خۆشناو و دوانەکە

تەلەلخێمی گەورە، گوندێکی گەورەیە سەر بەناوچەی کەندێناوەیە، دەشتێکی بەپیتی هەیە، خەڵکەکەی خەریکی جوتیاریی و زۆربەی کشتوکاڵیشیان گەنم و جۆیە، لەزۆر شوێنەوە خەڵکی رووی تێدەکەن،

بەتایبەتی ناوچەی خۆشناوەتی بۆ فرۆشتنی میوە و کەل و پەلـەکانیان یان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بە گەنم و جۆ دەچوونە ئەو گوندە.

تەلەخێم لەسەر ڕێگـای سـەرەکی گونـدی، دیوەخـانێکی گـەورەی هەبوو، بەخشت و قوڕ و کاریتە دروسـت کرابـوو، لـەرووی ڕێگاکـەدا چەندین پەنجەرەی هەبوو بۆ ئەوەی لەدوورڕا ئاگاداربن بەوانـەی دێـن و دەچن جا خۆیی بێت یا غەوارە.

ئێوارەییەکی دەمـەو پـایز، خەڵکەکـەی لەبـەر سـێبەری دیوەخـان دانیشتبوون، باسی ژیان و گوزەرانی خۆیـان و دەڤەرەکـەیان دەکـرد.. دوو برا هەبوون، دوانە بوون، دانیشتووی گوندیش ئەگەر خزمی خۆیـان نەبوایە، باوەڕ بکەن لێکیان نەدەکردنەوە، دەقاودەق لە روخسار و جـل و بەرگدا وەك یەك وابوون، جار جار نەبوایە، یەکیان پەسـتەکی لەبـەر دەکرد، ئەگەر بەم جۆرە جیاوازی نێوان ناوەکانیان بکردبایە.

ڕۆژێکیان لـە دوورڕا پیـاوێکی لای خۆشـناوەتی، بـارە قەسـپێکی پێبوو، بەدیار کەوت، یاپش یاپش بـەرەو دیوەخـانی گونـدی دەهـات، هەر کـە گەیـشتە ئـاوایی، سـڵاوی لەخەڵکەکـە کـرد و خەڵکەکـەش بەخێرهاتنێکی گـەرم و گوڕیـان لێیکـرد و یارمەتییانـدا بـۆ هێنانـە خوارەوەی بارە قەسپەکە.

خەڵکەکە پرسییان: مام خۆشناو ئەوە چۆن چۆنییە؟.

بەتایبەتی ناوچەی خۆشناوەتی بۆ فرۆشتنی میوە و کەل و پەلـەکانیان یان بۆ ئالوگۆڕکردنی بە گەنم و جۆ دەچوونە ئەو گوندە.

تەلەخێم لەسەر ڕێگـای سـەرەکی گونـدی، دیوەخـانێکی گـەورەی هەبوو، بەخشت و قوڕ و کاریتە دروسـت کرابـوو، لـەرووی ڕێگاکـەدا چەندین پەنجەرەی هەبوو بۆ ئەوەی لەدوورڕا ئاگاداربن بەوانـەی دێـن و دەچن جا خۆیی بێت یا غەوارە.

ئێوارەییەکی دەمـەو پـایز، خەڵکەکـەی لەبـەر سـێبەری دیوەخـان دانیشتبوون، باسی ژیان و گوزەرانی خۆیـان و دەڤەرەکـەیان دەکـرد.. دوو برا هەبوون، دوانە بوون، دانیشتووی گوندیش ئەگەر خزمی خۆیـان نەبوایە، باوەڕ بکەن لێکیان نەدەکردنەوە، دەقاودەق لە روخسار و جـل و بەرگدا وەك یەك وابوون، جار جار نەبوایە، یەکیان پەسـتەکی لەبـەر دەکرد، ئەگەر بەم جۆرە جیاوازی نێوان ناوەکانیان بکردبایە.

ڕۆژێکیان لـە دوورڕا پیـاوێکی لای خۆشـناوەتی، بـارە قەسـپێکی پێبوو، بەدیار کەوت، یاپش یاپش بـەرەو دیوەخـانی گونـدی دەهـات، هەر کـە گەیـشتە ئـاوایی، سـڵاوی لەخەڵکەکـە کـرد و خەڵکەکـەش بەخێرهاتنێکی گـەرم و گوڕیـان لێیکـرد و یارمەتییانـدا بـۆ هێنانـە خوارەوەی بارە قەسپەکە.

خەڵکەکە پرسییان: مام خۆشناو ئەوە چۆن چۆنییە؟.

دوو برایەکە زانییان کاکی خۆشناو نارەحەت بووە، خۆیان لێی ئاشکرا کرد، ئەوجا مام خۆشناویش هێندە پێکەنی و کەوتە سەر گازەری پشتان، نەبێتەوە..

دوانەکە و خەڵکەکە پارەیان بۆ کۆکردەوە، زێترییان پێیدا و مام خۆشناویش بۆ شەوێ لەو گوندە مایەوەو بۆ بەیانییەکەی خواحافیزبوونی لێیان کرد و هەر جارێ بهاتایەتە ئەو گوندە، بارگەی لەماڵی دوانەکە هەڵدەخست و دەبووە میوانیان.

* * *

بە پای خاوس

کابرایەك هەبوو لە گوندی زۆر توند و تووڕە بوو، زوو زوو زویر دەبوو،هاوەڵانی دەبوو لەگەڵیدا بەدەست نوێژبن، رۆژێکیان لە ماڵێك دادەنیشن، یەك لەهاوڕێیانی لەخانەی گاڵتەوە کەوشەکەی لێ حەشار دەدات بۆ ئەوەی بزانن چی دەکا؟.

دەمێ دادەنیشن و کاتێ هەڵدەستن بڕۆنەوە، هەر کەسە کەوشی خۆی لەپا دەکات و بەویان وت: کاکە پێدەچێ تۆ بەپێ خاوسی هاتبی؟.

ئەویش وتی: کوڕە ئەگەر نەیهێننەوە، ئەوە من وەکو باوکم دەکەم.

هاوەڵەکانی بەیەکترییان وت: ئـەوە خـۆی ئەوەنـدە توندوتووڕەیـە، ئاخۆ دەبێ باوکی چۆن پیاوێك بووبێ؟.

بەناچاری کەوشەکەیان لۆی هێنایەوە و پێیان وت: کاکـە ئـەوەتانێ کەوشەکەت، بەس توخوا پێمان بڵێ باوکت کە ئەمەی لێ قەوما، چـی کرد؟.

ئەویش بەهەڵپەیەکەوە وتی: وەڵا بە پێخاوسی چووەوە ماڵ.

❋ ❋ ❋

تەکش و گوڵئەندام

لە ڕۆژگارێکی زوودا، لەکوردستانی ڕۆژهـەلاّت، کابرایـەك هـەبوو ناوی تەکش بوو، زۆر ئازا و دلێر و چاونەترس بوو، مـامێکی هـەبوو، حەوت کوڕ و کچێکی هەبوون، ئـەوانیش وەکـو ئـەو ئـازا و قارەمـان بوون.. کچە مامەکەی گوڵئەندامی ناو بـوو، چـاو مەسـت و شـۆخ و شەنگ، لەگەڵ تەکش یەکییان زۆر خۆش دەویست و ئەویندارى یـەکتر ببوون، زۆر جار لە پەنهانی، لەپـەنا و پەسـێردا رازی دڵیـان بـۆ یـەك هەڵدەڕشت و هەگبەی خۆشەویستییان بۆ یـەك والا دەکـرد بـەوەی یـا دەبێ بۆ یەکبن، یا دەبێ بەیەکەوە بچنە ژێر گڵ.

تـەکش چـەند جـارێ خـەڵکی پیـاو مـاقووڵی نـاردە خـوازبێنی گوڵئەندام، وەلێ هەوڵەکان بێ سوود و بێ مفا دەردەچـوو.. دەنگـۆی

ئەویندارى ئەو دوو دڵخوازە، ئەو دوو دوڵبەرەش وەکو بنێشتە خۆشە کەوتە سەر زاران، لێرەو لەوێ هەر باس باسی خۆشەویسنی ئەوان بوو.

هەرچەند رایی کردنی مام و ئامۆزاکانی بۆ تەکش تەواو زەحمەت بوو، بەلاّم هەر بە ئومێدەوە دەژیا، دواجار کە خۆی چووە لای مامی و داوای دەستی گوڵئەندامی لێیکرد، مامی زۆر بەشێنەیی پێیوت: رۆڵە گیان تۆ شایانی ئەو کچەی من نی، بەسسە واز بێنە و بەرۆکمان بەردە و چیتر خەڵکمان بەسەر وەرمەکە، تەواو بەتەمای کچی من مەبە، من کچی خۆمت نادەمێ.

گوڵئەندام دەیزانی باوکی لەو کەسانە نییە قسەیەك بیکا، لێی پاشگەز بێتەوە، بۆیە هەمیشە دوعا و نزای دەکرد و بۆ بەختی رەشی خۆی دەگریا..بۆیە لە نەگەیشتن بەهیچ ئەنجامێك، کار گەیشتە ئەو رایەی ئەویش بیر لە رەدووکەوتن بکاتەوە، پێوەندی خۆی بۆ لای تەکش نارد کە ئەو بۆ ساتە وەختێ ناتوانێت بێ ئەو بژێ و ئامادەیە رەدووی بکەوێ.

تەکش لەلایەك بەو بڕیارە دڵخۆش بوو بەوەی بەو کچە دەگات، کەچی لەلایەکی دیکەوە دڵتەنگ و نیگەران بوو چونکە هەستی دەکرد بەم کارەی سووکایەتی بە مام و ئامۆزاکانی دەکات، بەمەش ئەوان چییان لەدەستبێ، درێغی ناکەن و ناهێڵن بە ئاسوودەیی بژێن و ئیدی

بچنه هەر شوێنێك،ئەوان دوور و نزیك پێی دەزانن و گرفتییان بۆ دەنێنەوە، جا ئەگەر بیانگرن، هەردووکیان دەکوژن.

قەدەر ئەوهایە، خوای گەورە چی لەچارەیان نووسیبێ، دەبێ هەر ئەوەبێت.. بۆ بەیانییەکەی تەکش سواری ئەسپەشێ دەبێ و ناوی خوای لێدەنێ، لەدەروونەوە بە خۆی دەڵێ: گوڵئەندامە سەلارەکەم [٥]، ئارام بگرە ئەوە هاتم.

لەرێگە روو بەرووی رێگرێك دەبێتەوە کە نێوی سەرسام بوو، چونکە لەرۆژگاری ئەوسا رێگری و چەتەیی تەنها بەکەڵەمێرد و قارەمانان دەکرا، ناویشی دەچووە نێو ناوان و بەکەسێکی ئازا و دلێر و پاڵەوان ناوی دەرۆیشت.

سەرسام پرتاو خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەشێکە تاوەکو تەکش قۆڵبەست بکات و ئەسپ و کالاکەشی بۆ خۆی ببا، بەلام تەکشی جەسوور، سەرسامی خستە سەر زەوی و خەنجەری دەبانی خستە بەر ملی و پێیوت: من سەرقاڵی کارێکم، کارێکی تایبەتم هەیە، قەینا برۆ ناتکوژم، من هەمیشە بەمەردی ژیاوم و هەر بەمەردیش دەمرم، تکات لێدەکەم وازم لێبێنە.

---

[٥] - سەلار/ جوان.

سەرسام بە ئازاییەتی تەکش واقی وڕما، وتی: تا ئێستا هیچ کەسێك زاتی ئەوەی نەکردووە خۆی لەقەد و بالاّم بدات، بۆیە بەڵێنبێ تا ماوم خزمەتت بکەم.

خۆیان بەیەکتر ناساند، تەکش حارو مەسەلەی خۆی بۆ باسکرد و سەرسامیش وتی: سوێند بەخاك و خۆڵی ئەم کوردستانە، بەڵێنبێ سەرم لەپێناوی تۆ ببەخشم، چارەنووسی تۆ چارەنووسی منە، لەگەڵ تۆدا دەبم و ناگەڕێمەوە.

تەکش وتی: بەگوێی من دەکەی، بگەڕێوە، لەوانەیە بکەوینە بازنەیەك رزگاربوونمان نەبێ، خواش قبوڵ ناکا لەپێناوی مندا خۆت دووچاری ئازار و ئەشکەنجە بکەیت.

سەرسام وتی: رۆحی تۆ، رۆحی منە.

تەکش زانی سەرسام بەراستییەتی و لەسەر قسەکانی موکڕە، وتی: بڕیارمداوە کاتی گزەنگ روو لەهەوارگەی ماڵی مامم بکەم و گوڵئەندام لەگەڵ خۆم بهێنم و بگەڕێمەوە.

بەیەکەوە رێیان گرتەبەر.. بۆ حەوانەوە لە کێوێکی نزیك هەوارگەکە لە سوارەکانییان دابەزین، تەکش وتی: ئەمشەو لێرە دەبین، سەرسام وەرە سەیرکە، ئەها ئەو رەشماڵانە، ئەوانە هەوارگەی مامن، رەشماڵە سپییەکە هی مامم خۆیەتی، رەشماڵەکانی دەوروبەریشی کە حەوت رەشماڵن، ئەوە هەریەکەیان هی کوڕە مامێکمە، ئەو رەشماڵەی

تـەك ڕەشمـاڵی مامیـشم، ڕەشمـاڵی گوڵئەندامـە، جـا گـوێبگرە مـن بەیانییەکەی لەگەڵ گزەنگ دەڕۆم، ئەگەر هاتمـەوە، ئـەوە باشـە، خـۆ ئەگەر نەگەڕامەوە، تۆ دەبێ ئێرە جێ بێڵی، نەکەی کارێك بکەی خۆت گیرۆدەی کێشە و گیر و گرفت بکەی، هاااااا، سەرسـام دەبـێ بـەڵێنم پێبدەی؟.

سەرسام وتی: بەڵێنبێ لەقسەت دەرنەچم.

شەویان لەو کێوە بەسەر بـرد و بـۆ بـەیانی کـە گزەنگیـدا تـەکش سـواری ئەسـپەکەی بـوو، تێیتەقانـد، بـەرەو ڕەشمـاڵی گوڵئەنـدام هەنگاوینا، بەئەسپایی لەخەوی راکرد، گوڵئەنـدام بەچاوی خـەواڵۆوە سەیری تەکشی کرد و یەکتریان لەئامێز گرت.

ئەوجا تەکش بەترسەوە وتی: دەی زووکە با بڕۆین.

ئەویش هەر زوو خۆی ئامـادەکرد، جیـازی هـەڵگرت و لـەدواوەی تـەکش سـواری ئەسـپەکەی بـوو، ئەسپەشـێ هێنـدە خۆشـڕۆ بـوو، بەچاوتروکانێك گەیشتە لای سەرسام.

سەرسام بەدیتنیان دڵخۆش بوو.

تەکش وتی: کاکە سەرسام زووکە سواری ئەسپەکەتبە.

سەرسام بەدوای تەکش و گوڵئەندام کەوت و ناوی خوایان لێهێنـا..

تەکش بەسەرسامی وت: من هەرگیز ئاوڕم لەدوژمن نەداوەتەوە، بۆیـە

تکات لێدەکەم جار نا جارێ ئاوڕێـك لـەدواوە بـدەوە، ئەگـەر تـۆز و خۆڵێکت بەدی کرد، پێمبڵێ.

سەرسام جار نا جارێ ئاوڕی لـەدواوەی خـۆی دەدایـەوە و دەیـوت: هیچ شتێ دیار نییە.

تا جارێکییان وتی: کاکە تەکش ئەوە تۆز لەدوورڕا دیارە.

تـەکش حەپەسـا، جڵـەوی ئەسـپەکەی شـل کـرد و ئەسـپەکەی ڕاوەستاند.. سەرسام وتی: ئاخر تۆزەکە دوورە بۆ وەستاوی، دەبابڕۆین، پێمان ناگەنەوە.

تەکش وتی: تازە کار لەکار ترازا، مـن مـام و ئامۆزاکـانم بناسـم، هەر ئێستا دەگەنە لامان.

گوڵئەندام لە ئەسـپەکە دابـەزی، دەسـتی کـردە هـاوار و فیغـان و گریان، ئەوەندەی نەبرد لەهێکڕا مام و کوڕەکانی گەیشتنە سەریان.

تەکش لەمامی پاڕایەوە : تـوبی خـوا، تـۆ مـامی مـنی، منـیش برازاتم، بمبەخشە و گوڵئەندام کچە مامی خۆمە، هەردوکمان یەکترمان خۆشدەوێ و منیش بـەڵێنبێ دەبمـە خزمـەتکاری عەتەبـەی حـوجرەی جەنابتان.

مامی وەڵامی دایەوە: تازە کار لەکار تـرازا، منـت ریـسوا کـرد، ئابروومت برد، تازە هیچ ناکرێ.

تەکش وتی: مامە گیان دەستم دامێنت، ئێستاش هیچ نەبووە، تۆ هەر مامی منی، تکات لێدەکەم تووگۆڕی باوکم بمانبەخشە و ئاوێک بەو ئاگرەداکە.

مامی فەرمانی بەیەك لە کوڕەکانیدا: ئادەی ڕۆڵەگیان سەری تەکشم بۆ بێنە.

تەکش هەر دەپاڕایەوە: بەقوربانتانبم، تکاتان لێدەکەم با خوێن نەڕژێ.

کوڕە گەورەکەی مامی لەسەر ئەسپەکەی دابەزی، دەستی دایە شمشێرەکەی و بەرەو ڕووی تەکش چوو..تەکش بەناچاری لەئەسپەکەی دابەزی و کردییانە زۆرانبازی، سەرەنجام کوڕە مامەکەی لەخوێن گەوزاند.

تەکش هەمدیس لەمامی پاڕایەوە و خۆی کردە قوربانی، وەلێ سوودی نەبوو.

گوڵئەندامی زێبا[٦] لەملاوە هەر دەگریا و برا ڕۆ ڕۆی بوو..مامی داوای لە کوڕێکی تری کرد، ئەویش لێی چووە مەیدان، ئەویشی کوشت و هەر پاڕاوە، مامی وتی: تازە خوێن ڕژا.

---

[٦] - زێبا/ بۆکچی جوان بەکاردێ.

له ئه‌نجامی ئه‌و زۆرانبازییه‌دا ته‌کش هه‌ر حه‌وت کوڕه‌که‌ی مامی کوشت و داوای له‌مامی کرد وازی لێ بێنێ.. مامی وتی: تا ئێستا شه‌ڕه به‌رخ بوو، خۆت ئاماده بکه ئێستا شه‌ڕه به‌رانه.

له‌ئه‌سپه‌که‌ی دابه‌زی، ده‌ستی شمشێری لێڕاگرت و شالاّوی بۆ ته‌کش برد، هه‌وڵه‌کانیان بۆ له‌ناوبردنی یه‌کتر سه‌ری نه‌ده‌گرت، له‌ولاوه سه‌رسام به‌سه‌یرکردنی ئه‌و دیمه‌نه ناشیرینه و تراژیدیایه هێڵنجی ده‌هاتێ و هۆڕ هۆڕ ده‌گریا، گوڵئه‌ندامیش شیوه‌نێکی به‌ستبوو، کێوانی ده‌هه‌ژاند.

مامی ته‌کش ئه‌ولاو ئه‌ولای پێده‌کرد، به‌هه‌موو هێزێکییه‌وه شمشێره‌که‌ی راده‌وه‌شاند، تا ته‌کش هه‌لی بۆ ره‌خسا، شمشێره‌که‌ی له‌جه‌سته‌ی مامی چه‌قاند، مامی وه‌کو گامێش بۆڕاندی و شمشێره‌که‌ی راوه‌شاند، له‌دڵی ته‌کشی دیبای[7] گیر کرد، هه‌ردووکیان که‌وتنه ئه‌و گۆڕه و گیانییان ده‌رچوو، رۆحی ئه‌م دوو که‌ڵه‌مێرده بووه قوربانی سه‌ره‌ڕۆی قسه‌یه‌کی بێ مانا.

گوڵئه‌ندام بابه‌ڕۆ، براڕۆ، ته‌کش ڕۆ، کافری پێ موسڵمان ده‌بوو.

سه‌رسام دۆشداما، بۆ دڵنه‌وایی، به‌په‌رۆشه‌وه قسه‌ی بۆ گوڵئه‌ندام ده‌کرد تا به‌سۆز و میهره‌وه سه‌رنجی راکێشێ و ئه‌و ئه‌سپ و ماڵاتانه‌ش بۆ خۆی ببات.

---

[7] - دیبا/ بۆ کوڕی جحێل به‌کار دێ.

گوڵئەندام لەچاوتروکانێ سەرسامی لەمبەری خۆی ئاودیو کرد و پێی وت: تۆ ئەگەر هاوەڵی تەکشی جوانەمەرگ نەدەبووی، خۆم دەمزانی چیم پێدەکردی؟.لەو قسانەیدابوو دەستی دایە شمشێرەکەی تەکش و لەنێوان ئەم و باوکیدا هەتا هێزو توانای دەبەردابوو شمشێری راوەشاندە دڵی خۆی، ئەویش دەمودەست گیانی دەرچوو.

سەرسام نەیزانی چیبکا؟ روو لەکوێ بکات؟ بەغەمگینی دانیشت و پاشان سواری ئەسپەکەی بوو، گوندێکی نزیکی لەو رووداوە ئاگادار کردەوە و خەڵکەکەی ئەو گوندە بەرەو شوێنی رووداوەکە رۆیشتن.. پاش ئەم بەسەرهاتە، سەرسام بەڵێنیدا چیدی رێگری نەکا و هەمیشە لەخزمەتکردنی خەڵکدابێ.

* * *

گوندی

گوندی(...) گوندێکی خۆش و دڵگیرە، مامۆستاساڵحی هاورێم بۆی گێڕامەوە، وتی: ئەو کاتە مێرمنداڵ بووم، لەوانەیە تەمەنم هەر دە دوانزە ساڵێك دەبوو، پیاوێك هەبوو هەموو بەیانییەك زوو لەماڵ دەردەچوو، کاتی بێری و هاتنە دەرەوەی خەڵکی دەهاتەوە گوندی، خۆی پێچابوو، پۆتینێکی لەبەرکردبوو، چەك و خەنجەری لەپشتان بوو، گەر تەماشات بکردایە، دەتوت ئەو پیاوە دەبێ چیکردبێ؟ خەڵکەکە دەیانناسی و دەیانزانی ئەوەی دەیکات تەنها بۆ خۆدەرخستنە، بۆیە

کە لێیان دەپرسی: ئەوە لەکوێ بووی؟. ئەویش بەباوەڕ بەخۆبوونەوە دەیوت: کاکە هەقتان بەسەر پیاوی خراپەوە نەبێ.

* * *

پێ بەرزکردنەوە

دەڵێن: لەدیوەخانێ، چەندین پیاوماقووڵ و مەلا و خەڵکانێك دانیشتبوون، مەلاییەك هاتە ژوورەوە و سڵاوی کرد، یەك لەمەلا برادەرەکانی لەجیاتی دەستی بەرز بکاتەوە، پێی بەرزکردەوە و وتی: وەعەلەیکومەسسەلام.. مەلاکەش پێیوت: رۆڵە تا جحێڵ بووم پێت بەرز نەدەکردەوە، دەزانی ئێستا کەڵکی هیچم نەماوە بۆیە پات بەرز دەکەیەوە.خەڵکەکەی ئەوێ هەموویان کردییانە پێکەنین و وتیان: نوکتەی مەلایان خۆشە.

* * *

ئەوە خوشکی منە

لەدیوەخانی گوندی،خەڵکەکە چایان دەخواردەوە، هەشبوو ئیشتیهای هەڵدەگوفت، باسی و خواسی لەسەر چای بوو، یەکێکیان وتی: ئەگەر چای بەشەکر بخۆیەوە، [illegible] یەکێکی دیکەیان لەو لاوە تێهەڵچوو: دەنە من بەژیانی خۆم بەتێری چام نەخواردۆتەوە.. لەولاتر یەکێکیتر وتی: چای لەو چایە خۆشتر نییە

دوای نانێکی بەلەزەت و چەور بیخۆیتەوە.. هەشبوو دەیوت: چای ئێواران تام و چێژێکی خۆشی هەیە.

ئەوان لەو قسانەدابوون، مام کەریم میوانێکی لەگەڵ خۆی هێنایە دیوەخان و پاش سەلام و چاك و چۆنی، پرسیاریان لەمیوانەکە کرد: خەڵکی کوێی؟ بەچییەوە خەریکی؟ میوانەکە زمانی هێنایە گۆ و وتی: خزمینە من حەلی مە، خەڵکی باڵەکایەتیم، رەزەوانم و خۆم بەو کارەوە خەریك کردووە.

مام کەریم وتی: باپیرەم خزماتی لەگەڵ ئەو خانەوادەیە هەیە، بەژن و ژنخوازی تێکەڵین، بۆیەش تا باس لە چاکە و پیاوەتی ئەو خانەوادەیە بکەمن هێشتا دوای نایێ، ئەدی چۆن، ژن بەژنێ خەڵك لێك نزیك دەکاتەوە، خزمان زۆر دەکا.

خەڵکەکەی ئەوێ دووبارە بەخێرهاتنیان کرد و یەك دوو چایەی هەڵقوڕاند.. مام کەریم هەمدیس وتی: مام حەلی پیاوێکی دنیا دیتەیە، زۆر بەسەرهات و سەربوردان دەزانێ، حەز دەکەم با بۆخۆی شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە کە بەسەر خۆی هاتبێ.

مام حەلی پێکەنی و وتی: لەلای ئێمە کە چا چێکرا و تێکرا، تا سەرەو نخون نەکرێ، هەر دەبێ بوخرێتەوە، دەبێنن، چایە و دیمشەلە ریزکەن تاوەکو سەربوردەییەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە کە زۆر جاران

ئەو سەربوردەم بۆ ئەم و ئەو گێڕاوەتەوە، هەر چەندە زانیومـە لێـرەش ژن بەژنیٚ هەیە و شتێکی ئاسایییە.

که چایەکیان لەبەردەمی دانا و بەیەك بین هەڵیقۆڕانـد، ئێهەڵـچوو: رۆژێکییان لەگوندەکەمانەوە بەرەو گوندێکی دیکە دەچووم کە بـەولاٚغ چەند رۆژێکی دووربوو، کارێك بوو دەبوو بچووبوومایە، بەپیٚ رۆیشتم، جار جار لێی دادەنیشتم و چایەکم بۆخۆم چێدەکرد، جگەرەشم دەکێشا، ئێوارەییەکی درەنگ گەیشتمە گوندێك، نان و ئاوم نـەمابوو، چـوومە ئەو ماڵەی پێشەوە تاوەکو هەندیٚ نـان و ئاویـان لێـوەربگرم و پاشـان بڕۆم، ئافرەتێکم بینی، سـەلامم لێیکـردو وتـی: ئـەریٚ خوشـکیٚ مـن رێبوارم دەچمە ئەو گوندەی بەرەوە، ئەگەر بەزەحمـەتی نـەزانی هەنـدیٚ نان و ئاوم بۆ بخەیە ئەو تێرگەوە، ئافرەتەکەش خوای گەورە رووی سپی بکات، وتی: هۆ کاك وا شەو دادیٚ، وەرە ئەمشەو لای خوشکی خۆتبە و بۆ بەیانی هەر زوو نان و چایان بخۆ، ئەوجا ئەگـەر رۆیـشتی، خـوات لەگەڵ، ها هەر ئێستاش باوکی منداڵاٚن دێتەوە، شوکر ئێمەش مـاڵین، میوانیش میوانی خوایە، بەخوای نارۆی، ئێرە بەشـەوان پـڕی دڕنـدە و پیاوخراپە، خوا نەکا با تووشی کێشەییەك نەیەیت.

گوێدرێژەکەی لێوەرگرتم بەرەو ئـاخوڕی بـرد[1] و پێـی وتم: ئـەوە ئـاو ئەگەر دەستنوێژ دەشۆی، ئـەوەش بـەرماڵ نوێـژی خـۆت بکـە، هـەر

ئێستاش نان و مان ئامادە دەکەم و پیاوەکەشم وا لە ئاواییە ها بزانە هاتەوە.

من خۆم بەنوێژان خەریك کرد، ئەو ئافرەتە باشەش خەریکی نان و چایەلێنان و ئەو جۆرە شتانە بوو،پیاوەکەی هاتەوە،چ پیاوێ؟ هەر کە چاوی بەمن کەوت، بەژنەکەی وت: دیسان ماڵی منت کردە دیوەخان؟ خۆ من پاشای کۆرە نیم هەر کێبێ و بەخێرهاتنی بکەم، کچێ ئافرەت بۆوا دەکەی؟ بۆ ماڵەکەم ئەوها خەرج دەکەی؟.

بەو قسانە واقمورِما، زۆر پەرێشان و ژێوان بوومەوە..ئافرەتەکە بەپەلە خۆی گەیاندە لای من و وتی: هۆ کاك دڵت هیچ نەکا، پیاوەکەم شێتۆکەیە، نەفامە، لاژگەو تۆش میوانی خوشکی خۆتی.

نان و چێشتی هێنا، فەرمووی لێکردم، نانم خوارد و چایەم خواردەوە، ئەو پیاوە بەکاژای[8] چاوان سەیری دەکردم، دەمی وەك تەڵەی تەقیوی لێهاتبوو، نەبەخێرهاتنی لێکردم، نەهاتە لام..ئافرەتەکە وتی: کاکە ئەگەر خەوت هات، ئەوا جێم بۆ راخستووی، لەوێ بخەوە.

ئێستاش نەمزانی چۆن ئەو شەوەم بەڕێکرد ؟ خەو نەچووە چاوم هەر بیرم لەو پیاوە بوودەڵە دەکردەوە..بۆ بەیانی ئافرەتەکە سەماوەر و چای و نانی پێخۆری ئامادەکردبوو، نانم خوارد، ئافرەتەکە دووبارە

[8] - کاژا/ گلێنە.

وتییەوە: توخوا کاکەگیان دڵت نەڕەنجێ، پیاوەکەم شێتۆکەیە، ئێرە ماڵی خوشکی خۆتە.. منیش سوپاسیم کرد و وتم: خوای گەورە نموونەی وەکو شێرە ژنی ئێوە زۆرکا و مخابن بۆ ئێوە و یاخوا هەر ساغبن.. خواحافیزیم لێکردن و چوومە ئەو گوندەی بۆی دەچووم، لەوێ یەك دوو شەوان مامەوە و پاشان گەڕامەوە، وەلێ لەگەڕانەوە ڕێگەکەی خۆم دوور کردەوە هەر بۆ ئەوەی جارێکی دیکە چاوم بەو گوندە نەکەوێتەوە کە ئەو چاو برسییەی لێبوو،بەدەم ڕێوە جار جار بۆ ماندووحەوانەوە لێی دادەنیشتم، بەچیلکەداران چایەم چێدەکرد، پاشان ناوی خوام لێدێنا و دووبارە ملی ڕێگەم دەگرتەوە بەر، بەهەڵکەوت ئێوارەکەی گەیشتمە نزیك گوندێ، سەیرمکرد ئەوە جوتیارێك شەنەبایدەکرد، لێی چوومە پێش، سەلامم لێیکرد و پێموت: ئەگەر دەکرێ چۆڕێ ئاوم بدەیتێ.. جوتیارەکە وتی: دەفەرموو دابەزە، با بەیەکەوە جگەرەییەك داگیرسێنین و پشوویەك بدەین.. منیش دابەزیم، کابراهەر بەخۆی تووتنی لەنێو پەڕێ نا و لوولیدا، دایگریساند و پێشکەشی کردم، هەندێ ئاوم حواردەوە، جگەرەکەم کێشا، بەنیازی ڕۆیشتن بووم، کابرا وتی:ئەوە شەو داهات، لەبەر دڕندان چۆن لێدەگەڕێم بڕۆی، بەخوای ئەمشەو لەلای برای خۆت دەمێنییەوە، خۆ ئەم گوندە وێران نەبووە، یان دیارە چ پیاوی تێدا نیە؟. کابرا کە خۆی پێچاییەوە بەجووتە بەرەو ماڵیان شۆڕبووینەوە، ژنی کابرا کە چاوی

بەمن کەوت، کردییە پرتە پـرت و بۆڵـە بۆڵێـك ئەوسـەری نەبێتـەوە، هێندیٚ بەخۆم تەریق بوومەوە، کابرای خانەخوێش دەیوت: دڵـت هـیچ نەکا، ژنەکەم کاڵفام و شێتۆکەیە، دیاربوو هەر دەیـوت: ئـافرەت بـۆوا دەکەی، میوان میوانی خوایە، بـۆ هێنـدە چـاو برسـی، دەی زووکـە، شتێکمان بۆ دروستکە.. ئافرەتەکەش بەهەموو ئەقڵێکییـەوە دەیـوت: مەگەر پشقلتان بۆ دروستکەم.. کابرا لەناچـاریدا بۆخـۆی چـاو نـان و ئاوی دانا، پێکەوە لەسەر سەکۆی حەوشەکەیان دانیـشتبووین، ژنـەش چاوی زیت کردبۆوە، ئەو شەوەش خەوم نەچووە چاوان، هـەر بـیرم لـەو ژنە دەکردەوە و بەراوردم دەکرد لەگەڵ ئەو ژنەی گوندەکەی پێشوو، بۆ بەیانی هـەر ئـەو پیـاوە خـۆی چـایە و پێخـوری دانـا و دەگـەڵ منـا قاوەڵتییەکمان کـرد، بەدەسـت خـۆم نـەبوو زەردەیـەکم هـاتیٚ، کـابرا سەرنجیدام، وتـی: توخـوا بۆچـی ئـەو زەردەخەنـەت هـاتیٚ، بەراسـتی پێمبێژە؟ منیش وتم: بەسەری جەنابتان تـەنها خۆشـی ئێـوە، شـتێکم هاتەوە یاد، بزانە قەدەر چۆنە؟. ئەویش وتی: چۆن؟ منـیش وتم: ئـەوا لەویٚ گوندیٚ ئەو ژنەباش و خاسە و لێرەش ئەو ژنە خراپە و هەر لەویٚ ئەو پیاوە بوودەڵـە و لێـرەش پیـاو چـاکی وەك جـەنابتان.. کـاوڕای[٩] جوتیار وتی: دەنە من و ئەو پیاوەی تۆ دەیڵێی ژن بە ژنێمان کـردووە،

---

[٩] - کاوڕا:کابرا.

ئەو ژنە باشەی باسی دەکەی، ئەو ژنە خوشکی منە، پیاوەکەش وارکۆیە[10].

* * *

راگوێزانی ماڵە کوردان

ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتا، زۆربەی کوردەکانی دەوروبەری شاری کەرکووك بەتایبەتی ئەو گوندانەی کەوتبوونە نزیك بیرە نەوتەکان، راگوێزران و تەرحیل کران، یەك لەو ماڵانە ماڵی مام سەعید بوو، ماڵ و منداڵیان لەبەردەم مزگەوتی حاجی محەمەد قەرۆك لەشاری هەولێر دانا، مام سەعید هەر چۆنێبێ توانی رەشماڵێك پەیدا بکات، رۆژی هەینی داهات، بۆ نوێژکردن رووی کردە ئەو مزگەوتە و جەنابی مامۆستاش لەجیاتی ئەوەی باسی ستەم و زوڵمی رژێم بکات کە ئەو راگوێزانەی بەرامبەر کورد کردووە کە دوورە لە رەوشتی مرۆڤایەتی و تەنانەت دوورە لەهەموو رەوشتێکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وتی: شەمچە[11] فلسێك گران بووە، خەڵك هەژارە، پێویستە دەسەڵات چاوێك بەم گرانییە بخشێنێ.مام سەعید ئەوەی لەمامۆستا چاوەڕوان دەکرد لە وتارەکەیدا باس لە زوڵم و خراپییەکانی رژێم بکات وەك دەرهەق بەکوردان دەکرێ، بۆیە سوێند دەخوا هەتا ئەو رژێم و ئەو

---

[10] - وارکۆ/ وچاغ کوێر.

[11] - شەمچە/ شقارتە.

دەسەلاتە لەسەر حوکمبن، ئەوە نوێژی هەینی نەکا، ئەوەبوو ساڵی ٢٠٠٣ ئەو حوکمە کۆتایی هات و مام سەعیدیش پاش ٤٠ساڵ هاتەوە نوێژی هەینی.

* * *

عەبدوڵڵا چی بەسەرهات؟

ئەوەی دەیگێڕنەوە دوورە لە باقرۆ[١٢] و ریژگاو[١٣] ئەندێشە، بەسەرهاتێکی راستەقینەیە و جوانخاسێکی[١٤] لای خۆمان پاڵەوانی ئەو تراژیدیایە کە لەزاری خۆی دەیگێڕێتەوە، منیش بە ئەمانەتەوە وەکو خۆی دەقاودەق دەینووسمەوە.

عەبدوڵڵا وتی: پاش ئەوەی خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، بانگهێشتی راژەی سەربازی کرام، جلی سەربازیم پۆشی و هەرچۆنێبێ خۆم دەگەڵ بارودۆخەکە گونجاند و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووم ئاخۆ کەی ئەو رۆژە دادێ لەکۆڵ ئەو وەزعە ببمەوە، چەند رۆژێ ما لەعەسکەری رزگارمبێ، لەخۆشیان پێم عِەردی نەدەگرت، هێندە کەیفسازبووم، هەروەکو دەڵێن: شام بەسەپان نەدەزانی، وەلێ ئەفسووس بروسکەیەکی بەپەلە هات کە دەبێ هەموو تەسریح بوونێک

---

[١٢] - باقرۆ/ درۆ.

[١٣] – ریژگاو: خەیاڵ.

[١٤] – جوانخاس: حوامێر.

راگیریٚ، بەمەش هەرچی هیوا و ئاواتێکم هەبوون، هەموو وەکو بلقی سەر ئاو پووکانەوە،زەنگی کارەساتێکی دلّتەزێن لێدرا، بووە جەنگ و دژوارترین رۆژی تەمەن، لەو هێزو یەکەی تێیدابووین، بەرەو پێشەوەی بەرەکانی جەنگیان بردین، سێ مانگی رەبەق لەخزم و کەس و کارم دووركەوتمەوە، ئەو سێ مانگەم بەبرسان و بەترس و سەرما و سۆلّ و لاشەی بۆگەنی مرۆڤ بەرێ کرد.

منیان بۆ دواوەی بەرەکانی جەنگ گواستەوە، بۆچەند کارێکی پێویست لەسەر فەرمانی فەرماندەکەمان کە دەبووایە ئیش و کارەکان جێ بەجێ بکەم، بۆ دلّنەوایی دایك و باوك و خوشك وبرا و مالّ و مندالّەکانم، بۆ یەك رۆژ هاتمەوە هەولێر، شوکور هەموویان ساغ و سەلامەت بوون، هەر ئەو رۆژە گەڕامەوە.. مۆلّەتی سەربازی کراییەوە، بەمەش کە مۆلّەتم وەرگرت و چوومەوە نێو ئامێزی خاو و خێزانم، لەوادەی خۆی دواکەوتم، لەگەڕانەوەمدا بەفەرمانی ئامیر منیان بەند کرد.. هەموو سپێدەییەك ئێمەی بەندکراویان کۆ دەکردەوە، غار غارێن و فشە و گالّتەیان پێدەکردین، چەندی لەو ئامیرە پاڕاینەوە کە چیتر دوا ناکەوین و خزمەت دەکەین، وەلێ ئەوئامیرە هێندە کەللە رەق بوو، وایدەزانی گوێزی بۆ دەژمێرین.. ئێوارەیەکیان هاتە لامان، هەڕەشەی لێکردین دەبێ بەو ئێوارەیە پالّتۆیەك بەدەستەوە بگرین و بیخەینە سەر ئەو گردۆلکەی بۆمانی

دەستنیشان دەکات، هەموو سەربازە بەندکراوەکان شەش کەس بووین، لەنێویشیاندا تەنها من کورد بووم، ڕەزامەندیمان نیشاندا، بەچەند کاتژمێرێك خۆمان گەیاندە گردۆلکەکە و نیشانەکەمان دانا و بەدرەنگی شەو گەڕاینەوە.

بۆ بەیانی ئامێرەکەمان بەدووربینەوە سەیری ئەو شوێنەی کرد ئاخۆ بزانێ بەفەرمانەکەی پابەند بووینە یان نا؟سەیری کرد ڕاست دەکەین، وتی: پاشان کارێکی بەپەلەم پێتانە.. ئێمەی بردەوە بەندیخانە.. ئەو ئامێرە هێندە دڵڕەق و دڵبەقین بوو، ئازاری زۆری دەداین. ئێوارەیەکیان دیسان ناردییەوە دوامان و پێیوتین دەبێ بچین چەند سەربازێکی ئێرانی بکوژین و گوێچکەکانیانی بۆ بهێنینەوە، چەکی دایە هەر شەشمان و پڕ فیشەکی کردین.. شەو داهات هەموومان بەڕێکەوتین، من وردە وردە خۆم لێیان دوور دەخستەوە تا ئەو کاتەی خۆم گەیاندە سەنگەرێکی خۆمان کە سەربازەکانی کورد بوون، وتم: براینە بڕیارمداوە رابکەم.. ئەوانیش سەرزەنشتیان کردم ئەو کارە نەکەم.. چونکە هەر لەسەر ئەو بڕیارەی خۆم سووربووم، خوا پاداشتی بەخێریان بداتەوە، هەر یەکەو دوو دیناریان پێدام، چەکەکەم لەنێو لم و زیخ حەشاردا،بەرەو رووی ڕۆژئاوا رووم وەرچەرخاند، تا هێز و تاقەتم دەبەدەندابوو بەڕاکردن و گورگە لۆقە تێمتەقاند، تا بەرە بەری بەیانییەکەی گەیشتمە رووباری کارۆخ کە رووبارێکە سەر بەوڵاتی ئێران، خۆم خستە ئاوەکە و کەوتمە

مەلەکردن و جلە پیس و پۆخلەکەم داکەند و جوان شووشتم، بەهۆی ئەو مووسانەی لەکەناری رووبارەکە کەتبوون کە پێشتر لەلایەن خەڵکی ترەوە بەکار هاتبوون، ریشە دەروێشیەکەم تاشی، کوڵم و روومەتم لەچەند شوێنێکەوە بڕی، چاوەڕوان بووم تا جلەکانم وشك بوونەوە، خۆم لە شوێنێکی ئەو ناوچەیە حەشاردا، خۆر هەڵات، ئوتومبێلێکی عەمباری ئاو هات تا عەمبارەکەی تەژیکا لەئاو، بەهێواشی لە شوفێرەکەی چوومە پێش و سەلامم لێیکرد، کابراش لەبێدەسەڵاتی مندا، واقیوڕمابوو کە بەسەرهاتی خۆم بۆی گێڕایەوە، زگی پێمسووتا، وتی: (انت عبدالله).

وتم: نعم انا عبدالله.

وتی: خەم مەخۆ، چارەیەکت دەکەم، دەزانی سەیارە لێخوڕی؟

وتم: بەڵێ.

وتی: با عەمبارەکە پڕئاو بکەین، ئەوە بێرییە و ئەوەش قایشی پشتێ، تۆ ئوتومبێلەکە لێخوڕە.

سوپاسیم کرد و لەخوای پاڕامەوە بیپارێزێ.

ئوتومبێلەکەم لێخوڕی، لەبازگەی پێشەوە کە یەکجار دژوار و توند وتیژ بوو، ئەو سەربازەی لەتەنیشتم دانیشتبوو، پێیانی وت: گوایە ئەو مۆڵەتی وەرگرتووە، تا دێتەوە من لەجیاتی ئەو تەنکەرەکە پڕ ئاو دەکەم.

وتیان: تەواو، تێگەیشتین، فەرموو بڕۆن.

ئەو کوڕەباشە بۆ من بووە فریادرەسێك هەرگیز لەیادی ناکەم، منی لەسەر شەقامی سەرەکی دانا و وتی: ئەوە دوایین سنووری منە، لێرەوە خوات لەگەڵ.

ئەو ڕۆیشت و منیش بۆ ماوەیەك لەچاوەڕوانیدا خۆم خافڵاند تا سەیارەییەکی بەڕازیلی شین بەدەرکەوت، دەستم لێی بەرز کردەوە، کابرا رایگرت، وتی: اخی موجاز؟

وتم: نعم موجاز.

سوار بووم، سەیارەکە ڕۆیشت، هێندەی نەبرد لەپێشمانەوە سێ سەرباز وەستابوون، ئەوانیش دەستییان لێی بەرز کردەوە، ئەوانیش مۆڵەتیان وەرگرتبوو، گەیشتینە دوا بازگە، هاواری خوام کرد، خوا بەهاوارمەوە هات، کە وتی: ئیجازەتان.

من چونکە لە پێشەوە سواربووم، یەك یەك وەرەقەی مۆڵەتی سەربازەکانم دەدا بە ئاژدانەکە[15] و دەستی خۆم خستبووە گیرفانم بۆ گزنیکردنی[16] ئەو، دیاربوو وتی: بڕۆن، تەواو.

---

[15] - ئاژدان/ ئینزیبات.

[16] - گزنی/ خدع، فێڵ.

گەیشتمە شاری بەسرە کە شارێکی یەجگار مەزنە و کەوتۆتە سەر کەناری دەریا، خۆم خزاندە هوتێلێکی ئەو شارە و گەرماوێکی خۆشم کرد، بە شاگردی هوتێلەکەم وت: برۆ پانتۆڵ و کراسێکم بۆ بکرە.

ئەویش وتی: من هەمە، لەوانەیە بۆ تۆ ببێ.. هەر لەو هوتێلەوە بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەماڵەوە کرد، وتیان: قەت لەبەیانی زووتر نییە، دەگەینە لات.

لە هوتێلەکە خۆم حەشاردابوو، چونکە دەڤەرەکە تەژی بوون لە سیخوڕ و پیاوانی رژێم، لەناکاو لە دەرگای ژووری تەنیشتمیاندا، لەجێوە راچڵەکیم، دوو یاساوڵ هاواریان دەکرد، دەیانوت: عەبوڵڵا دەرگاکە بکەوە.. زۆر ترسام ئەوانە بۆ گرتنی من هاتبن، پاشان بۆم دەرکەوت ئەویش بەدبەختێکە، بەندکراوە، هێناویانە بۆ دادگا.

باوکم بۆ بەیانی بە سەیارەییەکی سۆپەڕ هات و منیان بردەوە هەولێر، چەند مانگێك ئەوها مامەوە، تا ماڵەوە زۆریان لێکردم بچمە رێزی پێشمەرگە نەوەکو جاش و سیخوڕ و پیاوانی رژێم پێبزانن و لەسێدارە بدرێم.. دایك و خوشك و خێزانم بە ئوتومبێلێك منیان لەولای شەقلاوە دانا، خواحافیزیم لێیان کرد، دایکم هەر دەگریا و خوشك و خێزانیشم فرمێسکیان لەچاوان قەتیس مابوو، هەر جنێویان بە رژێم و ئەو حوکمەتە دەدا.

بەپێ ڕێمکرد تا گەیشتمە لای پۆلێ پێشمەرگە و سلاوم لێکردن، لێیانم پرسی: ئێوە چین و سەر بەچ حزبێکن؟.

ئەوانیش وتیان: ئێمە پێشمەرگەین و سەر بە........

چەند ڕۆژێك پێکەوە بووین، وەکو برای گیانی بەگیانی، بەڕۆژ پاسەوان و بەشەویش یاری جۆراوجۆرمان دەکرد، ئێوارەیێك دوو(ڕەفیقی ئەمنیان) هێنا و شەویش هەر هەموومان تا درەنگانێ دۆمینە و کەرەمستانێمان دەکرد، شەوێ خەوتبووم، هەر ئەوەندەم زانی پڕتاو یەك لەو برادەرانە بانگی کردم، وتی: ئامیر کەرتەکەمان تۆی دەوێ.. وتم: باشە با دەم و چاوم بشۆم و جلەکانم لەبەرکەم..وتی: ئەوەی ناوێ زووکە با لێت زویر نەبێ.. منیش بەچاوی خەوالووەوە[17] بە شەوی[18] خەوتنەوە چووم، بینیم هەردوو ڕەفیق حزبییەکان پەلیان بەستراوەتەوە و پشتیان لەیەك کراوە، ئامیر کەرتەکە وتی: عەبدوڵلا ئەوە چەك، فەرموو هەردوکییان بڕشێنە.. منیش وتم: کاکە من پیاوکوژ نیم، من لەترسی پیاوکوشتن هاتوومەتە ئێرە.

ئامیر کەرتەکە وتی: ئەی بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟ یانی جەنابتان نانخۆری جێگرن؟.

وتم: نا، منیش وەکو ئێوەم، بەلام لەژیانمدا تەقەم نەکردووە.

---

[17] - خەوالوو/ خەو.

[18] - شەوی/ کراس.

ئامیر کەرتەکە وتی: دەی، زووکە، بیانکوژە.

وتم: قوربان بمبەخشە.

وتی: دەڵێم یەك، دوو، سێ، بەشەرەفم نەیانکوژی، من تۆ دەکوژم.

زۆر لەبەری پاڕامەوە، پاڕانەوەکەم بێ هودە بوو.. یەك لەو برادەرانە کلاشینکۆفەکەی سوار کرد و دایە دەستم، وتی: بەخوای دەتکوژێ، جا بۆ تۆمە، زووکە.

منیش دۆشدامام، حەپەسام، لەجێوە مت بووم.

ئامیر کەرتەکەوە، کەوتە ژماردن: یەك.. دوو..

برادەرەکە هاواری کرد: زووکە بیانکوژە، بەقسەم بکە خۆت لەمردن رزگارکە.

منیش بەناچاری رووی چەکەکەم تێکردن و سی گوللەم پێوەنان، هەردووکیانم خەڵتانی خوێن کرد، هەردوکیانم کوشت.. بەو دیمەنە چەند رۆژێ نەخواردنم خواردن بوو، نەخەوم خەو، بەم جۆرە فێری پیاوکوژی کرام،بەمەش پیاوکوشتنم بەلاوە بووە شتێکی ئاسایی ئەگەر سەد لاشە ببینم، وادەزانم جووجەڵە مردار بۆتەوە.

بروسکەیەك هات تیایدا هاتبوو گوایە دەرچوویەکی زانکۆ یا پەیمانگاتان لایە بینێرنە بارەگای گشتی.. لەو بروسکەیان ئاگادار کردمەوە، چوومە بارەگای گشتی و لەوێشەوە بۆ چیای مامە رووت لەگوندی وەرتێ، سالێکم لەوێ بەرێ کرد، لەگەڵ ئەو برادەرانەی ئەوێ

زۆر ڕێك و تەبا و كۆك، وەكو برا دەژیاین.. هەمی شەقێ بەگاڵتە و یاریكردن و گۆرانی چڕین و چەپڵەڕێزان ڕامانـدەبوارد..لەناكاو هەر ئەوەندەم زانی لەدواوە قۆڵبەستییان كردم، داركارییەكی ئەوتۆیان كردم، موسڵمان بەكافری نەكردووە، هەر دەمـوت: چییە؟ من چیم كردووە؟ ئاخر چی ڕوویداوە بۆ قۆڵبەستم دەكەن؟.

وتیان: هەی سەگبابی خوێڕی، چما نازانی لەپشت ئاشان چی ڕوویداوە؟.

وتم: نەوەڵڵا.

وتیان: چۆن نازانی، تۆ چۆن چۆنی ڕابەری سیاسی؟.

وتم: براینە ئێمە هەمومان براین، با وەكو جاران هەر برابین، لەوانەیە بارودۆخەكە باشتربێ و من بڕوام بەو ئاژاوەیە نیە.

وتیان: ئێسكتان پڕە لەگوی سەگ، وەڵڵا دەتتۆپێنین.

وتم: برام ئێوە هەڵەن، بۆخۆتان باش دەزانن من مامۆستا و فێرای عەسكەری بووم، لەخۆشی خۆم نەبوومەتە پێشمەرگە.

وتیان: ئەی خوێنی شەهیدەكانی ئێمە؟.

وتم: خوا دەزانێ من ئاگاداری هیچ نیم، وا دەمبینن شەو و ڕۆژ لەگەڵ بەزابیتانم.

وتیان: ورتەت لەدەمەوە دەرنێ هەی مۆشی[19] چەتوون[20].

---

[19] - مۆش/ بێ قیمەت.

ده رۆژی ڕەبەق قۆڵبەستیان کردم،مەگەر بۆ سەر ئاو و نانخواردن نەبێ.. شەوێکی درەنگ برادەرانی ئێمە بەو کارەیان زانیبوو، هێرشیان کردنە سەر، ئەوەی کوژرا لەو برادەرانە یا گیرا، بروسکەیەك لەسەرکردایەتییەوە هات، داوایان لێکردم سەردانییان بکەم، چووم و پێیان وتم دەبێ بچمە ئێران، لە بانە ڕاستاڵێکمان[21] هەیە، چەندت پارەو پوول دەوێ، بگرە تا ملیۆن لەو کاوڕایە[22] وەرگرە و ئازووقە وپەتوو و پاڵتۆمان بۆ بکڕە و بینێرەوە، خۆشت دەبێ لە میوانخانەیەکی نێو تاران جێنشینبی، تا گومانت لێ نەکرێ، جل و بەرگی ئەفەندی و جانتای دیبلۆماسی بۆ خۆت بکڕە.

بەڕێکەوتم بۆ ئەو کارەی پێمسپێردرابوو، بەچەند ڕۆژێ لە بنج و بنەوانی ئیشەکان تێگەیشتم، ئەو ماوەیە وەکو پاشا رامدەبوارد، خەڵك خۆزگەی مەرحەبایەکی من بوون، جار جارەش شتوومەکم بۆ ماڵە خوشکم لە ئەندیمەشك (*) دەنارد..ببوومە ئاغا و کوێخا، ژیانێك دەژیام، خۆم بەخیلیم بەخۆم دەبرد، دەموت: ئای خوایەگیان بزانە منت لەکوێوە بۆ کوێ برد، هەر زاتی تۆ غەیب دەزانی و هەر تۆ شایەنی پەرستنی.

---

[20] - چەتوون/ بێ ئەقڵ. (*)ئەندیمەشك/شارێکە لە باشووری ئێران.

[21] - ڕاستال/ متمانە.

[22] - کاوڕا/ کابرا.

رۆژانە ئەگەر کارم نەبووایە، ئەوە لەشەقام و کووچە و کۆڵانـەکانی تارانـدا خـۆم خـەریك دەکـردن و لـە زۆربـەی ئاپـەرتمان و پارکـەکان رامدەبوارد، زۆریشم حەز دەکردیەکێك لە برادەرانی خـۆم ببینیایـە تـا تێر تێر باسی هەولێر و قەڵا و منارە و خەڵکە سادە و ساکارەکەی بـۆ بکەم.. رۆژ نەبوو ئاخ هەڵنەکێشم بۆ زێدی خۆم و ئـەو شـوێنەی لێـی لەدایك ببووم.. دووری ئازیزان لەسەر دڵم ببووە گرێ کوێرەیـەك، ئـەو تارانە سەلارەم[٢٣] لێ ببـووە گونـدێکی بـێ چـیمەن. چـونکە کـەش و هەوای تاران بەزار وەسف ناکرێ، پڕە لە باخ و گوڵ و گـوڵزار و پـڕ لـە پارك و کۆشك و تەلاری جوان جوان، بۆ ئەو بەسەرهاتەی مـن ئەگـەر دەرهێنەرێك هەبێ، دەتوانێ بیکاتە فیلمێکی زیندی.

شەوێکیان هەر وەکو شەوانی ئاسایی دەگـەڵ بـرادەران لـە هوتێـل دانیـشتبووین، خـواس و واس[٢٤] لەسـەر دۆزی کـورد و شـۆڕش و پارتەکانی کوردستانی خۆمان بوو، ئاگامان لـەوە نـەبوو چـواردەورەی ئوتێلەکە بە پاسداران گیراوە، لەگوێی گادا نووستبووین، ئاگام لـەهیچ نەبوو، چەند ئەفسەرێکی پلە بـەرز هاتنـە ئوتێلەکـە و بـەناو منیـان دەستگیر کرد: تۆ سەر بەتاقمی......

وتم: بەڵێ.

---

[٢٣] - سەلار/ جوان.

[٢٤] - واس/ باس.

وتیان:بۆ چەند کارێکی تایبەت پێویستمان پێتە، ئەگەر بەزەحمەتی نەزانی تەشریف بێنی.

مەسەلەکەم بە ئاسایی وەرگرت، کەوتمە دوایان، منیان بردە بارەگای گشتی سەر بەپاسداران، پاشان بۆ زیندانێکی نێو تاران و پاش دە رۆژ منیان بە سەیارەییەکی سەربازی بردە شوێنێك، دوو کاتژمێر لەتارانەوە دووربوو، لەوێش پاش لێکۆڵینەوە منیان لە زیندانێکی بەندکراوەکانی ئێراق بەند کرد کە پێکهاتبوو لە هۆڵێکی یەکجار گەورە کە پڕبوو لە سەربازی ئێراقی، لەو سەربازانەی لەبەرەکانی جەنگ بەدیل گیرابوون، ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ دیل دەبوو.. زیندانی کردنی من تەنها لەسەر ئەوە بوو من سەر بە....... بووم. وە ئەگینە هیچم نەکردبوو.. لەو هۆڵە گەورەدا منیش وەکو ئەوان گوایە سەربازم و لەبەرەکانی پێشەوە گیراوم، سێ ساڵی رەبەق لەو هۆڵەدا وەکو ئاژەڵ، خۆزگەم بە ئاژەڵ،ئەو پارەو پوولەی هەمبوو، دەستیان بەسەرداگرت و لەو سێ ساڵەی بەندیخانەدا: یەك پانتۆڵ، یەك شەوی، یەك بنکراس، چونکە جگەرەکێش بووم، لە شەو و رۆژێکدا سێ جگەرەیان پێدەداین، پانتۆڵ و کراسی بەندکراوەکانم بە جگەرەیەك دەشووشت، چونکە هەر هەموویان جگەرەیان نەدەکێشا، لەو ماوەیەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ زۆرێکیان پەیداکرد، چەند کوردێکمان دەگەڵ بوون تا بکرایە یارمەتی یەکمان دەدا، بەلاّم لەو ئاستەدا نەبوو کە شایانی باسکردنبێ هەر

کەسێ بەرژەوەندی خۆی دەویست، زۆربەی وەخت دەبووە مەرافە[٢٥] و دەمەقالێ، پاسدارەکان بەبێ تامی جنێویان پێدەداین، لێیان دەداین، هەمیشە ئەو رۆژە سەخت و دژوار و بەئازارانەم لەیاد ناچێ، ئێستاش شەو نییە خەون بەو دێوەزمە و ئەجندانە نەبینم، دێنە خەونم و ئازارم دەدەن، نەعلەت لەپیاو خراپان، مرۆڤایەتی لە فەرهەنگی ئەو جانەوەرانە نەبوو، ئاااااای لەو رۆژانە. زیندانەکە بەپانتاییەکی فراوان تەلبەند کرابوو، خاکەکەی زیخ و لم بوو، شەوێکیان بیرم هێنا و بیرم برد چۆن خۆم لەو بارودۆخە قوتارکەم؟ ئەوەبوو هەمی رۆژێ کە دەرگای سەرەکی هۆڵەکە دەکرایەوە، تا بانگی شێوان دانەدەخرا، بە فیتە دەهاتینە دەر و بەفیتەش دەچووینە ژوورەوە، من بە پیاسەکردن و خۆ خافلاندن خۆم دەگەیاندە تەڵبەندەکە و وردە وردە لیمەکەم نەرم دەکردەوە، بەیەك مانگی رەبەق توانیم بەچنگی دەستان قۆرتێك لەژێر تەڵبەندەکە بکەم بۆ ئەوەی گەر لوا[٢٦] لە ژێرییەوە خۆم دەرباز بکەم، ئەو بیرۆکەم بە هەندێ لە کوردەکانی ئەوێ راگەیاند، ئەوانیش زۆریان پێ باش بوو، پەسندیان کرد رۆژێکیان پێش ئەوەی فیتەی چوونە ژوورەوە لێبدرێ، خۆم لەژێر تەڵبەندەکە مەلاسدا[٢٧]، بەندکراوەکان

---

[٢٥] - مەرافە/ شەڕ و شۆ و هەرا.

[٢٦] - لوا/ توانرا، کرا.

[٢٧] - مەلاس/ حەشارگە، خۆشاردنەوە.

چوونە ژوورەوە، پاسەوانەکان خەریکی نانخواردن و قومار بوون، تاریـك داهات، لەژێر تەلبەندەکە چوومە دەرەوە، تا توانیم غارمدا، ڕەنگە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر زیاتر غارمدابێ، چۆڕێ ئاو و تیلە نانێکم دەگـەڵ خۆم هێنـابوو، جـار جـار قـومێ ئـاوم فـڕ دەکـردن تـا بەیانییەکـەی گەیشتمە سەر شەقامێکی قیرتاو، لەبەر تین و تاوی گـەرمای خۆرەکـە بەپیس و پلووسی[28] خۆم و بەجل و بەرگی سەد پینەکراو، نزا و هـاواری خوام دەکرد، تا درەنگانێ ئەوجا ئۆتومبێلێـك بەشـەقامەکە تێپـەڕی، دەستم لێی بەرز کردەوە، لێخوڕەکە ڕایوەستاند، پڕمداییێ دەستیم ماچ کـرد و بـە فارسـیەکی شـلۆقەوە قـسەم لەگـەڵی کـرد، زۆری لەبـەر پاڕامەوە، کاوڕا کوردی دەزانی، فارس بوو، کە منی بەو جۆرە بـینی، سۆز و ویژدانی جولاً و وتی: سواربە.. بەدەم ڕێگاوە بەسـەرهاتی خـۆم بۆی گێڕایەوە، ئەویش ماچی کردم و وتـی: دیـارە خـوای گـەورە بـەو بەیانییە زووە منی بۆ ڕزگارکردنی تۆ ڕەوانە کردووە، هیچ خەم مەخۆ، دڵنیابە بە ساغ و سەلامەتی دەتگەیەنمە شار.. گەیشتینە شار و وتی: دامەبەزە، خۆی لە سەیارەکە دابەزی، ڕۆیـشت، ئەوەنـدەی پێنەچـوو، هاتەوە، لەگەڵ دەستی خۆیدا کراس و پانتۆڵ و کەوشێکی بـۆ هێنـام، لەبەر خۆم کرد و هەندێ تومەنی پێدام و بردمییە گەراج، بەشوفێرێکی

---

[28] - پلووس/ بێزەوەر.

وت: ئەوە ئامۆزامە، دەیگەیەنیە شاری ئەندیمە شك و ئەوەش كرێی گەیاندنەكەتە.

بە دەكاتژمێر و شەوسو[29] گەیشتمە ماڵی خوشكم كە ئەویش لەدوای نسكۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران ببوون، لەكارگەی جگەرەی ئەندیمەشك وەكو كرێكاری هونەری دامەزرابوو..

خوشكەكەم و ئەوان بە بینینم شاگەشكە بوون، چونكە لە باغ و پارك و شەقامەكان دەگەڕام، لەزەتێكی خۆشم لێی وەردەگرت.هەر شوكرانەی خوام دەكرد بەوەی من ئێستا ئازاد و سەربەستم، رۆژێكیان من و خوشكەكەم پێكەوە دانیشتبووین، مەسەلەی خۆم پێیڕاگەیاند، خوشكەكەم دین[30] و پەژموودە[31] بوو، سەیرم كرد وا دەلەرزێ، وتی: ئەوە كارێكی وەیشوومە[32] ئێستا باوكی زارۆكان[33] بەمە بزانێ، لێرەت دەردەكات.

وتم: ئارا[34]؟.

---

[29] - شەوسو/ سبەی.

[30] - دین/ شێت.

[31] - پەژموودە/ بێتاقەت.

[32] - وەیشوومە/ كارەسات.

[33] - زارۆكان/ منداڵان.

[34] - ئارا/ بۆچی.

وتی: ئێره زۆر خۆویستن، سیخوڕی رژێم کووچه وکۆلاّنانی لـەزەواق ناوه، بەخوا پێبزانن، لەسێدارەمان دەدەن.

که بۆم دەرکەوت من هەڵەیەکی گەورەم کردووه ئەوان چاکه و باشەی منیان لەبیر کردووه، بۆیه وتم: خوشکەکەم، من شۆخیم[٣٥] دەگەڵت کرد، وتم بزانم چی دەڵێی؟ من لەوانەیه بەیانی بگەڕێمەوه سنوور، بچمەوه زێدی خۆم، بچمەوه هەولێرێ.

خوشکەکەم بەو هەواڵه دڵخۆش بوو، که ئێواره مێردەکەی هاتەوەو مەسەلەی منی بۆ باسکرد، هەندێ پارەی پێدام و بردمییه گەراج و رەوانەی بانەی کردم.

له بانه خۆم رادەستی(یوو ئێن)[٣٦] کرد، ئەو رێکخراوه منی بەسیخوڕی ئێراقی لەقەڵەمدا، منیش سوێند و قورئانم بۆ خواردن که شتی وا نییه و نەبووه، بۆ ماوەی چەند رۆژێ بەندیان کردم، تا رۆژێکیان وتیان:ئێراق لێخۆشبوونی دەرکردووه.. منیان رادەستی هەواڵگری عەسکەری چۆمان کرد، رۆژێك لەژێر لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوه و وەرگرتنی ناونیشان، مۆڵەتی حەوت رۆژیان بۆ کردم، هاتمەوه هەولێر، که گەیشتمەوه ماڵ، هەموویان حەپەسان، بووه هەڵهەله و چەپڵەرێزان، هەر کەسێ دەهات، تێر ماچی دەکردم، توومەز

---

[٣٥] - شۆخی/ گاڵته.

[٣٦] - یووئێن: unرێکخراوی نێودەوڵەتی.

بەنگوبار[37] ئەوها بلاو ببۆوە گوایە من شوێن بزر و کوژراوم و ئەوا سێ ڕۆژە ها لەماڵەوەم جا نازانم خوای بەخشندە چی دەکا قەدەریش هەر لەلای زاتی ئەوە.

* * *

وەزیری ئەوقاف

هەر هەموومان، گەورە و بچووك لەدیوەخان دانیشتبووین، باس لەوە کرا بەرپرس دەبێ چۆنبێ؟.

یەکێ وتی: خزمینە با سەربوردەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، من لەیەك لە ڕۆژنامەکان خوێندمەوە کە دەبێ بەرپرس و مەسئوول ئەوهابن، ڕۆژنامەکە نووسیبووی: بۆ ئەو خاوەن دەسەلاتانەی دەیانەوێ خۆیان خۆشەویست بکەن و ناوبانگیان لەناو خەڵك بلاوبێتەوە، با ئەم ڕەفتارە بکەنە دروشمی خۆیان: دەڵێن وەزیری ئەوقافی ولاتی(........) زۆر کاری جوامێرانەی ئەنجامدەدا، هەمیشە لەخزمەتی هەژار و بێنەوایان دابوو، هەموو ڕۆژێ سەردانی مزگەوت و مندالانی هەتیو، پیر و پەککەوتوانی دەکرد.. خزمەکانی وەزیری ئەوقاف بەو کارەی زۆر دڵخۆش بوون، بۆ چەند ڕۆژێك بانگهێشتی لای خۆیان کرد کە خزمەکانی لەدەرەوەی شاردا بوون.. زۆریان خزمەت کرد، لەگەڕانەوە چاوی بەمزگەوتێك، کەوت بە شوفێرەکەی دەڵێت: لەپێش ئەو

---

[37] - بەنگوبار/ دەنگۆ.

مزگەوتە رایگرە، هەر چەندە کاتەکەی کاتی نوێژ نابێ..وەزیرەکە لەسەیارەکە دادەبەزێ، دەچێتە ناو مزگەوتەکە، تا دوو کاتژمێر نایەتە دەرەوە، پێوەندەکانی بەدوای سۆراخی دەچن، بەشێوەیەك دەیبینن، دەبێتە مایەی تێڕامانیان، دەبینن ئەوە خۆی تەنیا کردووە، تەنیا شۆرتی ژێرەوەی نەبێ، ئەوە دەستی داوەتە گسك و وا ئاودەستەکانی مزگەوتەکە خاوێن و بژوین دەکاتەوە، پێوەندەکانی وتیان: قوربان وازبێنە، ئێمە ئەو کارە دەکەین.

ئەویش وتی: خوای گەورە بەهۆی ئەو مزگەوتەوە گەورەی کردوومە، چەندی خزمەت بکەم، هێشتا هەر کەمە.

* * *

بۆراق

ئافرەتێك هاتە خزمەت مەلای گوندی و وتی: مامۆستا ئەگەر مەڕێك بکەمە قوربانی، خێرەکەی چۆنە؟.

مامۆستاش وتی: واحسێبکە سواری بۆراق بووی.

ئافرەتەکە دووبارە پرسییەوە: باشە قوربان ئەگەر نیوەی بدەمە ماڵە خوشکەکەم کە زۆر هەژار و نەدارن؟.

مامۆستا زانی هێشتا بەشی ئەو ماوە، وتی: وادانێ بەبۆراق بەرەو بەهەشت بەرێدەکەوی، هەمدیس ئافرەتەکە وتی: قوربان گەر هەندێکی بکەمە خێر بۆ خزمان؟.

ماموّستا وتی: واحسێبکه لەسەر پردی سیرات دەپەڕییەوە.

ئافرەتەکه وتی: ماموّستا ئەوە مایەوە بۆخۆمبێ چۆنه؟.

ماموّستا که زانی گۆشتەکه بۆ ئەو نابێ، دەستی بۆ هینەکەی خۆی درێژ کرد و وتی: ئەگەر سواری ئەوەت بکەم و بتپەڕێنمەوە.

* * *

ئەوەی پێ درێژ بکا، دەستی درێژ ناکا

برادەرێك گێڕایەوە، وتی: لە خزمەت ماموّستای گوندی دانیشتبووین، پرسیاری هەمەجۆرمان لێی دەکرد، یەکێك هات و وتی: ماموّستا جەنابی(.......) دێتە سەردانتان..ئەو بەڕێزە پیاوێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداربوو، کە بە ژوور کەوت و سڵاوی کرد، ماموّستا پێی خۆی درێژ کردبوو، سڵاوی دایەوە و بەخێرهاتنی کرد، ئەو جەنابە بەدرێژکردنی پێی ماموّستا قەلس بوو، ئەوەش لە سیما و روخساری بەدی دەکرا، پاش چاك و چۆنی و هەواڵ پرسین و خواردنەوەی چای، کابرای دەوڵەمەند هەستا و رۆیشت، پاش یەك کاتژمێر، کابرایەك بەژوور کەوت و هەندێ پارەی کابرای دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکەی بۆ هێنا، ماموّستاش بەکابرای وت: کاکەگیان بەسەردارەکەت بڵێ، ئەو کەسەی پێی درێژ دەکا، دەستی درێژ ناکا، سوپاسی دەکەم.

* * *

دەمەتەقێی ناو شەمەندەفەر

وارێکەوت کابرایەکی موسڵمان و کابرایەکی مەسیحی[38] لەناو شەمەندەفەر لەتەك یەکدی دانیشتبوون، قسە هات و قسە رۆیشت، مەسیحیەکە بە موسڵمانەکەی وت: ئێوەی موسڵمان زۆر عونسرین بەرامبەر ئاینەکەی خۆتان.

موسڵمانەکە وتی: چۆن؟.

مەسیحیەکە وتی: ئێوە ژن لە فەلە و جوولەکە و هەر ئاینێك دەخوازن، بەڵام کچی خۆتان نادەن بە ئێمە و تەنها بۆ موسڵمانانە.

موسڵمانەکە وتی:

راست دەکەی،دەزانی بۆ؟.

مەسیحییەکە وتی: بۆ؟.

موسڵمانەکە وتی:

چونکە ئێمە باوەڕمان بەگشت ئاینێك و پێغەمبەرێك هەیە، بۆ ئێمە حلێبە[39]، بەڵام ئێوەی فەلە یا جوولەکە تەنها بڕواتان بە ئاین و پێغەمبەری خۆتانە، لەبەر ئەوە کچی ئێمە بۆ ئێوە نابێ.

* * *

---

[38] - مەسیحی: فەلە.

[39] - حلێب/ دروست.

دەستنوێژ بشۆنەوە

خەڵکەکە، ئەوانەی نوێژکەر بوون، زۆربەیان لە مزگەوت دانیشتبوون، باس لەهەموو شتێك دەکرا، ماﻣۆستایەکی فەلەش کە لەوێ بوو، یەکێ لەو ئامادەبووانە بابیەکی لێ بەربوو، بانگیدا.. خەڵکەکە هەمووان بۆ نوێژکردن هەڵسانەوە..ماﻣۆستای فەلە وتی: بەهەموو ئەقڵییەتی خۆتان بەتەمان بابیەکە لەسەر من ساغکەنەوە، وەڵڵا من نەمکردووە.

مەلای گوندیش وتی: راست دەکا، برۆن هەر هەمووتان دەستنوێژ هەڵگرنەوە تا کەس لەکەدار نەبێ.

* * *

براژن و گۆڕستان

هاوڕێیەکم تازە بەماﻣۆستا دامەزرابوو، لەو گوندەی تیایدا باوکی پۆلیس بوو، عەریفی بنکە بوو، داوای کرد لەهەمان گوند دامەزرێ، مەعاریفی هەولێریش چونکە گوندەکە دوور بوو، هەر زوو رەزامەندی لەسەر دا و ئەویش بەماﻣۆستا لەو گوندە دامەزرا، ئیشەکەی وابوو، دەبوو مانگانە جارێ بچێتە مەعاریف، هەم بۆ وەرگرتنی ئەو نوسراوانەی لە مەعاریف دەردەچوون، هەم بۆ وەرگرتنی مووچەکەی.

جارێکیان بەدەر لەسەری مانگ، بەباوکی وت: بابە رێم پێبدە سەرێ لەهەولێر بدەم.. ئەویش رێی پێدا و وتی هەر دەچیە هەولێر،

لایت و دەمانچەکەم لەگەڵ خۆت ببە و لەلای(.......)ی جێبێڵە و کەی هاتییەوە تاوەکو تووشی هیچ نەیەیت، ئەوە لەگەڵ خۆت لایت و چەکەکە بێنەوە.

منیش ئەوەندەی دەچوومە شار، لایت و چەکم هەڵدەگرت و لەگوندەکەش ئەو شتانەم لای ئەو برادەرەی باوکم دادەنا تا دەگەڕامەوە.

لەشاری زۆر دەگەڕام، دەچوومە سینەما و سەردانی یەك دوو خزمم دەکردن، رۆژێکیان رام گۆڕا، ئێوارە سواری ئوتومبێل بووم و هاتمەوە، بەبرادەرەکەی باوکمم وت: لایت و چەکەکەم بداتەوە.. برادەرەکەی باوکم زۆری هەوڵدا: کوڕی خۆم بەو ئێوارە درەنگە بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەوە شەو داهات، ئەو رێگایە پڕە لە دەعبا و دڕندە و شتی خراپ.

منیش پێموت: مامە، ئەوە لایت و ئەوە چەك، چی روودەدا؟.

بۆ گوندەکە بەرێکەوتم، پاش نوێژی شێوان گەیشتمە گۆڕستانی گوندی، بیرم هێنا و بیرم برد، ئەگەر بەنێو گۆڕستاندا بڕۆم ئەوە کاتژمێرێك زووتر دەگەمەوە، ئەگەرنا دەبێ بەپشتی چیایەکە بسووڕێمەوە ئەوجا دەگەمە گوندی، لەدەروونەوە بەخۆمم وت: پیاو کە لایت و چەکی پێبوو، ئیدی لەچی دەترسێ.

بەناو گۆڕستانەکە رێمکرد، جار جار بە دوعا و جار جاریش بە گۆرانی تاوەکو ئەو ترسە لەخۆم دووربکەمەوە، لەناکاو گوێم لەخشپە

خشپێك بوو، حەپەسام، خۆم مەڵاسدا، پاش کەمێ بۆم دەرکەوت ئەوە دەنگی ژن و پیاوێکە، یاپش یاپش لێیان چوومە پێش، بەلایتەکە شوێنەکەیانم روون کردەوە، بینیم ئەوە پیاوەکە لەسەر ژنەکەیە، پیاوەکە بەپای خاوسی بۆی دەرچوو، کەوشەکانی بەجێهێشت، ژنەکە بەتەنیا مایەوە، زۆر ترسا، وتی: مامۆستا ئەوە تۆی؟.

وتم: بەڵێ ئەوە منم، وەرە پێمبڵێ بەو شەوە تاریکە لێرە چیتان دەکرد و ئەو پیاوە کێ بوو؟.

ژنەکە وتی: مامۆستا لێرە لۆ خۆ گەمانمان دەکرد، ئەو پیاوەش حەمەدی شوبرام بوو.

وتم: دەك رووت رەشبێ، بەو شەوە تاریکە و لەنێو ئەو گۆڕستانە و لەگەڵ شوبرای خۆت؟.

وتی: ئێمە دەمێکە پێك فێرین، مامۆستا ئەتۆش قسان مەکە، نەوەکو ئابروومان دەچێ، ئیدی چیت دەوێ، من ئامادەم.

من هەتا لەگوندی بووم، ئەو ژنە ژنی من و شوبرا و مێردەکەی بوو، هەرسێکمانی رازی دەکرد.

* * *

دزینی بزن

لەگوندێکی لای باڵەکایەتی، شێخێك هەبوو، جێی متمانەی خەڵکی دەڤەرەکە بوو، رۆژێکیان لەو دەڤەرە بزنێك دەدزرێ سەرداری ماڵەکە کە ناوی مام ئۆمەر بوو، بەو کارە نیگەران دەبێ، کاتێ دەهاتە مزگەوت، غەمگینی پێوە دیار بوو،، شێخ پرسیاری ئەو غەمگینییەی لە کابرا کرد، ئەویش بە خەفەتەوە پێیوت: یاشێخ ماوەییەکە لەگوندی بزنێکم لێ ون بووە، کەسیش ناڵێ بردوومە، من دەزانم کەسێ دزیویەتی.

شیخ: باشە گومانت لەکەس هەیە؟.

مام ئۆمەر: بەڵێ گومانم لەیەکێك هەیە.

شێخ: دەپێمبڵێ کێ یە تا بانگی بکەم و سوێندی بدەم؟.

مام ئۆمەر: قوربان گومانم لە عەزەیە.

شێخ: هەر ئێستا بانگی دەکەم و ئەوسا لە سۆراخی بزنەکە حاڵی دەبین.

ناردییانە دوای عەزە، هێندەی نەبرد، عەزە هاتە مزگەوت و لەخزمەت شێخ دانیشت، شێخیش بەڕوویەکی خۆشەوە پێی وت: ئەرێ کاکە عەزە تۆ دەزانی ماڵی مام ئۆمەر بزنێکییان لێ دزراوە؟.

عەزە: بەڵێ منیش بیستوومە.

شێخ: تۆ دەزانی ماڵی مام ئۆمەر گومانیان هەیە؟.

عەزە: لەمن؟.

شێخ: بەڵێ لەتۆ و هی تر، باشە سوێند بەقورئانێ دەخۆی؟.

عەزە: بەڵێ، سوێند دەخۆم.

شێخ: دەفەرموو دەستنوێژ هەڵگرە.

عەزە بەهەڵەداوان چوو دەستنوێژ هەڵبگرێ، مام ئۆمەر بە شێخی وت: قورئان خواردن گەلێ گەورەییە، تەنها بلێ بەسەری شێخی، من دڵم دادەکەوێ و گومانەکەم لا نامێنێ.

عەزە دەستنوێژی شووشت و هاتەوە، لەتەنیشت شێخی دانیشت.

شێخ: کاکە عەزە، مام ئۆمەر دەڵێ با قورئان نەخوا و تەنها سوێند بەسەری من بخوات، ئەو بەوە رازییە.

عەزە: وەڵا قوربان سوێند بەسەری تۆ ناخۆم ئەگەر هەموو دونیاپێم بدەنێ.

شێخ: هەی ئاڵچاغ سوێند بە قورئان دەخۆی، بەڵام سوێند بەسەری من ناخۆی؟.

هەر ئەو وەختە شێخ سەری خۆی کۆت کرد و کەشیدەکەی فڕێدا، تووڕەبوو، سوێندی لەعەزە خوارد دەبێ تفێك لەسەری بکات.. عەزە ئەوەندەی خۆی هێنا و برد، خەڵکەکە کردییانە هەرا و هۆریایەك، بووە بەزمێك ناگێڕدرێتەوە.

شێخ وتی: وەڵڵا تف لە کەللەم نەکا، ئەوا ئەو گوندە بەجێ دێڵم، یانی سەری من لەقورئانێ گەورەترە؟.

ئاپوورەی خەڵك و پاڕانەوە دادی نەدا، بۆیە عەزە تفێکی لەسەری شێخ کرد و خەڵکەکەش بڕیاریاندا عەزە لەگوندی دەرکەن، هەر بۆیەش عەزە ماڵی لەگوندەکە بار کرد و بەسەر شۆڕی ڕێی گرتەبەرئافەرین جەنابی شێخ.

* * *

ئاشکرابوونی نهێنییەکان

دەڵێن لە ڕۆژگارێکی زووەوە، پاشایەك هەبوو، هەرچی جارێك کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیرەکانی دەکرد، بۆ بەیانی دەقی قسەکان دەکەوتە سەر زاری خەڵکی و هەر زوو بە زوو ئەوەی باسی لێوە دەکرا، ئاشکرا دەبوو.

پاشا بەم کارە گەلێ دڵتەنگ و قەلس بوو، یەك لە ئامادەبووان بە پاشای وت: قوربان من قسەیەکی نهێنیم هەیە تا بە جەنابتانی ڕابگەیەنم، بەمەرجێ ئەوەی لەو دەوروبەرەیە، با لەحزووری جەنابتان مەڕەخەسبێ.

پاشا فەرامینی دا [٤٠] ئەوەی لە کۆشك و ئەوێیە، ئەو شوێنە چۆڵکەن و بچنە دەرەوە. کابرای زانا کە بۆی دەرکەوت کەس لەدەربار

---

[٤٠] - فەرامین/ فەرمان/ ئەمر.

نەماوە، تەنها خاوەنشکۆ نەبیٚ، بە هەڵپەییەکەوە بەپاشای وت: قوربان دەتەویٚ بزانی کیٚ ئەمنهێنیە ئاشکرا دەکات.

پاشا بەم قسانە واقی وڕما: جا بەچی بەڵیٚ دەمەویٚ بزانم؟.

کابرای زانا وتی: قوربان ئەوجارە لەگەڵ هەر کەسێك کۆبوویەوە نهێنییەکی پیٚ بڵیٚ، ئەگەر ئەو قسانە چوونە دەرەوە، ئەوە بزانە ئەو کەسە ئاشکرای کردووە، کە نهێنییەکەت داوەتیٚ.

پاشا ئەو رایەی پیٚ قەبووڵ دەبیٚ و بۆ بەیانییەکەی بۆ هەر یەکیٚ نهێنییەکی دانا و لە بڵاوبوونەوەیدا یەکسەر بۆی دەردەکەوت کیٚ یە ئەوەی نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، یەکسەر لەدەرباری دەردەکات.

* * *

مار و چۆلەکە

پیاوێك هەبوو، تەوەزەڵ و بخۆ و بڕۆ، بژێوی رۆژانەی خۆی لە مزگەوت بەدەست

دێنا.. رۆژێکیان مامۆستا بانگی کرد و پێی وت: کاکی خۆم، بۆ کارێك ناکەی بژێوی خۆت حەلاڵ بکەی چیتر چاوت لەدەستی ئەم و ئەو نەبیٚ، خوای گەورەش لە قورئانێدا باس لە کۆشش و هەوڵ و ماندووبوون دەکات بەوەی لە تۆ حەرەکەت، لەمن بەرەکەت، هەرچۆنیٚ بوو کابرا لۆژ[٤١] هاتە رایی بۆ ئەوەی لە بەیانییەکەی زووتر نییە بەرەو

---

[٤١] - لۆژ/ تەمبەڵ.

کارێك بڕوا و نانێ بۆ خۆی پەیدا بکات تا چیتر چاوی لەدەستی ئـەم و ئەو نەبێ.

بەیانی رۆژی پاشتر ناوی خوای لێهێنا و بـۆ کـارکردن بـەرەو شـار کەوتەرێ، لە رێگادا تووشی شۆك هات کە بینی ئەوە چـۆلەکەیەك بـە دەنووکی خواردن بۆ مـارێك دێنێ، مارەکەش نابینا بوو، بیری کـردەوە خوای گەورە کەس لەبیر ناکا و نانلەری هەموو خولقێنراوێکـە، رێ و رێ گەڕایەوە مزگەوت و مامۆستاش بەبینینی سەرسام بوو، بە تاسەوە لێی پرسی: کابرا ئەی بڕیار نەبوو بچییە شار ئیشێك بۆ خۆت بکـەی، خێرە وا گەڕایەوە؟.

کابرا سـەربووردەی مـار و چـۆلەکەکەی بـۆ مـامۆسـتا گێڕایـەوە، مـامۆستاش وتی: کاکی خۆم، بۆ خـۆت دەکەیتـە مـارەکـە، بـۆ خـۆت ناکەیتە چۆلەکەکە؟ ئەگەر خێرت بۆ دەوروبـەرت هـەبێت باشـتر نییـە لەوەی هەر بەدەمتەوە بکەن؟.

* * *

مۆری شین

پیاوێك دوو ژنی هەبوو، ژیان و گوزەرانی لێ ببووە دۆزەخ، هـەموو رۆژێ لەماڵیان شەڕ و ئاژاوە بوو، تەنانەت دراوسێکانیشیان هەراسـان کردبوو، پیاوەکە نەیدەزانی چیبکا تا لەو دەمدەمانێیەی نێوان خۆی و ژنەکانی قورتاریبێ، پیلانێکی داڕشت و پیلانەکەی سەری گرت، شـەو

چووە لای یەکێکیان و پێیوت: بۆ هێندە قالەقال دەکەی، خۆ مـن تـۆم لەویتر خۆشتر دەوێ.

ئەویش وتی: چۆن؟.

پیاوەکە وتی:

وەرە بلێ بەو قورئانە و سوێند بخۆ، تا من بەڵگـەی خۆشەویـستی خۆمت بۆ دەربخەم، بەمـەرجێ نەیدرکێنی.

ژنەکە سوێندی بۆ بەقورئان خوارد تا لای کەس باسی نەکا..

ئەویش وتی: دەبگرە ئەوە مۆری شین، ئەوە نیشانەی خۆشەویستییە بۆت، بەلام وریابـە تـا مـاوی نـابێ بیـدرکێنی و چـیتر دەودەوانـێ و قالەقال نەکەی.

ژنەکە بەوە هاتە رایێ و دڵخۆش بوو، وەکو پەمۆ دڵی نەرم بوو.

بۆ شەوی پاشتر چووە لای ژنەکـەی دیکـەی و بـە مۆرییـەکی شـین ئەویشی هینایە سەر خەت، کە پێکەوە دادەنیشتن و قسەی خۆشیان بۆ یەك دەکرد..

جار جاریش دەیانگوت: ئەرێ پیاوەکـە کامـەمانت زیـاتر خـۆش دەوێ؟.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە دەیوت: ئەوەی مۆری شینی لەلایە.

* * *

ژنیٚ گۆ، ژنیٚ من

سالآنی زوو گرانی بوو، خەلك نەبوون بوون، زۆر كەس لەگوندی بارگەی تێكدەنا و دەچووە گوندێكی دی تەنها بۆ نان و سك و هەولیدەدا تا لەبرسان نەمریٚ.. مالە عەرەبێك بەخۆی و ژنییەوە روویان كردە گوندێكی كەندیناوە، هەر جارەی لە مالێك دەمانەوە، مام عەرەب تەنیا كەرێكی هەبوو، لەخزمەت ئاوایی، ئیشی دەكردخەلكی گوندی زبارەیان بۆ كرد و ژوورێكییان بۆ بنیادنا، سالێكی بەسەردا نەسووڕایەوە كەرەكە تۆپی، مام عەرەب زۆر غەمگین بوو، خەلكەكە دلنەواییان دەدایەوە، پێیان دەوت: یابە، كەری مە كەری تۆیە.. ئیتر هەر كارێكی هەبوایە، هەر جارەی لە مالێك كەرێكی دەبرد، سالێكی بەسەردا تێنەپەڕی، ئەوجارەیان یابەی عەرەب ژنەكەی كۆچی دوایی كرد، خەلكەكە بە رێوڕەسمی ناشتنی تەرمەكەی هەستان، بەمام عەرەبیان وت: كاكە غەمگین مەبە، هەر هەموومان دەمرین و دونیا بۆ كەس نامێنیٚ.

مام عەرەب وتی: ئەمن دەزانی هەموو دەمری، ژنیٚ ئەنگۆ ژنیٚ من،

خەلكەكە پێكەنین و وتیان: نا، نا، ئەوە وەكو كەرەكە نییە.

* * *

مەلا مەجیدی درێژ

مەلا مەجید هەبوو(خوا عەفووی بکا)بە مەلا مەجیدی درێژ دەناسرا، لەگوندی شۆرەزەرتکە و تەڵەخێمی گچکە مەلا بوو، پیاوێکی زۆر روو خۆش بوو، کە دەبووە باوبۆران، بارانی دێنایە شێوی گوندی، ئاو دەهات، ئەوەی لەبەردەمی با، ئاوەکە دەیهێنا، مامۆستاش پێدەکەنی، کەیف خۆش دەبوو، جارێکیان وتی: زۆر خۆشە لەناو ئوتومبێل بیت وەرگەڕێ بەڵام بەساغی دەرچیت و هیچت لێ نەیەت، بزانە چۆن خول دەخۆیەوە؟.

رێکەوت مامۆستا لەناو ئەتومبێل دەبێ و ئوتومبێلەکە وەردەگەڕێ، ئەویش سەلامەت دەبێ، جا دەیگوت: کاکە بەخوای خۆش بوو، بەرز و نزمێکی سەیرم دی، خۆ ئاواتەکەم هاتە دی.

* * *

گۆشت بۆق

لۆقەنتە پڕ ببوو لەخەڵك، خەڵکەکەی ئەوێ خەریکی خواردن بوون، پیاوێك هات و پرسی: ئەرێ کاکە گۆشت بۆق هەیە؟.

خاوەن لۆقەنتا وتی: بڕۆ لێرە مەوەستە، ئەوە پرسیارە دەکەی؟.

بۆ بەیانی پیاوەکە هاتەوە و هەمان پرسیاری کرد: ئەرێ کاکە گۆشت بۆق هەیە؟.

خاوەن لۆقەنتاکە مشتێکی خەواندێ و بووە هەرا، خەڵکەکە ئاپوورەیان دا و بەهەزار ناڵی عەلی تا لە چنگی رزگاری بوو، دیسان جارێکی تر هاتەوە، دراوسێکانی نزیك لۆقەنتا، وتیان:ئەوا پیاوەکەیە وا بەرەو ئێرە دێ، بەخاوەن لۆقەنتاکەیان راگەیاند ئەگەر ئەو کابرایە پرسی: گۆشت بۆق هەیە، بڵێ هەیە و بزانین چی دەکا؟. پیاوەکە نزیك بۆوە، پرسی: ئەرێ کاکە گۆشت بۆق هەیە؟.

خاوەن لۆقەنتاکە بە دەم بزەییەکەوە وتی: بەڵێ هەیە.

پیاوەکە بەو وەڵامە بێزی خۆی کردەوە و وتی: ئێع، بۆی دەرچوو، چۆن رۆیشت، جارێکی تر نەهاتەوە ئەو شوێنە.

* * *

چوو لە کەر

کابرایەکی عەرەبی بەتەمەن هەبوو، میوانی خزمێکمان بوو، دوا بەخێر هاتن و چاك و چۆنی، یەکێك لێی پرسی: منداڵت هەنە؟.

وتی: نەوەڵڵا چ نینە.

وتیان: بۆ؟ دیارە لەمێژ نییە ژنت هێناوە؟.

وتی: بەرێ وەڵڵا کاکە من زوو ژن هێنا، بەڵام کاکە هەموو چوو لەکەر(توومەز کاتی خۆی هەر خەریکی کەرێ بووە).

* * *

سکاڵای جوولەکەیەک

جوولەکەیەکی سەلیتە[٤٢] سکالای بردە بەردەم والی گوایە موسڵمانێك پارەی لێ قەرز کردووە و ئێستا حاشای لێدەکات و بۆی ناگەڕێنێتەوە.. والی فەرمان دەدا بێتە دادگا و دادگای بکات.. موسڵمانەکە ئامادە دەبێ و جوولەکەکە دەڵێ: جەنابی والی ئەوە ئەو موسڵمانەیە و قەرداری منە، کەچی نکۆڵی لێدەکات گوایە هیچ رووینەداوە و هیچی لێ وەرنەگرتووم، فەرموو جەنابی والی با سوێند بەقورئانێ بخوات، من لە قەرزەکەی خۆشدەبم.

موسڵمانەکە دەڵێ: قوربان من چۆن سوێند بەقورئان دەخۆم، ئەمە درۆییەکی شاخدارە و بۆمی هەڵبەستاوە.

والی وتی: ئەگەر سوێند نەخۆی و بەڵگەشت نییە، دەبێ پارەکەی بۆ بگەڕێنییەوە.

موسڵمانەکە دەڵێ: قوربان مۆڵەتم بدە کارێك بکەم، پارەکەی چەندە بۆی دەگەڕێنمەوە.

والی و جوولەکەکە رەزامەندی لەسەر دەدەن، بۆ بەیانی کاوڕای موسڵمان سەری خۆی هەڵدەگرێ، بەرەو شارێکی دیکە دەکەوێتە رێ بۆ ئەوەی کارێ کاسبییەك بکا و پارەی کابرای لێبداتەوە.. لەژێر

---

[٤٢] - سەلیتە/ بێ شەرم.

سێبەری درەختێك پاڵدەكەوێ، بینی ئەوە قلیشێك دیارە، كە سەیری كرد، مارێك بەزوبانی حاڵ هاتەگۆ: كابرا ئەوە بۆ كوێ دەچی؟.

- بۆ شار، بۆ كاركردن؟.

+ چ كارێك؟.

- هەر كارێكبێ.

+ بۆ ئەوها پەرێشانی بۆ كاركردن؟.

- جوولەكەیەك سكاڵای لەدژم تۆمار كردووە گوایە من قەرزاری ئەوم، والی پێیوتم سوێند بەقورئان بخۆم، منیش سوێندم بەقورئان نەخوارد، چونكە قورئان گەلێ گەورە و پیرۆزە.

+ مادام تۆ قورئانت ئەوەندە لەلا پیرۆزە، بگرە، ئەو خۆڵانە خڕكەوە و بیخەرە ناو هەگبەت، بیدەیتە هەر نەخۆشێك، یەكسەر شیفای بۆ دێت.

موسڵمانەكە سەیری بەو دەمەتەقێیە هات، هەگبەی پڕ لەو خۆڵە كرد و ڕۆیشت، بگەیشتایەتە هەر شوێنێ، هەر نەخۆشێك هەبوایە، لەسەر دەستی ئەو، بەفەرمانی خوای گەورە چاك دەبۆوە، ناوبانگی لەو شارە دەركرد، گەورەی ئەو شارە كچەكەی نەخۆش كەوتبوو، بانگی كابرایان كرد.

گەورەی شار: كاكە دەمێكە كچەكەم نەخۆشە، نیشانی دەیەها حەكیم و پزیشكانم داوە، كەسیان چارەی پێنەكراوە.

- قوربان من چاکی دەکەمەوە.

خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو کابرا موسڵمانە شیفای بۆ کچەکە هێنا و ئەویش بەرامبەر بەو چاکەیە، کچەکەی لێمارەکرد و پارەییەکی زۆریشی پێدا.

موسڵمانەکە بۆ شارەکەی خۆیان گەڕایەوە، لەڕێگادا لە هەمان شوێن بۆ حەوانەوە دانیشتن.. مارەکە هاتە دەر و هەمدیس بەزوبانی حاڵ بەکابرای موسڵمانی وت: ئەوە پاداشتی ئەوە بووکە سوێندت بەقورئان نەخوارد و بەپیرۆزت راگرت.

کابرای موسڵمان بەرەو کاخ[43] والی بەرێکەوت و وتی: قوربان ئەوە بەشاهێدی تۆ، ئەو پارەیەی ئەو کابرا جوولەکە داوای دەکات، بۆم هێناوە، چەندە تا بیدەمێ؟.

جوولەکەکە حەپەسا، وتی: من تەنها دەمویست ئێوەی موسڵمان تاقیبکەمەوە، مەبەستیشم ئەوە بوو تا بزانم تا چەند لەگەڵ قورئاندا راستگۆن، من پارەم پێنەداوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە بوومە موسڵمان.

* * *

پاشای فارس

کاتی خۆی عەرەبەکان لەهیچ شوێنێ نیشتەجێ نەدەبوون، رەوەند بوون، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوون، خانووبەرەیان نەبوو،

[43] کاخ: کۆشك.

تەنها و تەنها رەشماڵیان هەبوو بۆ خەوتن و دانیشتن و حەوانەو پاراستنیان لە گەرما و سەرما.. یەك لە گەورە پیاوانی عەرەب سەردانی فارس دەكات و سەیری خانووبەرە و كووچە و كۆڵانەكان دەكا، سەرسام دەبێ بەوەی ئەوە یەكەمجارە لەژیانیدا چاوی بەو شارستانییەتە دەكەوێ، هەوڵیدا چاوی بەكیسرای پاشای فارسەكان بكەوێ، كە چووە دەربار[44] سیخناخە[45] بوو لە خەڵك، دوای چەند رۆژ چاوەڕوانی، بەیەك لەپاسەوانەكانی وت بەجەنابی كیسرا بڵێ: پاشای عەرەب هاتووە و دەیەوێ بێتە خزمەتی.

كیسرا رەزامەندی لەسەردا بچێتە سەردانی، گەورە پیاوی عەرەب چووە ژوور و چاوی بەشكۆمەندی كیسرا كەوت، واقی ورما، سڵاو و كڕنۆشی بۆ برد.. پاشای فارس بەخێرهاتنی كرد و فەرمووی دانیشتنی لێ كرد، رایەخیان بۆی راخست تا لەسەری دانیشێ، وەلێ رایەخەكەی لادا و لەسەر زەوییەكە دانیشت.

كیسرا: جەنابتان پاشای عەرەبن؟.

+ نەخێر یەكێكم لە رەش و بوودەڵەكانی عەرەب.

كیسرا:ئەی تۆ نەتوتبوو كە من پاشای عەرەبم؟.

+بەڵێ.

---

[44] - دەربار/ كۆشك.

[45] - سیخناخ: پڕ، تەژی.

کیسرا: ئەی بۆچی ژیوان بوویەوە؟.

+خاوەنشکۆ، لەدەرەوە پاشای عەرەب بووم، لێ کە هاتمە خزمەت جەنابتان، خۆم لەئاستی ئێوەدا بە بچووك دەزانم.

کیسرا: ئەی بۆ لەسەر رایەخەکە دانەنیشتی؟.

+ئاخر قوربان وێنەی جەنابتانی لەسەر بوو، پێم شەرمە لەسەر شتێك دانیشم، وێنەی خاوەنشکۆی لەسەر کرابێ.

کیسرا: خواردنتان چییە؟.

+قوربان خواردنمان گەنمە.

کیسرا:ئەوە کامیل بوونی ئەقڵە، زێرەڤانان[٤٦] دەمی ئەو میوانە بکەنەوە، دەمی پڕیکەن لە خشڵ وگەوهەر و زێڕ.

کیسرا بۆی دەرکەوت ئەو کابرایە هۆشمەندە، زۆری رێزلێنا و بۆ چەند رۆژێك لە دەرباری هێشتەوە، فەرمانیدا چەند وەستاییەکی دەسترەنگین و کەرەستەی پێویست بۆ دروستکردن و بنیاتنانی خانووبەرە لەگەڵ خۆی ببا و کۆشکێکی نایابی بۆ لەدورگەی عەرەب بۆ دروست بکەن و خەلاتێکی زۆریشی بکەن.. عەرەبەکان وردە وردە فێری نیشتەجێ بوون و لەوەوە شارستانیەت هاتە کایەوە.

* * *

[٤٦] - زێرەڤانان/ پاسەوان.

سڵاوکردن

دەڵێن پیاوێکی ماقووڵ بەسواری ئەسپ سەردانی یەك لە هاوڕێیەکانی دەکات و بەشوێنێك تێدەپەڕێ، چەند کەسێکی لێ دانیشتبوو، سڵاویان لێدەکات، کەس ورتەی لەدەمەوە دەرنایەت، تەنها یەکێکیان دەڵێ: سڵاو لەخۆتان.. سوارییەکە دەڵێ: مادام تۆ ئەو وەڵامەت دایەوە، بگرە، ئەو مشتە پارەیە.

ئەوانیدی حەسرەتیان خوارد و وتیان: خۆزگە ئێمەش وەڵامان دەداوە، ئێستا لەو پارەیە بێبەش نەدەبووین.

❊ ❊ ❊

بەندیخانە

لەساڵانی شەستەکاندا هەولێرییەك دەچێە پایتەخت و لەوێ تووشی گرفت دێ، لەلایەن پۆلیسەوە قۆڵبەست دەکرێ و بەندی دەکەن، چەند ڕۆژێ لەبەندیخان دەمێنێتەوە، بۆ یادگاری هەندێ وێنە لەگەڵ بەندییەکان دەگرێ.. قەدەر وادێنێ یەك لەبەندکراوەکان دەبێتە پیاوی یەکەمی ئێراق.

پیاوە هەولێرییەکە وێنەکەی دەردێنا و تافی ئەوەی لەناو خەڵك لێدەدا: من وێنەم لەگەڵ ئەو بەرزەپیاوە گرتووە، ئەها سەیریکەن.

هەندێ لە هاوڕێکانی هانیاندا سەردانی سەرۆك بکا و ئەویش بەرەو بەغدا بەڕێدەکەوێ، دەگاتە گەراج و یەکسەر بەرەو کۆشکی

کۆماری هەنگاو دەنێ، لەوێش مۆڵەت وەردەگرێ و داوا دەکات سەرۆك لەهاتنی ئاگادار بکەنەوە..

کاتێك چاوی بەسەرۆك دەکەوێ، دەمودەست وێنەکەی دەردێنێ و نیشانی دەدات..

سەرۆك بەو دیمەنە پێدەکەنێ، وێنەکەی لێ وەردەگرێ و دەیخاتە ناو مێزەکەیەوە: وەخێرهاتی؟.

+سوپاس سەرۆك، بەڵام وێنەکەم بدەوە.

=نا..نا.. ئەوە هی من.

سەرۆك کە قەڵەم و کاغەز دەردێنێ و هەندێ شتی تێدا دەنووسێ و کاغەزەکەی بۆ رادەگرێ: برۆ وەرگرە.

+زۆر سوپاس.

کابرای هەولێری پارەییەکی باش وەردەگرێ و پێی دەڵێن: ئەوە دواین جارتە، جارێکی دی نەیەیتەوە.

کە گەڕایەوە هەولێر، بەپارەکە سەڵتەنەتی لێدەدا و شەڕابی دەخواردەوە تا هەرچی پارەیەکی وەریگرتبوو، هەمووی لەسەر دانا و هاتەوە سەر ساجی عەلی.

* * *

ڕێگرێك سەربووردەی خۆی دەگێڕێتەوە

دیوەخانی گوندی لە خەڵك سیخناخەی دەهات، تژی بوو لەپیر و جحێل و مێرمنداڵ.. کابرایەك هەبوو کاتی خۆی ڕێگری زۆر کردبوو، لێیان پرسی: دەسەربووردەیەکمان بۆ بگێڕەوە.

ئەویش وتی: کەی ئێستا کاتی ئەم قسانەیە؟.

مەلای گوندی وتی: کوڕەکە خۆشە با هەندێ پێبکەنین، دەی شەرمی پێناوێ، دەی بێژە.

کابراش تووڕی هەڵدا: بەراستی ناتوانم لەقسەی مامۆستا دەرچم، وابەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە، کاتی خۆی هەرزەکار بووم، ئەسپێکم هەبوو، باوکم تەنها منی هەبوو، هەرچییەکم بکردایە، ورتەی لەدەمەوە دەرنەدەهات، ڕۆژێکیان بۆ ڕاو بەرەو کێوەکانی لای سەرەوە ڕۆیشتم، بەدەم ڕێگەوە کەوتمە دوای نێچیرێك تا بەزاندم و کوشتم، لەدوور ڕا ڕەشماڵێکم کەوتە بەر چاو، بەرەو هەوارگەکە بەرێ کەوتم، تەنها ئافرەتێکم بینی، سلاوم لێیکرد و ئەویش بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم، هێندەی نەبرد پیاوەکەی پەیدا بوو، بەخێرهاتنی کردم و کاورێکی[47] سەربڕی.. ئێوارە تا تێر تێر بووین، لەو کاوڕەمان خوارد.. شەو ڕاکشا، پیاوەکە خەوت و منیش بەهەلزانی، دوو کاوڕم پێش خۆمدا و بەرەو ماڵ هاتمەوە، زێتر لەدوو کاتژمێر بەڕێوەبووم، هەر

---

[47] - کاوڕ/ مەڕ.

هێنـدەم زانـی ئـەو پیـاوەی میـوانی بـووم، تەماشـا دەکـەم لـەپاڵ تاشەبەردێك خۆی مەلاس داوە، چاوەڕێم دەکـات، تـەواو لێـی نزیـك بوومەوە، وتی: ڕێبوار، تۆ ئەو کەسە نـەبووی ئەمـشەو لـەلام میـوان بووی؟.

وتم: بەڵێ من بووم.

وتی: سـەیری نێـچیرەکەت بکـە، بەچـاوتروکانێك، تیرێکـی گرتـە کەللەی، دیسان وتی: بەردێك بەرز بکەرەوە.. منیش بـەردێکی پـان و لووسم بەرزکردەوە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ـدا، کـابرا تیرێکـی تێگـرت، بەردەکە بووە چەند پارچەیەك و بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە نیشانـشکێنە، ڕەنگە هەر جووڵەیەك بکەم، لەناوم ببا، دووبـارە دەنگیـدا: بەراسـتی شەرمە بۆ من میـوانی خـۆم بکـوژم، بـەلام قەیناکـە ئـەوجارە لێـت دەگەڕێم، بڕۆ، هااااا، جارێکیتر ئەو کارە دووبـارە نەکەیـەوە..منـیش جلەوی ئەسپەکەم ڕاکێشا و بەترس لەرزەوە هەنگاومنا.. کابرا دیـسان هاتەوە گۆ: بگەڕێوە؟.لەدەروونـەوە وتم: بـەو خوایـە لەوانەیـە ئـازارم بدات، بەلام وتی: ڕەنگـە تـۆ بابایـەکی نـەداربی؟.وتم: بـەڵێ، ئەگـەر پێویستیم پێـی نەبوایـە، شتی وام نـەدەکرد، وەئەگینـە ئـەوە لـەمن ناوەشێتەوە..وتی: قەینا، بڕۆ بەگەردەن ئـازایی هـەردوو کاوڕەکـە بـۆ خۆت ببە.

ئەوەی من چاوەڕێم دەکرد، ئاوەژۆی رایەکەم بوو، بۆیە رووم کردە کابراکە و وتم:وەڵڵاهی تا ئێستا پیاوی وەکو تۆ ئازا و چاونەترسم نەدیوە وەکو تۆ بەبەزەیی و بەخشندەبێ، وەکو تۆ نیشانشکێن بێ، وەکو تۆ قەدری میوان بگرێ.

وتی: هەڵلاّ، هەڵلاّ لەو وەسفە جوانە، وەڵلاّهی من شایانی ئەو قسانە نیم، ئەوا دوو کاوڕەکە و ئەسپەکەشم پێشکەشتبێ.

منیش ئەولا و ئەولایم ماچ کرد و بەڵێنمدا چیتر بەکاری خراپە هەڵنەستم.. لەو رۆژەوە بووینە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی و زوو زوو دەچوومە سەردانی و دیدەنیم دەکرد.

* * *

پێویستی

هاوڕێیەکم زوو زوو سەردانی دەکردم، لەلام دادەنیشت، بەیەکەوە باسی ژیان و گوزەرانی خۆمان دەکرد، ئەو هاوڕێیەم وتی: برادەرێکم هەیە مەلای مزگەوتە، بۆ خۆی گێڕایەوە وتی: کابرایەك هەبوو لەترسی رژێم ناوە ناوە دەهاتە لام و لەگەڵ فەقێیەکان دادەنیشت و گوێی لەدەرسەکانم رادەگرت.. رۆژگار هات و قەدەر وای هێنا ئەو کابرایە بووە بەرپرسێکی بالاّ، منیش وتم: دەبا سەردانییەکی بکەم.. چوومە سەردانی، حورمەتێکی زۆری گرتم، وتی: ژیان و بژێوی رۆژانەت چۆنە؟.

وتم: خانووەکەم پێویستی بەچاککردنەوە هەیە، هەندێ پارە قەرزارم و حەمەی کوڕم دەڵێ ژنم دەوێ..ئەویش سی هەزار دیناری پێدام وتی: فەرمووئەوە سی هەزار، بڕۆ خانووەکەتی پێ نۆژەن بکەوە و قەرزەکەی پێ بدەوە و ئەوەی مایەوە بۆ کاکە حەمە ژنی پێبێنە.ئەوجا بەپێکەنینەوە وتی: هاااا، جارێکی دیکە نەیەیتەوە.. ساڵێکی بەسەردا نەسووڕایەوە، دووبارە چوومەوە لای، وتی: هاااا، ئەوە چۆنە دەرکەوتی؟.وتم: تەنها بۆ سڵاوکردن هاتوومە و هیچیتر..وتی: من دەڵێم کارێکت هەس، ها ئەوە بیست هەزار دینار..دیسان ئەوەندەی پێنەچوو، چوومەوە سەردانی و وتی: هااااا، ئەوجارە بۆ هاتی؟. وتم: باوەڕ بکە تەنها بۆ دیدەنیت هاتووم.. پێکەنی و وتی: ئەوەش بیست هەزار دینار..منداڵەکانم زۆریان لێکردم بچمەوە سەردانی.. چوومەوە لای، وتی: تەنها هاتووی بۆ دیدەنیم؟.

وتم: نەخێر قوربان..

وتی: ئەی چۆنە وا زوو هاتییەوە ؟.

منیش وتم: کاتی خۆی من دوعایەکم فێرکردی، ئێستا لەبیرم چۆتەوە، هاتووم بینووسمەوە..

وتی: کاکە، دایە قاقای پێکەنین و وتی: مامۆستا هەر کەی دێی وەرە، ماڵ ماڵی خۆتە.

* * *

گرد وەرە ئێرە

ئەو کاتەی ئیش و کار بەکۆتا دەهات، دەمە دەمی ئێوارە خەڵکەکە وردە وردە روویان لەمزگەوت یا دیوەخانی گوندی دەکرد، زۆر جاریش وا رێك دەکەوت سەکۆیەك لەنزیکی دیوەخان دروست دەکرا تا لەشەوانی هاوین، بۆ فێنکی و رابواردن لەوێ کۆببنەوە، رێگەی سەرەکی گوندیش هەر نزیکی ئەو شوێنە بوو.. خەڵکەکە هەڵتروشکابوون..ئوتومبێلێك هات و لەتەك سەکۆیەکە رایگرت، پیاوێکی ریش سپی بەتەمەنی لێ دابەزی، خەڵکەکە چوونە پێشوازی و بەخێرهاتنێکی گەرمیان کرد.. ئاو و چایە و قاوە خورایەوە..چەند جحێلێکی لاساری گوندی بەشان و شەوکەتی پیاوە ریش سپییەکەیان هەڵدا، کابرا بەو پیاهەڵدانە لەخۆبایی رووی تێکرد، ما هێزو توانا و کەرامەتی خۆی باس بکا، هەر بەخۆی وتی: ئێستا ئەمرکەم ئەو گردە دەهێنمە ئێرە.

خەڵکەکە بەو قسەیە دڵخۆش بوون، وتیان: وەڵڵاهی ئەگەر شتێکی وا بکەی، ئەوە مەپرسە چەند کاریگەری باشی بۆ ئێمە دەبێ وەکو بەرزی گردەکە، سێبەر لەکاتی هاوین و رەمەزانان، دانیشتن بۆ هەوای فێتك، چاندی بەچەند درەختی بەبەرهەم، سوودی تریش هەر باس ناکرێ.

مامەی ریش سپی ئەمری کرد: ئەی گرد وەرە ئێرە؟.

خەڵکەکە بەپەرۆشەوە لەچاوەڕوانیدابوون، بەڵام گرد نەهات، کاتژمێرێکی خایاند، ئێستاش گردەکە نەجووڵا، وتیان: قوربان ئەوە گردەکە نەهات.

وتی: باوکم، من ئەمرم کردووە چۆن نایێت، با نانەکە بخۆین، بۆخۆی دێت.

نان خورا و دەست شۆردرا، گرد هەر لەشوێنی خۆی بوو، جووڵەی نەکرد،دووبارە وتیان:گردەکە نەهات، هەر لەشوێنی خۆیەتی.

ئەویش وتی: باشە خۆ زەحمەت نییە، ئەو نەهات، ئێمە دەچین.

خەڵکەکە دایانە قاقای پێکەنین.

* * *

نوورانی

پیاوێکی بەتەمەن بۆمانی گێڕایەوە، وتی:من تەمەنم هەر هەشت نۆ ساڵێك دەبوو، دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە گوایە شێخ هاتووە و وا لەمزگەوتە.. بەڕاکردن خۆم گەیاندە مزگەوت، مزگەوتەکە سیخناخە بوو لەخەڵك، منیش وەك ئەو خەڵکە چووم دەستیم ماچ کرد، کە ئەو رۆژەم وەبیر دێتەوە، بەراستی بەدوو شت دڵخۆش بووین، یەکەم شت: بەهاتنی شێخ و زیکرکردن و کەشف و نورانی شێخ..دووەم شت: بەخواردنی گۆشت و پلاو برنج، کاکە گۆڤەندێك بوو هەر مەپرسە، باوکم بەهاتنی شێخ مەست و کەیف خۆش بوو، شەو لەخزمەتیا

وەستابووین، گوێمان لە قسەکانی دەگرت، خەڵکەکەش بەتەوسەوە ئاپوورەیان دابوو، دەیانوت: شێخ نوورانییە، درەنگانی شەو نوور لەجەستەی هەڵدەکا..من و چەند هەرزەکارێکی گوندی، ئەو شەوە نەخەوتین، تامەزرۆی ئەوەبووین بزانین چۆن نوورێکە؟ لەکون و قوژبنان سەیری شێخمان دەکرد، پاشان راکشان، بۆ شەوێ شەوق و رووناکی مانگ لەو ژوورە بڵاو ببۆوە، سەیرمان دەکرد ئەوە دەست بۆ شتێك دەبا، شێوەکەی لوولەییە، هەر کە دەستی بۆ دەبا، رووناکی بەرپا دەبێ، باوەڕ بکەن، بەخۆم بەچاوی خۆم دەمبینی، پاشان کەگەورە بووم، ئەو شتە لوولەییەم بۆ روون بۆوە زانیم ئەو شتە لایتە.

* * *

مام دەروێش

مام دەروێش خەریکی نوێژکردن بوو، کە لێبۆوە، دوو سێ منداڵ پێیان وت:مام دەروێش شەلوارەکەت پیسە بە(.......)ە.

مام دەروێش کەوتە دوای منداڵەکان..

خەڵکەکە لێیان پرسی: خێرە؟ئەوە چیبووە؟.

ئەویش بەهەڵپەیەکەوە وتی:

کاکە نوێژەکەم قبووڵ ببوو، ئێستا دەبێ شەلوارەکەم بشۆم و دووبارە نوێژەکەی بکەمەوە.

* * *

مووی تیایە

کابرایەك هاوڕێیەکی داوەتـی ماڵـەوە دەکـات، خـواردن دانـدرا و دەستکرا بەنان خواردن، خانەخوێکە بە هاوڕێکەی دەڵێـت: ئاگاداربـە، پاروەکەت مووی تیایە.ئەویش وتی:وەڵڵاهی چـیتر نـان نـاخۆم، چۆن دەبێ تەماشای پارووی من بکەی.

* * *

سەباب تەئینزباتی

هەردوو براکەم لەدەڤەری بادینان بوونە مامۆستا، رەمەزان داهات، پرسییان کێ بەڕۆژوو دەبێ؟ یەکێك وتی: من.. وتیان: ئەگەر زەحمـەت نەبێ دەتوانی شەو بۆ پارشێو ئاگادارمان بکەیەوە؟ وتی: بەسەرچاو.

هەموو شەوێ کە پیاوەکە دەهات، لەدەرگای دەدا بۆ ئەوەی لەخەو رابن، یەکێکیان لەگەڵدابوو، بەردەسـت بـوو، کەسـی نـەبوو، ئـەویش لەگەڵ ئەوان هەر لەقوتابخانەکـە دەخـەوت، بـەڵام بـەرۆژوو نـەدەبوو، شەوێکیان بەردەستەکە بـەکابرای وت: کـوڕە سـەباب تـە ئینزیباتـە، خودێ هەمی شەڤ دهێی ئەو هەرایە دەکەی؟.

* * *

پێغەمبەرە

مامۆستایەك گێڕایەوە، وتی:جار جار لەگوندی سەردانی یـەکێکمان دەکرد، پێیان دەوت یاشێخ.. ئێوارەییەکیان من و یەك دوو مامۆستا

چووینه سەردانی، چەند کەسێك لەپێش هەیوانەکە دانیشتبوون، منیش وتم: ئەریٚ شێخ لێرەیە؟.

یەك لەوانەی دانیشتبوو، وتی: مامۆستا، مەڵێ شێخ..وتم: ئەدی چیبڵێم؟. وتی: بڵێ: پێغەمبەر..منیش وتم: وەڵا نەمانزانیووە، ببوورن.

کاتێ چووینە ژوورەوە، شێخ لەبەرمان هەستا و بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین، ئاو و چایەمان خواردەوە، من خۆم بۆ نەگیرا، وتم: یاشێخ چما جەنابتان بوونەتە پێغەمبەر و ئێمەش نەمانزانیوە؟. وتی: چۆن؟. وتم: وەڵا دەروێشەکانت وا دەڵێن.. شێخیش پێکەنی و وتی:ئەی بەخۆتان نازانن ئەوانە کەم ئەقڵن.

هەندی لەلای ماینەوە، پاشان هەڵساین، لەبەر دەرگا وتم: دەروێشینە، کەی شێخ دەڵێ من پێغەمبەرم؟.

وتیان : (...)خواردییە، وەڵڵاهی پێغەمبەرە.

* * *

هاتنی شێخ

ئاغای گوندی بۆ خۆی گێڕایەوە، وتی: لەنزیکی دیوەخانەوە، کاولێك هەبوو، تەنها لا دیوارێکی مابوو، بە پاڵدانێك دەڕما، وتیان: شێخ تەشریف دێنێ، یەك لەوانە خزمەتی منی دەکرد، وتی: وەڵلا

دەبێ سەرت لەلای شێخ بەرز بکەمەوە..منیش لەمەبەستی نەگەیشتم..

جەنابی شێخ هات، ئەوەی وتی سەرت لەلای شێخ بەرز دەکەمەوە، سەری کۆت کرد و هاواری کرد، تا هێزی تیابوو کەللەی لەدیوارەکەدا، دیوار لەجێی خۆی نەبزووت، کابراش یەك مانگی رەبەق بێ هۆش و زمان لە خەستەخانەی هەولێر مایەوە.

* * *

تیمساح

کابرایەك وتی: ئەو کاتەی سەرباز بووم، فەرماندە تیمساحێکی بەخێو دەکرد، دەبوو خزمەتی ئەو تیمساحە بکەین، هێندەی پێنەچوو تیمساحەکە ون بوو، فەرمانمان پێکرا بکەوینە گەڕان و سووڕان تا بیدۆزینەوە، زۆرمان هەوڵدا، تیمساحەکەمان نەدۆزییەوە، هاتینەوە، بەڵام هاوڕێیەکەم دیار نەما، کەوتمە دوای، تەماشا دەکەم ئەوە مارمیلۆکەکی بەداوێك گرتووە، جار جار قەرسیلەکی دەخەوێنێ و پێیدڵێ: کوڕە سەگباب، بێژە بابێتە لە کێیە؟.

* * *

چۆن خۆیان کردە پێغەمبەر؟

پاش کۆچی دوایی حەزرەتی موحەممەد(د.خ) بەتایبەت لەسەردەمی عەباسییەکان، ئەو کات لەبەر ئاژاوە و ناتەبایی موسڵمانەکان،

چەندین کەس داوای پێغەمبەرایەتیان دەکرد، لێرە لەسەر هەندێکیان دەدوێین.

١= لەبازاری بەغدا، کە ئەو کات پایتەختی دەوڵەتی موسڵمانان بوو، کابرایەك هاواری دەکرد، دەیوت: خەڵکینە من پێغەمبەرم، وەرن باوەڕ بهێنن.

هەواڵەکە گەیشتە خەلیفە(ئەمیرولمۆئمنین) ئەویش فەرمانیدا کابرا قۆڵبەست بکەن و بیگرن.. کابرایان هێنایە بەردەم خەلیفە.

- کوڕە وایە خۆت کردۆتە پێغەمبەر؟.

+ بەڵێ قوربان.خەلیفە کت و پڕ کارێکی هاتە پێش، فەرمانیدا کابرا ببەنە مەتبەقی کۆشك..مانگێکی خایاند، خەلیفە کابرای بەبیر هاتەوە، وتی: بڕۆن کابرام بۆ بانگ بکەن.

کابرا هاتە ژوورەوە سەر و سیمای جوان و قەڵەویش ببوو.

- سلاّوتان لێبێ.

+ سلاّو لەخۆتان.

- کوڕە ئەتوو بووی وتبووت من پێغەمبەرم؟.

+ بەڵێ قوربان.

- باشە ئیلهام و سروت[٤٨] بۆ دێ؟.

+ بەڵێ قوربان.

---

[٤٨] - سروت/ وەحی.

- چی دەڵێ؟.

+ دەڵێ شوێنت زۆر باشە، لەکیس خۆتی مەدە.

- ئەوها؟.

+ بەڵێ.

- باشە با لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە.

ئەوانەی لەدەربار بوون، کردییانە پێکەنین.

٢- یەکێکیان قۆڵبەست کردبوو، هێنایانە لای خەلیفە، خەلیفە وتی: ئەو کابرایە چی کردووە؟.

وتیان: ئەو کابرایە دەڵێ من پێغەمبەرم.

خەلیفە کەوتی:کابرا راستە ئەو قسەیەت کردووە؟.

+ بەڵێ قوربان.

یەك لە وەزیرەکان وتی: قوربان لێمگەڕێ با بەو شمشێرە سەری پەلدەم.

- وەزیر جارێ راوەستە با من هەندێ پرسیاری لێبکەم، باشە تۆ داوای پێغەمبەرایەتی دەکەی، وەکو حەزرەتی یونس دەتوانی؟.

+ باشە حەزرەتی یونس چی کردبوو؟.

- حەزرەتی یونس کەوتە ناو سکی نەهەنگ و ساتێك مایەوە، پاشان لە دەمی هاتە دەر و نەمرد.

+ وەڵڵا ئەوە زەحمەتە.

- باشە ئەی وەکو حەزرەتی موسا.

+ ئەو چۆن بوو؟.

- دەریای نیلی شەق کرد.

+ بەخوای ئەمەش زەحمەتە.

- باشە وەکو حەزرەتی ئەییوب.

+ قوربان ئەو چۆن بوو؟.

- ئەو نەخۆش بوو، لەش و جەستەی هەموو برین و زام بوو، بەلاّم خۆی بە ئاو شۆرد و چاك بۆوە.

+ وەڵلاّ قوربان ئەوەش ئاسان نییە.

ئەو کابرایە جار نا جارێ تیلە نیگایەکی دەدایە ئەو وەزیرە نەوەکو زەبرێکی لێ بووەشێنێ. خەلیفە لەپرسیارەکانی بەردەوام بوو: ئەی وەکو حەزرەتی عیسا.

+ ئەو چۆن بوو؟.

- مردووی زیندوو دەکردەوە.

+ بەڵێ قوربان دەتوانم، ئا دەی ئەو شمشێرەم بەرێ ئێستا سەری وەزیر پەل دەدەم و زیندووە دەکەمەوە.

وەزیر وتی: من بڕوام بەتۆ هێنا.

هەر لەوێ بوو بە پێکەنین و خەلیفە داوای لێکرد جارێکی تر ئەو قسانە نەکات، چونکە پێغەمبەری ئیسلام دواین پێغەمبەرە.

کابراش وتی: قوربان بمبەخشە، تۆبە.

٣- یەکێکیان هێنایە خزمەت پاشا، پاشا پێیوت: کابرا تۆ چی؟

+من پێغەمبەرم.

- نیشانەی پێغەمبەرایەتیت چییە؟.

+زۆرن.

- وەکو

+ دەزانم تۆ ئێستا لەدڵی خۆت دەڵێی من درۆزنم.

- راست دەکەی.

پاشان بڕیاریدا بخرێتە زیندان و پاش چەند مانگێک، پاشا وتی: ئێستا سروشت(وەحی) بۆ

دێ؟.

+ نەخێر قوربان، چونکە فریشتە نایەتە ناو زیندان.

پاشا پێکەنی و ئازادی کرد.

٤- لەدوورگەی عەرەب کابرایەك پەیدا ببوو، دەیوت: من پێغەمبەرم.. ئەو کابرایە وەکو رێسایەك زۆر شتی سانای بۆ خۆی دانا،لەوانە: حەلاڵکردنی دەست لەملانێی ئافرەت و پیاو، مەلەوانیکردنی هەردوو رەگەز، نوێژنەکردنی نوێژی شێوان، نەکردنی نوێژەکان لەکاتی خۆیدا، کەمکردنەوەی رۆژانی رەمەزان..بەو شتانە

کۆمەڵێ خەڵکی سقیل[٤٩] دوای کەوتن.. کابرا خۆی دەهێنا و خۆی دەبرد، ئارەقەی دەڕشت، دەیوت: ئەوە وەحیم بۆ هات.

کە لێیان دەپرسی: وەحیت لەسەر چی بۆ هات؟.

دەیوت: لەسەر بۆق، ئەی بۆق نیوەت لە ئاوە و نیوەکەی تریشت لە خۆڵە.

خەلیفە ئەبوبەکر(خ.ر)لەشکرێکی ئامادە کرد و هێرشییان کردنە سەر، ئەو پێغەمبەرە درۆزنەیان کوشت لەگەڵ چەندانی دیکە.. ئەو کەسەی ئەو درۆزنەی کوشت، هەر ئەو کەسەبوو کە ئیمامی حەمزە (خ.ر)ی مامی پێغەمبەری کوشتبوو، دوای موسڵمان بوونی، لەخوا پاڕابۆوە، وتبووی: خوایە چۆن باشترین و گەورەترین موسڵمانم کوشت، ئەوهاش گەورەترین کافر و زەندیق بکوژم.. خوای گەورەش نزایەکەی قبوڵ کرد.

٥- پیاوێ ناوی نوح بوو، داوای پێغەمبەرایەتی دەکرد، تەنها یەك کەس باوەڕی پێهێنا، هەردووکیان هێنایە خزمەت پاشا، پاشا پێیوتن: تۆبە بکەن، وە ئەگینە لەخاچتان دەدەم.

هاوڕێکەی نوح هەر زوو بڕوای هێنا و تۆبەی کرد.

کاتێ پاشا رووی کردە نوح و وتی: ئەی تۆ نوح چی دەڵێی؟.

نوح وتی: قوربان من پێغەمبەرم.

---

[٤٩] -سقیل: سادە.

پاشا زانی درۆزنه و نایەتە بن بارەوە، فەرمانیدا لەخاچی بدەن.

بزمارکوتیان کرد، بەسارییەکە بەسترایەوە، بەهاوڕێکەی وت: ئا ئەوها وازم لێدێنی؟.

ئەویش پێیوت: لە کەشتییەکە تەنها سارییەکەت لەگەڵە هەی بێ ئەقڵ.

٦- لەبازاڕدا یەکیان دی، هاواری دەکرد: خەڵکینە من پێغەمبەرم، وەرن باوەڕ بهێنن.

حەسحەس و جەندرمەکان قۆڵبەستیان کرد و بردیانە لای پاشا، پاشاش لێی پرسی:تۆ چی؟.

+ من پێغەمبەرم.

- ئایەتت هەیە؟.

+ بەڵێ، وەکو قورئان.

= باشە خوا لە قورئان دەفەرموێ(انا اعطیناك الكوثر، فصل لربك وانحر، ان شانئك هو الابتر) بابزانین تۆ چیت پێیە؟.

ئەویش وتی:انا اعطیناك الجماهیر، فصل لربك واجهر ولا تطع كل ساحر و كافر).

پاشا تووڕەبوو وتی: تۆ بەحوکمی ئیسلام کافری، دەی هەر ئێستا سەری پەڵدەن و لەخاچی بدەن.

شاعیرێك بەلای تێدەپەڕێ و دەڵێ:

تۆ بەسترایەوە لە ستوون

سەر و جەستەت لەخوون

لەشیش دراوی کون کون

هەی بێ هۆشی بێ توون

٧- پیاوێکی سمێڵ پڕ و تێکچەقیویان هێنایە کۆشك، وتیان: قوربان ئەو کابرایە دەڵێ من پێغەمبەرم.

پاشاش لێی پرسی: تۆ بەڵگەت هەیە بۆ ئەو قسانەی دەیکەیت؟.

+نەخێر هیچ بەڵگەیەکم نییە.

-ئەدی چۆن داوای پێغەمبەرایەتی دەکەیت؟.

+ من بە حەزرەتی جبریلم وت: ئێوە من دەنێرنە لای شەیتانەکان،ئەی بەڵگە؟جبریل تووڕە بوو، وتی:تۆ لە ئێستاوە شەڕاوی، بزانە خەڵکەکە چیت پێدەڵێن؟.

- من دەڵێم تۆ پێغەمبەری کەرانی، بۆ کەران نەبێ بۆ هیچیتر باش نی.

+ ئا، ئا، راست دەکەی.

: قوربان ئەوە دینە[٥٠] لە کۆشکیان دەرکرد.

٨- یەکێك دەیوت: من پێغەمبەرم.. بەلێدان هێنایان.

- تۆ پێغەمبەری؟.

---

[٥٠] - دینە/شێتە.

+ بەڵێ.

- لەکەیەوە؟.

+ جا ئێوە بەروار و مێژووتان بۆ چییە؟.

- باشە لەکوێ؟.

+ ئەو پرسیارانە لە پێغەمبەران ناکرێ، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم، بەرسقم نییە.

- باشە چۆن باوەڕت پێبکەین؟.

+ دەزانم باوەڕ ناکەن، لێمگەڕێن با بڕۆم.

- نا، نارۆی، ئەوە گەندەڵییە بۆ دینەکەم.

+ سەیرە تۆ بۆ دینەکەت تووڕە دەبی، من بۆ بە گەندەڵی پێغەمبەرایەتیم تووڕە نابم.، باشە بەڕای تۆ من کافرم یا ئەوەتە باوەڕدارم؟.

- بێ شك کافری.

+ ئێ مادام وایە، خودا دەفەرموێ(ولا تطع الکافرین والمنافقین ودع اذاهم)گوێڕایەڵ مەبە و ئازاریشم پێمەگەیەنە دەزانم باوەڕ ناهێنی، لێمگەڕێ بچمە لای ئەو ساویلکە و هەژارانە، ئەوانە خۆش باوەڕن.

وتیان: قوربان ئەو پیاوە شێتە، خەڵکەکە باشی دەناسن.

٩- هاتنە حزمەت خەلیفە و وتیان: کابرایەك هەیە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات و ئەو خەڵکەش هاموشۆی ماڵەوەی دەکەن..

خەلیفە خۆی گۆڕی و لەگەڵ یەك لە وەزیرەکانی، بەرەو ماڵی کابرا بەڕێ کەوت.. لەدەرگایاندا و دەرگایان لێ کرایەوە.

+ فەرموو چیتان دەوێ؟.

هاتووین لەسەر دەستت موسڵمان بین، تۆ بۆ کوێ نێردراوی؟.

خەلیفە پێیوت:

+ بۆ هەموو کەس.

- باشە سروشت بۆ دێ یان خەون دەبینی یا ئەوەتە نەفەسێکە بۆ دڵت یاخود قسە لەگەڵ خوا دەکەی؟.

+ هی من ئاخافتنە.

-کەی لەلات بوو؟.

+ پێش ئێوە بەکاتژمێرێك.

= چی وت؟.

+ وتی ئەوە دوو کەس دێن، یەك لەلای راستە و ئەوی دی لەلای چەپە دادەنیشن، هی چەپەت هەتیوترین خەلقی خودایە(مەبەستی چەپە وەزیرەکە بوو).

خەلیفە وتی: راست دەکەی باوەڕم پێتهێنا..بووە پێکەنین.

١٠- لە ئازەربایجان پیاوێکیان بە پێوەندەوە هێنایە لای خەلیفە.

خەلیفە بە یەك لە وەزیرەکانی وت: برۆ گفتو گۆی لەگەڵ بکە..

وەزیرەکەش وتی: ئەو رۆژگارە پێغەمبەرانی چەند زۆر کردییە، کە رووی کردە کابراکە، وتی: تۆ بەراست پێغەمبەری؟.

+ بەڵێ.

- بەڵگەت چییە؟.

+ بەڵگەم ئەوەیە تۆ ژنەکەی خۆت بێنە تا لەپێش چاوی خەلیفە سواریبم، راستەوخۆ سك و منداڵی دەبێ و قسانیش دەکات.

وەزیرەکە وتی: راست دەکەی، تۆ پێغەمبەری.

خەلیفە وتی:ئەوها بەپەلە باوەڕت پێهێنا؟.

وەزیر وتی: بڵێم چی قوربان، بۆ بچم ژنەکەم بهێنم لەپێش چاوی جەنابتان سواریبێ؟.

بوو بە پێکەنین و کابراش تۆبەیەکی نەسووحی کرد و رەوانەی زێدی[51] خۆی کرایەوە.

* * *

موحەلەبی و کاستەر

یەکێکی گوندی چووبووە میواندای کابرایەك لەشار و هەندێ خۆشاو و شیرنەمەنیان لەبەر دەمی دانا، لەوانە موحەلەبی و کاستەر، ئەوجا پێیان وت: لەوانە کامەیان شیرینتر و خۆشترە؟.

---

[51] - زێد/ ولات.

ئەویش کە کەوچکێکی لە موحەلەبی دەدا، دەیوت: بەتامە.. پاشان کەوچکێکی لە کاستەرەکە دەدا و دەیوت: بەلەزەتە.. تا هەردوو قاپەکەی لرف کرد.. وتیان: ها چیت وت؟.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: کاکە موحەلەبییەکە دەڵێ: من، کاستەرەکەش دەڵێ: من، وەڵڵاهی هەردووکیان خۆش و بەلەزەتن، جێی داخە جیاوازی لەنێوانیان بکەم.

* * *

دایك

کابرایەك هەبوو زۆر ڕێزی دایکی دەگرت، گەر لەماڵەوە دەرچووبایە، دەستی دایکی ماچ دەکرد، خۆ ئەگەر بهاتبایەتەوە دیسان دەستی ماچ دەکرد، شەوێکیان درەنگانێ هاتەوە ماڵ، سەیری کرد دایکی خەتووە، بۆ ئەوەی دایکی لەخەو هەڵنەستێ، ڕوومەتی خۆی لە زەوی خشاند و ژێر پێی دایکی ماچ کرد,

بۆ بەیانی کاتێ چووە دەرەوە، هاوڕێیەکی پێیوت: تۆ دەزانی من ئەمشەو خەونم بەتۆوە بینی ڕوومەتت لایەکی سپی و لایەکی وەکو خۆڵ بوو.. وتی: ڕاست دەکەی من هەمیشە دەستی دایکم ماچ دەکەم، لێ ئەمشەو کە چوومەوە ماڵ، دایکم نووستبوو، ڕوومەتم لەزەوی خشاند بۆ ئەوەی ژێر پێی ماچ بکەم تا لە خەو ڕانەبێت.

* * *

شەڕی خەڵکی

مامۆستا مەلا دوو ژنی هەبوو، هەردوو هەوێکە پێکەوە دەژیان، مامۆستا ماڵی لەتەك مزگەوت بوو، بەیانیان و ئێواران دەرسی بەفەقێکانی دەوتەوە، هەر ئەوەندەیان دەزانی لەماڵەوە دەبووە شەڕ، فەقێکان دەیانوت: مامۆستا مەلا ژنەکانت شەڕیانە..ئەویش زۆر بەشێنەیی دەیوت:کوڕی خۆم، شەڕی خەڵکی مەکەنە هی خۆتان.

ئەو شەڕانە وایلێهات،خەڵکی کۆڵان و گەڕەکیان تێگەیشت، خەڵکی دەهاتنە سەیریان، مامۆستا مەلا زۆر بێزار بوو، تا ئێوارەیەکیان لەپێش چاوی خەڵکی کۆڵان، بەشەش تەڵاق، هەردووکیانی تەڵاقدا.

* * *

بەهاو خێزانەکەی

رۆژێکیان کاك بەها و خێزانەکەی بەمیوانداری چوونە ماڵە خزمێك کە لەسەر شەقامەکە وە نزیك بوون، خێزانەکەی وتی: پیاوەکە تەکسییەك راگرە؟.

- سەبرتبێ، ئێستا برادەرێك پەیدا دەبێ.

ماوەیەك کەوتنە چاوەڕوانی، هیچ نەبوو، ژنەکەی دووبارە وتی: پیاوەکە سەبرم نەما، دە تەکسییەك راگرە؟.

-ئافرەت، هەنووکە گەوادێك رایدەگرێ.

لەپڕ برا گەورەی بەها بەدیار کەوت و بۆیانی ڕاگرت.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین..کاکەی بەتاسەوە وتی: ئەوە خێرە پێدەکەنن؟.

ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆی گێڕایەوە، ئەویش وتی: وەڵڵا خۆتان گەوادن.

* * *

لێپرسراوی بگۆڕ

مام خەلیل لێپرسراوی بگۆڕ(بەدالە)ی هەولێر بوو، شەوێکیان چووە یانە و قاپێ مەی نۆشکرد و درەنگانی شەو گەڕایەوە ماڵ.

ژنەکەی پێیوت: پیاوەکە بەو شەوە درەنگە لەکوێ بووی، هەی ئەوها و ئەوها؟.

-ئافرەت ناوی خوای بێنە، چیبووە دیسان وا بۆڵە بۆڵتە؟.

+ چۆن چیبووە، یەك دلۆپە نەوتمان نەماوە، تۆش بەمەستی دێیەوە، ئاگات لەماڵەوە نییە.مام خەلیل لەجێوە دەست بۆ تەلەفۆنەکەی بەردەمی درێژ دەکات: هەلۆ، ماڵی جەنابی پارێزگارە؟.

- بەڵێ خۆیەتی.

+ بێزەحمەت پارێزگارم بەرێ هەنێ قسەم لەگەڵی هەیە.

- تۆ چی تا بەو درەنگانی شەوێیە لەگەڵ پارێزگار قسە بکەیت؟.

+ ئاخر کارێکی گرنگ و بەپەلەم پێیەتی، پەیوەندی بە بگۆڕی شارەوە هەیە.

کاتێ پارێزگار دێتە سەر خەت: فەرموو کاکە.

+ فەرمووی چی، هەی ئەوها و ئەوها، من خەلیلم.

-هەی بێ قیمەت تەلەفۆنەکەت داخە.. هەی بێ ئابڕوو.

بۆ بەیانی مام خەلیل لەخەو هەڵدەستێ، دەڵێ: ئافرەت بەو خوایەی ئەو رۆژەی تێبچم ئەمڕۆیە.

دەچێتە دەوام، پارێزگار تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندن دەکات و پێی دەڵێ:کەسێك بەناوی خەلیل هەیە، هەر ئێستا دەینێرییە لام.

- باشە بەسەرچاو. ئەو خەلیلە بەرپرسی بگۆڕە.

مام خەلیل ئاگار دەکاتەوە بچێتە لای پارێزگار و ئەویش دەڕوا، کە دەگاتە ئەوێ، چەند پۆلیسێك لەبەردەم دەرگای پارێزگار وەستابوون، پێیان دەڵێ: برۆن بەجەنابی پارێزگار بڵێن مامِ خەلیل هاتووە.

کە ئاگاداری دەکەنەوە و ئەویش پێیان دەڵێ: با بێتە ژوورەوە، بە ترسەوە دێتە ژوورێ و لەسەر دەرگەوە :سڵاوتان لێبێ قوربان.

+ وەی مەرگەمووش، هەی بێ قیمەت بۆچی ئەمشەو ئەو هەمووە جنێوەتدا، هەی لە سەی سەتر، ئاڵچاغ.

= قوربان داوای لێبوردن دەکەم، بەخوای سەرخۆش بووم، کە شەو چوومەوە ماڵ، ژنەکەم هێندەی جوێن پێدام هەر لەبەر ئەوەی نەوتمان نەمابوو، هەموو قسە ناشیرینەکان هەمووی بە خۆم و بەباوکم و ژنەسەگەکەم، بەس توخوا بمبەخشە، ئەوە چەقۆی ئێوە و ئەوە ملی من.

پارێزگار بەزەیی پێدا دێتەوە، وەرەقەیەك دەردێنێ، دوو بەرمیل نەوتی بۆ دەنووسێ و پەنجا دیناریشی دەداتێ.

❊ ❊ ❊

حەمە لەشار چ باسە؟

حەمە کابرایەکی گێل و گەلحۆ بوو، لە حوجرەی مزگەوت لەگەڵ چەند کەسێ لەخزمەت مەلا دانیشتبوون.. مامۆستا رووی تێکرد و وتی: حەمە ئەوە چەند رۆژە بۆچی دیار نی؟.

+بڵێم چی؟ چووبوومە شار، ئەها دەستم بۆنکە، بۆن کەبابی لێدێ.

- جا بۆچی بۆنی بکەم؟.

+تا باوەڕ بکەی من چوومەتە شار.

-باشە شار چۆن چۆنی بوو؟.

+وەڵڵا قوربان بگێم بگێمە.

=ئەوە یانی چی؟.

+یانی مامۆستا من تۆ.......تۆش یەکێکی تر.......

=ئای رووت رەشبێ، گێلە پیاو.

خەڵکەکە کردیانە پێکەنین.

* * *

پێکدادان

کابرایەکی بەتەمەن ئوتومبێلێکی لێدەخوڕی، لەپڕێکدا خۆی بە ئوتومبێلێکی دیکە کێشا، خاوەن ئوتومبێلی لێدراو کە دابەزی و سەیری کرد ئەوە کابراییەکی بەتەمەنە، وەکو ڕێزلێنانێ هیچی نەوت، بەهێمنی سواری گەڕێنەکەی بوو و ڕۆیشت، ئەوەندەی پێنەچوو بۆ جاری دووەم لەلای فولکەدا، دیسان خۆی بەهەمان ئوتومبێل دادا، پێش ئەوەی کابرای لێدراو بێتە خواری، پیاوە بەتەمەنەکە وتی: خۆمانین، خۆمانین، دامەبەزە.

* * *

خۆ لەتۆ نادرێ

پیاوێك لەگەڵ ژنەکەی دەچێتە بازاڕ پێڵاو بۆ ژنەکەی بکرێ.. ژنەکەی پێڵاوێکی پاژنە تیژ هەڵدەبژێرێ، مێردەکەی دەڵێ: ئەم پێڵاوە جوان نییە.. پێڵاوێکی دیکەی بۆ دیاری دەکات و دەڵێ: ئەمەیان باشە و پاژنەی نییە.

کابرای خاوەن دوکان بەجواب دێ: وەڵڵا ئەوەی ژنەکەت هەڵیبژاردووە جوانتر و باشترە.. مێردی ژنەکەش دەڵێ: کاکە بۆچی قسەی وا دەکەی، خۆ لەتۆ نادرێ.

* * *

زەماوەندی خەلیفە

کە لەدیوەخان کۆبەند دەبەسترا، دەبوایە هەر یەکێ هەگبەی خۆی هەڵڕێژێ و هەندێ شت باس بکا کەس پێشتر گوێی لێ نەبووبێ، جا ئەوەی باس دەکرا مەرج نەبوو شتێك بێ، لەخوودی کوردەوارییەوە بێت، بەڵکو مەسەلەکە پەلی دەهاویشت و بۆ یەکەمجار دەبیسترا.

ئەوێ شەوێ باس لە زەماوەند کرا، مامۆستا هادی وتی: من ئەمشەو باس لە زەماوەندێك دەکەم هەرگیز گوێتان لێی نەبووە.

خەڵکەکە تێکڕا دەمیان وەك تەڵەی تەقیو لێهات.. ئەویش بە جۆش و خرۆش و بەشەوقەوە وتی:کاکە من لەکتێبانم خوێندۆتەوە چۆن خەلیفە مەئموون ژنی هێناوە و چۆنیش زماوەندی گێڕاوە؟ئەو مەسەلەیەش کابرایەك باسی دەکا ناوی ئیسحاق موسلیمە، ئەو پیاوە دەڵێ: ڕۆژێکیان لەماڵەوە دانیشتبووم، هەر هێندەم زانی لەدەرگایاندا، وتیان: خەلیفە داوای کردووی دەڵێ: حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێ.. منیش بەپەلە دەستێ و پەلاس[٥٢] پۆشاکی ڕێك و جوانم

---

[٥٢] - پەلاس/ بەرگ.

پۆشی، بەرەو کۆشکی خەلیفە بەڕێکەوتم.. چوومە ئوتاق[٥٣] خەلیفە بەخێرهاتنی کردم و حورمەتی نواند، منیش سەدان جار پتر لەو ڕێز و حورمەت و قەدرگرانی خۆم بۆئەو نیشاندا. من بەتەنها بووم، خەلیفە وتی: حەزم دەکرد لەگەڵ یەکێ دانیشم چەپکێ گۆرانی بە ئاوازی تازەوەم بۆ بچڕێ، منیش بیرم کردەوەبۆ ئەم مەبەستە لەتۆمان باشتر نییە.

+ قوربان خۆشی جەنابتان و کامەرانی جەنابتان، لەش ساغیتان ئەو پەڕی خۆزگە و ئاواتی ئێمەیە.

خەلیفە منی بردە ژوورێك، بەهەموو جۆرە خواردەمەنییەك رازابۆوە، تەختی بریقەدار ئامادەکرابوون، بۆنی عەتر و عەناب و مێخەك، کونە لووتمی پڕ کردبوو، هەستێکی شاهانەی پێدام.. بەرامبەر یەك روونیشتین، هەردوو پەرداخی پڕکرد لەمەی[٥٤]، یەك بۆ خۆیی و ئەویتر بۆمن، وتی: ئسحاق شەرم نەکەی، تەنها و تەنها من و تۆینە، ئەوەی دەیخۆی و دەیخۆیەوە، بۆ زەوق و مەرەفخۆشی خۆمانە.

+قوربان زوبانم لاڵە لەئاست گەورەیی جەنابتان.

---

[٥٣] - ئوتاق/ژوور.

[٥٤] - مەی، بادە/ شەراب.

هێندەی نەبرد، ئافرەتانی قەشەنگ و لار و لەنجە و سەماکەر، بەژوورکەوتن، لەسەر یەك پا دەرەقسان و بادە کاری تێکردبوو: دەی زووکە ئسحاق گۆرانیمان بۆ بچرە؟.

منیش بەو شەرابە و بەو ئافرەتانە وەها مەست و بێهۆش ببووم، گۆرانیم دەوت، خەلیفەش سەری دەلەقاند و چەپڵەی بۆ لێدەدام، تا رۆژمان بەرێکرد و تاریکی باڵی پۆشی: ئیسحاق ئەوە شەو داهات، من سەر لەکۆشك دەدەم، ئەو شەوەش ئەوها دەبەینە سەر، هاااا لە شوێنی خۆت نەبزوێی تا دەگەرێمەوە.

+ باشە بەسەرچاو.

خەلیفە رۆیشت، هەر چاوەرێم کرد بگەرێتەوە، نەگەرایەوە، لەدەروونەوە بەخۆمم وت: خەلیفە ئێستا خەریکی چاومەستانە، چونکە پیاوێك بوو زۆر حەزی لە ئافرەتان بوو.. کە لە ژوورەکە وەدەرکەوتم، وتیان: بۆ کوێ؟.

وتی: دەچمەوە ماڵ.

وتیان: ئەی ئەگەر جەنابی خەلیفە پرسیاری کردی؟.

وتم: جەنابی خەلیفە ئێستا لەناو لەزەت و خۆشی خۆیدایە، باوەر ناکەم منی لەیادبێ.

لەبەر ئەوەی درەنگانێی شەو وەدەرکەوتم، غولام و خانەزاکانم بەرەو ماڵ گەرابوونەوە، بەپێ رێمگرتە بەر، کەوتمە ناو کووچەیەك، لە

پەنابییەکەوە میزێکم کرد و بەدیوار تەڕاتییەکەم خاوێن کردەوە، پڕتاو سەرم هەڵبڕی، بینیم ئەوە زەمبیلێك لە دیوارەکە شۆڕ کراوەتەوە.. سەیرم پێهات، لەبەر خۆوە وتم: ئەو ماستە موویەکی تێدایە، خۆم خزاندە نێو زەمبیلەکە کە لە ئاوریشم دروست کرابوو، بەچوار پەت بەسترابۆوە، بەجەمەدانییەکە دەم و چاو و روخسارم شاردەوە، بۆ ماوەییەك خۆم کڕ کرد، ئەوەندەم زانی زەمبیلەکە بۆ سەربانەکە راکێشرا، چوار کچی زیبا و شۆخ و شەنگ، فەرموویان لێکردم، منیان بردە ژوورێك، چ ژوور، بەدەم وەسف ناکرێ، بۆن و بەرامە و رێك و پێکی ژوورەکە کەللەی پڕ کردم، ئافرەتێکی ئەبرۆ کەوان، ناوقەد شمشاڵ، شۆخ و شەنگ و جوان سپی وەك بەفری کێوان، لەسەر تەختەیێك راکشابوو، بە بینینی حەپەسام، واقم وڕما، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە سلاوم لێی کرد.. ئەویش سلاوەکەی سەندەوە و وتی: تۆ هاورێی یان نوێی؟.

+ من نوێمە.

= یاخوا بەخێر بێیت، وەرە پێشەوە، لەنزیك من دانیشە، ئەوە چۆنت زانی؟ یا رێکەوتە؟.

+ خانم ئەوە رێکەوتە.

= بەم درەنگانێی شەوە؟.

+ بەڵێ لەلای هاوڕێیەکی خۆم بووم، لەبەر شەرمی میزکـردن ئـەو کووچە کاپانەم[55] گرتە بـەر، کـە چاویـشم بـەرز کـردەوە زەمبیلەکـەم بینی، خۆم دایە دەست قـەدەر و خـۆم خستە نێوییـەوە، ئێـستاش وا لەحزووری جەنابتانم.

- چ کارەی؟.

+شابازم[56].

- لەکوێ لەدایك بوویتی؟.

+ لەبەغدا.

-ئەی بژێو و گوزەرانت چۆنە؟.

+ گوزەرانم مام ناوەندییە.

- شیعر دەزانی؟ هیچ شیعرت لەبەرە؟.

+ بەڵێ هێندێکی لێدەزانم.

لەگەڵ ئافرەتەکە دەستمان بە خوێندنەوەی شیعر کـرد، نەمـدەزانی تەماشای جوانی ێیژەکانی بکەم، یا جوانی مانا، یـا جـوانی گۆتـەی؟ کێش و سەروای دەزانی، بەو دیمەنە سەرسامی کردم، کە وتـی: ئـەوە هەندێ لەشەرمی تۆم کەمکردەوە، دەبا بزانم ئێوە چیتان پێیە؟.

---

[55] -کاپان/ ڕێگەی تەسك.

[56] - شاباز/ بازرگان.

منیش تا پێمکرا شیعری بەپێز و پڕ مانا و شیعری جوانم بۆ هۆنیەوە و ماناکانیشیم بۆ شی دەکردەوە.

وتی: زۆر سەیرە پیاوێکی دوکانداری شاباز ئەو جۆرە شیعرانە بزانیٚ، ئەی لەگەڵ باس و خواسی خەڵکی چۆنی؟.

وتم: نەختێکی لێدەزانم و تا رادەیەك سەرەدەری لیٚ دەردەکەم.

سەری بۆ قسەکانم لەقاند و رووی کردە کچەکان: ئادەی خوان ئامادەکەن، کاتی نان خواردنە.

هەموو جۆرە خواردنێکیان ریز کرد، پێکەوە دەستمان بەنانخواردن کرد، ئافرەتەکە ناوە ناوە گۆشتی لەبەر دەمم دادەنا و دەیوت: گۆشت قابیلی بازە.

پاشان داوای شەڕاب و مەی کرد، ئەویش رازاییەوە بەهەموو جۆرە میوەییەك، سەیرم کرد ئەو خواردن و خواردنەوەیە تەنها بۆ ماڵە پاشا و خەلیفەکانە، هێندە بەرێك و جوانی رێکخرابوون، لە ئاستیدا دۆشدامام.. پەرداخی پڕکرد لە شەڕاب و خۆم لەگێلیدا، وتی: بۆنۆشی ناکەی کریف[57]؟.

+ چاوەڕێی تۆمە، چۆن لەحزووری تۆدا شەڕاب بخۆمەوە؟.

منیش باسی ئەو پاشا و خەلیفە و ئەو وەزیر و گزیر و ئەو سۆفی و دەروێش و شێخەم بۆی کرد، زۆر بەپەرۆشەوە گوێی قوڵاغ کردبوو،

---

[57] - کریف/خزم.

وتی: پێم سەیرە پیاوێکی وەکو تۆ بازاڕی ئەو هەمووە قسە خۆشانە بزانیٚ.

+خانم، من کاتی خۆی هاوڕێیەکم هەبوو زۆر دەچووە کۆڕ و کۆبەندەکانی خەلیفە و لە کۆڕی پیاو ماقوولاٚن دادەنیشت، هەر جاریٚ دەرفەتی هەبووایە، ئەو قسانەی بۆ دەگێڕامەوە و ئەو باسانەی بۆ دەکردم، بۆیە وا منیش بۆجەنابتی دەگێڕمەوە.

-ئافەرین بۆ تۆ، دیارە مەلەوانێکی باشی، خۆزگە زانیاریشت لە گۆرانی و هونەری گۆرانی هەبوایە.

+ خانم، هەندێکی لێدەزانم.

- وەڵلاهی تۆ کامیلی، لەپیاو ماقووڵ دەچی، روخسار و سیمات لە هی پیاوی بەڕەوشت و بەئەدەب دەچیٚ، بۆیە دەڵێم خۆزیا بتوانیبایە میوزیك و نەی بژەنی تا لەنێو خەڵك وەکو تەلا[٥٨] و ئاڵتوون بەدەر کەوتبای.

منیش بۆ ئەوەی خۆم ئاشکرا نەکەم تا ئەو خۆشییەم بەفیڕۆ نەڕوات، وتم: من زۆرم حەز لێیەتی، زۆریش پەرۆشم بۆ ئەوەی خۆم فێربکەم، هەمیشە دڵم بۆی لێدەدا، بەڵام چیبکەم لەبەر بازرگانی بۆم

[٥٨] - تەلا/ زێڕ.

نالویٚ هەموو شتیٚ بکەم، خۆ ئەگەر وانەبوایە، ئیٚستا دەمزانی لەپیٚش حزووری جەنابتان چیم دەکرد.

وتی: کەنیزەکە، ئا دەی سازم بۆ بیٚنە.

هیٚندەی نەبرد سازییان لەپیٚش دەمی دانا، دەستی بۆ برد، هەندیٚ ژێیەکانی هیٚنا و برد، بەدەنگیٚکی ناسکەوە گۆرانی چڕی و بەپەنجەکانی کە دەتوت وەکو بەنجە، دەستی کرد بەژەنینی سازەکە، چۆن ژەنینیٚ؟ باوەڕ ناکەم هیچ میوزیکژەنیٚ بتوانیٚ وەکو ئەو خانمە ئەوها مەست و سەرخۆشتکا، ئافەرین ئافرەت بۆ ئەو ئەقڵە، بۆ ئەو ئەدەبە، بۆ ئەو مۆراڵە، گۆرانی چڕی، چۆن دەنگیٚ؟ چۆلەکەی لە هیٚلانە دەردەپەڕاند، زەرنەقوتەکان لە خۆشیان دەیاندایە باڵەفڕکیٚ..منی لە خەیاڵ و ریٚژگا و پچڕاند، وتی:ئەم دەنگە هی کیٚیە؟ ئەوە کیٚ دەیڵیٚ؟.

+ نازانم، ئەم یەکەمجارە گویٚم لیٚدەبیٚ.

- ئەوە هی ئیسحاقە، ئیسحاق موسڵی.

تا گەزەنگی بەیان شەڕابمان نۆشی و ئەویش گۆرانی چڕی..پیریٚژنیٚك بەژوور کەوت، وتی: کچی خۆم ئەوە بەیانییە، بەس نییە؟.

- باشە دادە.

هەڵسایە سەرپیٚ، پیٚدەچوو ئەو پیریٚژنە بەخیٚوکەریبیٚ.

بەمنی وت: نەکەی ئەو دانیشتنە بۆ کەس باس بکەی، ئەوە ئەمانەتبێ تا ماوی.

وتم: بەقوربانتبم، پێویستیم بەو ئامۆژگارییانە نییە.

خواحافیزیم لێی کرد، دوو کەنیزە لەگەڵم هاتن و دەرگای سەرەکی ماڵیان کردەوەو زۆر بەحورمەتەوە بەرێیان کردم.

هەر کە گەیشتمەوە ماڵ، نوێنەری خەلیفە هات و وتی: زووکە لە کۆشك تۆیان گەرەکە.

چوومە کۆشك و چوومە ژووری مەئموون، سەیری کردم، وتی: دوێنێ شەو زەحمەتت کێشا، لەبەر هەندێ کاری تایبەت نەمتوانی بێمەوە.

+ قوربان خۆشی جەنابتان، خۆشی ئێمەیە، خوای گەورە ساغ و سەلامەتتانکا.

- بابچینەوە ژوورەکەی خۆمان، لەوێ بکەوینەوە بەزمەکەی دوێنێ.

دیسان وەکو جاری پێشوو، ژوورەکە بەجوانترین شێوە رازابۆوە، پڕ لە خواردنەوە و مەی، تا بەرە بەری ئێوارە لەو بەزمەدابووین، دووبارە خەلیفە وتی: لێرەبە، ئێرە بەجێ مەهێڵە تا دەگەڕێمەوە.

وتم: باشە.

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، زانیم ئەوئەلواتیە[59] خەریکی ئافرەتانە بۆیە لە دەربار دەرچووم و هەمان کووچە وکۆڵانم گرتەوە بەر کە دوێنێ شەو پێیدا تێپەر ببووم، هەمان زەمبیلم بینی، وەکو ئەوێ شەوێ خۆم خزاندە نێوی، خۆم ماتدا، پاش کەمێك زەمبیلەکەیان بەرزکردەوە و لەبانەوە دابەزیم، فەرموویان لێکردم، منبان بردەوە هەمان ژوور کە ئەو دولبەرە لێی پاڵ کەوتبوو، سەلامم لێی کرد، سەلامی دامەوە، وتم: خانمەکەم، هۆشمەندی و کامیل بوونی ئەقڵ و ئەدەبی جەنابتان پاڵی پێوەنام دووبارە بگەڕێمەوە ئێرە.

- یاخوا بەخێر بێی.

کەنیزەکان، میوە و بادە و شەڕابیان ئامادە کرد و خستیانە بەر دەممان.. پەرداخ پڕکرا و نۆش کرا، خانمەکە هاتە گۆ: پێمخۆشە ئەو شتانەم بۆ بگێڕییەوە کە شایانی تێڕامانە.

+کابرایەك بەرەو سەیرانگا دەڕۆیشت، لە ڕێگادا چاوی بە ئافرەتێکی زۆر جوان و قەشەنگ کەوت، دڵی بۆی لێدا، پاش پرسین و باس، بۆی دەرکەوت ئەو کچە شووی نەکردووە و ماڵیشیان ئەوەندە دوور نییە.. چەند ڕۆژێ لەڕێگە بۆی دانیشت، بەڵام کچەکە نەهات، بۆیە درەنگانێی شەو خۆی خزاندە ماڵیان و بینی کچەکە خەوتووە و دوو پیاویش لەهەمان ژوور خەوتوون، بەدزییەوە کچەی بەئاگا

---

[59] - ئەلوات/خانم بازی.

هێنا،کچەکە وتی: کوڕە ئەوە چی دەکەی؟ئێستا ئەوانە بزانن، کارەسات دەقەومێ.

+ تەنها دەمەوێ دەستت بخەیە سەر دڵم.

- ها ئەوە دەستم خستە سەر دڵت.

+ ئۆخەی دڵم داکەوت.

بۆ شەوی دواتر دیسان هاتەوە، کچەی چاومەستی بەخەبەر هێنا، کچە بەپەشۆکاوییەوە وتی: کوڕە بچووە دەرەوە، خراپ دەقەومێ.

+ تەنها دەمەوێ دەمم بخەمە سەر دەمت.

- ها، ئەوە دەمم.

بۆ چەند ساتێك دەمیان خستە دەمی یەکدی و کوڕەکە شیعرێکی بۆ نووسی:

لەوەتەی دەمم تەڕ بووە
بە ئاوی دەمشەکەری لێوتان
چنگم داوە لە باخ و گوڵناز و
دەستم داوەتە خۆخ و سێوتان
سەرم لەسەر سەرینتان و
باڵام ئاڵاندووە بە باڵاتان
لە ڕۆح شیرینتری گیانەکەم
دەبڵێن، ئێوە چییە راتان

کچەکە رۆژ بەرۆژ ئەڤینداری بۆ کورەکە زیاد دەبوو، ئەو خۆشەویستیە لەدەڤەرەکە پەنگی خواردەوە، باوك و برای کچە بەم کەین و بەینەیان زانی، پیلانی کوشتنی کوڕەیان داڕشت، کچەکە هەر زوو دۆستەکەی لەو پیلانە ئاگادارکردەوە کە هەردوو براکەی ئەمشەو بەنیەتن بێنە سەری و بیکوژن.. کوڕە خۆی مەلاسدا، کچە و یەك لە دەستە خوشکەکانی وتیان: دەبێ ئەمشەو ئەو کوڕە ببینین، رۆیشتن، کوڕە کە تەماشای کرد،ئەوە دوو کەس ئەوە بەرەو رووی دێن، لەدڵی خۆیدا وتی: هەبێ و نەبێ ئەوانە دوژمنەکانمن.. تیرێکی هاویشت، لە جەرگی دولبەرەکەی گیر کرد، لەگەڵ بەرز بوونەوەی هات و هاواریدا، بۆی دەرکەوت ئەوە خۆشەویستەکەیەتی، بەغاردان خۆی گەیاندە لای، ئەفسووس بەوە رانەگەیشت دوو قسەی لەگەڵ بکات، ئافرەتەکە گیانی سپارد، کوڕەکە زۆر گریا و زۆر نووزایەوە، وەکو نەتوانێ بەرگەی ئەو کارەساتە بگرێ، دەستی بۆ خەنجەرەکەی بەر پشتێنی برد و خەنجەرێکی لەملی خۆیدا و خۆشی لەو ناوە گیانی دەرچوو، بەم رووداوە خەڵکەکە تاسان، بۆیە بڕیاریاندا هەردووکیان پێکەوە لەیەك گۆڕ بشارنەوە.

- بەڕاستی بەسەرهاتێکی دڵتەزێن بوو.

+ خانمەکەم دەڵێن، بەرپرسێکی گەورە دارکاری یەکێکی دەکرد، بەدار کەوتبووە گیانی، کە لێیدەدا، دەیوت: سوپاس بۆ خوای گەورە،

تا کابرا هێزی نەما، هاوڕێیەکی پێیوت: تۆ دەزانی بۆ هەر بەداران کەوتبووە سەر سەر و گوێلاکت؟. ئەویش وتی: نازانم.. هاوڕێکەشی وتی: ئەی خوای گەورە لە قورئانێدا نافەرموێ: (لان شکرتم لازیدنکم).

- ئەها لەو گێلە پیاوە.

بەقسەی خۆش و نەستەق، ئەو شەوەمان بەڕێکرد، تا بەیانییەکەی خانم هەستا و منیشیان بەشێوەیەکی باشتر لەجاری پێشوو بەڕێکرد، هاتمەوە ماڵ و هێندەی نەبرد، خەلیفە ناردییە دوام و منیش چوومە خزمەتی، وتی: ئەوە دوو شەوە بەڵێنت پێدەدەم، بەڵام ڕێک ناکەوێ بگەڕێمەوە لاتان.

+ قوربان ساغ و سەلامەتی جەنابتان ئەو پەڕی ئاواتمە.

- با هەمدیس بچینەوە ژوورەکەی خۆمان.

کاتی شێوانمان بەچەپڵەڕێزان و گۆرانی و شیعر و قسەی خۆش بردە سەر.. دیسان جەنابی خەلیفە هەڵسا و بەڵێنی پێدام ئەوجارەیان بێتەوە.. زۆر دانیشتم، زۆرم خوارد و خواردەوە، مەست بووم، بۆم روون بۆوە، ئەو خەریکی بەزمە و لەگەڵ کەنیزە جندەکانی[٦٠] دەربار دەست لەملانە، بۆیە وەدەرکەوتم و خۆم گەیاندە زەمبیلەکە و خۆم لەناوی حەشاردا.. زەمبیل بەرز کرایەوە، کەنیزەکان بەخێرهاتنیان کردم..

---

[٦٠] - جندە/ ژنی داوێن پیس.

چوومەوە هەمان ژوور، خانمەکە وتی:هااا، جەربەزە[٦١]، میوانەکەی خۆمانی؟.

+ بەڵێ خۆمم خانمەکەم.

- بەخێر بێیەوە، دیارە ئێرەت پێخۆشە.

+ خانمەکەم، هەقی میوانداری لای ئێمە سێ ڕۆژە، ئەگەر جارێکی دی هاتمەوە، قەبوولت نەبێ.

-تەواو بەڵگەیەکی بەهێزە.

بانگی کەنیزەکانی کرد، ژوورەکە پڕکرا لە میوە و شەڕاب و مەیی و خواردن، پەرداخ داندرا و پڕ مەی کرا، پێکەوە شەڕابمان نۆشی، خانم گۆرانی دەچڕی، دەیوت: ئەوە هی ئیسحاقە، چەندین جۆر، چەندین ئاواز، چەندین بەیت، دەیوت: ئەوە هی ئیسحاقە.

منیش خۆم لێی ئاشکرا نەکرد، ئەو ئافرەتە زۆر لەمن جوانتر و باشتر گۆرانییەکانی لەبەر کردبوون و دەیوتنەوە.

+خانمەکەم ئەگەر ئەمر بفەرموون، من کوڕە مامێکم هەیە لە میوزیك و گۆرانی، دەستێکی بالاّی هەیە، دڵنیاشم ئەگەر ئەو خزمەم بێتە ئێرە، زۆر کەیفساز دەبن و دەبێتە برایەکی هەمیشەییت.

لەبەر خۆمەوە هەتەرانم دەکردن، چونکە ئەوە سێیەم جارە بەبێ پرس و ڕای خەلیفە دەردەچم و ڕەنگە ئەو جارە لێم نەبووریّ.

---

[٦١] - جەربەزە/ مغامر.

ئافرەتەکە وتی: تۆ میوانی، میوانیش دەگەڵ خۆت دێنی؟.

+ بڕوابکە خانمەکەم، من تەنها خۆشی و کامەرانی جەابتانم مەبەستە و بەس.

- مادام ئە ئاوها وەسفی دەکەی، شەوسو[٦٢] دەگەڵ خۆتی بهێنە، بزانم ئەوپیاوە چ هونەرمەندێکە، بەمەرجێ هەرزەگۆ نەبێت.

+ باشە خانمەکەم.

خۆرهەلاّت، مالّی خانم بەجێهێشت، چوومەوە مالّ، هێندەی پێنەچوو، جارێکیتر خەلیفە ناردییە دوام، چوومە خزمەتی.بە هەڵپەیەکەوە وتی: ئیسحاق خێرە لە فەرمانم دەردەچی و بەبێ پرسی من بەملا و بەولا دەڕۆی؟.

+ قوربان، چۆن زاتی ئەوە دەکەم لە فەرمانتان دەرچم؟ ئێوە گەورەی منن، لێ شتێك هەیە، حەز ناکەم لەپێش چاوی ئەو خەڵکە بە جەنابتانی رابگەیەنم.

خەلیفە فەرمانیدا ئەو شوێنە چۆڵکەن..خەڵکەکەی ئەوێ، بەهێواشی چوونە دەرەوە، وتی: دەی بزانم چیبووە؟.

+ قوربان با لە جەنابتانی نەشارمەوە.. مەسەلەکەی لە سیرێ تا پیوازێی بۆ گێڕاوە چۆن لەکۆشك دەرکەوتووە و خۆی خزاندۆتە ناو

---

[٦٢] - شەوسو/ سبەی.

زەمبیل و ئەو سێ شەوەی بەتـەواوی بۆباسـکرد، ئـەویش روخـسەتی لێوەرگرتم دەگەڵ خۆمی ببەم و بەهونەرمەندی لەقەڵەم بدەم.

- شتێکی سەیرە، جا کەی شەو دادێ؟باشـە ئەگـەر داوای لێکـردم میوزیك بژەنم و گۆرانی بۆ بڵێم، ئەو وەختە چیبکەم؟.

+ چارەی دەکەم، خۆم دەزانم چۆن رزگارتکەم.

- ئا دەی وەسفی ئەو کچەم بۆبکە.

+ قوربان ئەدەب و رەوشت بەرزی و ئاکار و رەفتار و گوفتاری زۆر بەرزی ئەو ئافرەتە خومار و چاومەست و سەلارەیە، وەسفی نـاکرێ تا جەنابتان بەچاوی خۆتان نەیبینن.

- من ئەوها بەپەلە و شەوگار ئەوها لەسەرخۆ.

+ قوربان پەلە مەکە، زۆر نەماوە.

من و خەلیفـە پێکـەوە دەربارمـان جێهێـشت، هـەمان کووچـە و کۆلانمان گرتەبەر، پێموت تـۆ لـە ئیـستەوە خەلیفـە نیـت، حورمـەتم بگرە، خانم هەروا بزانێ کە تۆ هاودەمی منی.

-باشە، باش، پێویست ناکا رێنیشاندەری من بیت.

+سەیرکە جەنابی خەلیفە، ئەها ئەوە دوو زەمبیـل شـۆڕکراوەتەوە، ئەوە بۆ من و تۆیە.

هەریەکەیان خۆمان خستە زەمبیلێکەوە، زۆری نـەبرد زەمبیلـەکان بەرز کرانەوە، لەبانەوە هەردوکمان دابەزین.. کەنیزەکان بـەخێرهاتنیان

کردین، بەرەو ژووری خانمیان بردین، لەوێ دانیشتین، ئەوەندەی نەبرد، خانمەکە هاتە ژوورەوە، واتدەزانی چل چرای دیوەخان داگیرسا، بۆن و بەرامەی نێو ژوورەکە مێشکی کاس دەکرد.. خانم چ خانم؟قەشەنگ و شۆخ و شەنگ و ئەسپەژن، سپی بەقەد بەفری کێوان، چاوڕەشی ئەبرۆ کەوان، هەزارانی وەکو من و تۆی دەخستە داوان، پرچ ئەگریچە، لەسەر پەنجە دەتوت بەنجە..خەلیفە مەئموون بەدیتنی حەپەسا و سەرسام بوو.. خانمەکە وتی: خۆش هاتن میوانەکان..عەبدوڵلا وادیارە ئامۆزاکەشت دەگەڵ خۆت هێناوە، ئەوە ئەو کەسەیە کە باست لێوە دەکرد؟

+بەڵێ خانمەکەم، ئەوە خۆیەتی(من ناوی خۆم گۆڕیبوو).

خانمەکە وتی: میوان چۆن دەبێ ئەوها لەدوور دانیشێ، وەرە پێشەوە.

خەلیفە لێی چووە پێش و وتی: بەقوربانت بم.

ئەویش وتی: ئەو میوانە سێ شەوە میوانی منە، تۆش ئەوە یەکەمین جارە تەشریف بۆ ئێرە دێنی و نوێی، هەر نوێیەکیش لەزەتی خۆی هەیە.

ئەو خانمە تا پێیکرا پرسیاری لە خەلیفە کردو ئەویش زۆر بەوردی و رێکی وەلامی دەدایەوە.

خانەکە وتی: بەڕاستی عەبدوڵلاّ، قسەکانت هەر هەمووی ڕاست دەرچوون.

ئەوجا بانگی کەنیزەکانی کرد و ژوورەکەیان بەخواردن و خواردنەوە و میوە و شەڕاب و خۆشاوی جۆراو جۆر ڕازاندەوە، وتی: عەبدوڵلاّ، ئەریّ ئەو ئامۆزایەت وەکو تۆ کوتاڵ فرۆشە و بازرگانە؟.

+بەڵیّ خانمەکەم، ئیّمە لە کوتاڵفرۆشی بترازیّ، هیچیتر نازانین.

پەرداخ پڕ کرا و هەرسیّکمان تا پیّمانکرا شەڕابمان نۆشی.. خانم عودەکەی دەرهیّنا، ئاوازیّکی ژەنی و گۆرانی چڕی..خەلیفە مەست و حەیران بوو، ئەوەی هۆش بوو لە کەللەی نەما، بەچاویّکی زیتەوە سەیری ئیسحاقی کرد و وتی:

- ئیسحاق؟.

+ بەڵیّ، ئەمیری موئمنین.

- دەی ئەو گۆڕانییەم بۆ بچڕە.

کە خانم بۆی دەرکەوت من ئیسحاق و ئەویش ئەمیری موئمنینە، بەهەڵەداوان خۆی خستە ژیّر پەردەوە..خەلیفە پەرداخ لەدوای پەرداخ شەڕابی دەنۆشی تا مەست و سەرخۆش بوو، هاواری کرد: بزانە ئەو ماڵە کیّن و ئەو خانمە ناوی چییە؟.

منیش لە پیریّژنەکەم پرسی، ئەویش وتی: ئەوە ماڵی حەسەنی کوڕی سەهلە و خانمیش کچی ئەو حەسەنەیە و ناوی (بۆران)ە.

کاتێ ماڵی خانمان بەجێهێشت، خەلیفە وتی: ئیسخاق نەکەی ئەو مەسەلەیە بۆ کەس باس بکەی؟.

وتم:قوربان چۆن باسی دەکەم.

بۆ بەیانییەکەی وەزیر حەسەن هاتە دەربار و لەخزمەتی خەلیفە دانیشت، خەلیفە پێیوت: حەسەن، چ کچت هەیە؟.

- بەڵێ قوربان.

+ناوی چییە؟.

- ناوی بۆرانە.

+ پێمخۆشە لەخۆمی مارە بکەم، هاااا، چی دەڵێی؟.

- قوربان، کەنیزەی خۆتانە.لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر سی هەزار دینار مارەیی دا و بۆرانیان لێی مارە کرد.

زەماوەندێکی شیاوی بۆ سازدا و بۆران بوو بەبەختەوەرترین ژنەکانی خەلیفە مەئموون و بەڵێنم بەخەلیفەدا هەرگیز باسی ئەو رووداوە نەکەم تا ئەوان لە ژیان مابن.

*   *   *

غەیب

هەرزەکارێك هەبوو کە دەهاتە دیوەخان، زۆر لەخزمەتی مەلای گوندی دادەبوو، خەڵکەکە دەیانوت: ئەو کوڕە غەیب دەزانێ..هەبوو دەیوت: ئەوە درۆیە، غەیب تەنها لای خوایە.

یەکێك بۆ خۆی گێڕایەوە، وتی:کاکە هەر کە ناوی ئـەو مێرمندالـە دەهات، من رقم هەڵدەستا، پێم شەرم بوو ناوی بهێـنم، تـا رۆژێکیـان هاوڕێیەکم بانگهێشتی نانی نیـوەڕۆی کـردم، چـوومە ماڵیـان، وەکـو سەیر دەکەم ئەوە ئـەو مێرمنداڵـەش لەگـەڵ چـەند کەسـێکی دی بـۆ نانخواردن بانگهێشت کراوە..خوان راخرا، خـواردن دانـدرا و خانـەخوێ فەرمووی لێکردین، ئەو هەرزەکارە کردییە گریانێـك هـەر مەپرسـە.. خەجاڵەتی کردین، یەکێك پرسی: ئەوە بۆ دەگرییێ؟.

هەرزەکارەکە وتی: ئەوە بە چوار پیاوی زەبـەلاح، بـاوکم بـۆ دۆزەخ دەبەن، ئێوە و خوا، چارەیەك.

منیش، خوا خۆی ئاگـادارە بەیانیەکـەی خـەتمی(لا الـه الا اللـه)م کردبوو کە سەت هەزارە، وتم:خوایە ئەگەر ئەو مێرمنداڵە راست دەکا، ئەوا پێشکەش بەرۆحی باوکی ئەو مێرمنداڵە بێت.

من لەدڵی خۆم ئەو بڕیارەمدا، هەر لەگـەڵ پێـشکەش کردنەکـەدا، مێرمنداڵەکە، کردییە پێکەنین و وتی: ئەوا باوکم رزگاری بـوو، پیـاوە زەبەلاحەکان رۆیشتن.

لەوەوە دوو شتم بۆ دەرکەوت:

یەکەم: گەورەیی خەتمی لا الە الا اللە.

دووەم: راستگۆیی ئەم مێرمنداڵە.

لەو رۆژەوە هەر جارەی ئەو مێرمندالەم ببینیایە، رێزم لێیدەگرت.

ڕۆژوو بۆ خوا

بانگی دا، ڕوومان کردە مزگەوت و مامۆستا فەرمووی: کە نوێژ کرا، ئێرە چۆڵ مەکەن هەندێ قسەم پێیە دەربارەی ڕۆژووگرتن.

نوێژمان تەواو کرد، هەر کەسە لەشوێنێ خۆی مت کرد..مامۆستا رووی تێکردین و وتی: موسڵمانینە، ئەگەر هەر شتێ بۆ خوابێ، باوەڕ بکەن بەفیڕۆ ناچێ، دەڵێن ئەو کاتەی بەنداوی دوکان دەکرا، رووسەکان سەرپەرشتی ئەندازەیی کارەکانیان دەکرد، خەڵکی ئەو دەوروبەرە وەکو پاڵە و کرێکار دەست بەکار بوون.. مانگی رەمەزان داهات، زۆربەی ئەو خەڵکە بەرۆژوو بوون، لەپێش خۆر و بەگەرمای ئەو هاوینە، بەماندووبوونەوە ئیشەکانیان رادەپەڕاند، یەکێك وتی: ئەگەر مستەر هات و وتی: ئێوە بەرۆژوونە، کەس نەڵێ من بەرۆژووم، وە ئەگینە بێ یەك و دوو لەکارەکەمان دوور دەخاتەوە.

جحێلێك وتی: من بۆ خودا بەرۆژووم، ئەویش دەرمدەکا، دەرمناکا، کەیفی خۆیەتی.

مستەر هات، پرسی: کێ لە ئێوە بەرۆژووە؟.

تاوەکو لە کارەکە دەرنەکرێین، کەسمان وەلاممان نەدایەوە،تەنها جحێلەکە نەبێت وتی: مستەر من بەرۆژووم.

مستەر وتی: باشە دەست لەکار هەڵگرە و لەگەڵ من وەرە.

ئەو کوڕە گەنجەی هێندە شەکەت و تێنووی ئاو، بەگەر مستەر کەوت.. هاوڕێکانی وتیان: ئێستا ئەو فەرمەسۆنە لەکارەکەی دەردەکا و ئەو کارەی جارێکیتر بۆ ناگەڕێتەوە

مستەر پێی وت: کاکە بەو گەرمایە، بەو خۆرەتاوە، بەو ماندووبوونە، بەو خۆڵ و تۆزە بەرۆژووی؟.

+ بەڵێ مستەر.

مستەر دەستی خستە باخەڵی و پارەی سی رۆژەکەی پێدا و وتی: مادام بەرۆژووی، خوا قبووڵ ناکا تۆ ماندوو ببی، پاش جەژن وەرەوە سەر کارەکەت.

+مستەر زۆر مەمنوون، یانی من کار نەکەم؟.

= نا، نا، کاکە کار مەکە.پاڵەکان کە بۆیان دەرکەوت ئەو کوڕە مۆڵەتی مانگێکی پێدراوە و پارەکەشی یەکجێ وەرگرتووە، چوونە لای مستەر و پێیان وت: قوربان ئێمەش بەرۆژووین.

مستەریش وتی: ئەی بۆ نەتانوت؟ رۆژووی ئەو گەنجە بۆ خوا بووە، بەڵام هی ئێوە بۆ پارەیە، دەی بڕۆنەوە سەر کارەکەی خۆتان.

* * *

کاریتە

خزمێکمان گێڕایەوە، وتی: چوومە سەردانی هاوڕێییەکم لە گوندی، دەمەو ئێوارە گەیشتمە ماڵیان، بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردم..چایە

لێندرا و داندرا، خێزانەکەی بەرامبەر هەردووکمان سێسوچکان لێی دانیشت و گەڵوگوانی بەئاشکرا دەبیندرا، مێردەکەی زۆری هەوڵدائاگاداری بکاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە رووی کردە من و وتی: پێش چەند مانگێك، کاریتەکان خێچیان کردبوو.. رووی لەکاریتەکان کرد، منیش سەرم بەرزکردەوە و دەستێکی بۆ ژنەکەی درێژ کرد تا ئاگاداری بکاتەوە، ژنەکە بایەکی لێ بەربوو.

منیش وتم: برام وەکو خۆیت لێبگەڕابایە باشتر نەبوو؟.

کردمانە پێکەنین.

* * *

نەزر

دەڵێن: بازرگانێکی خەریول[٦٣] هەبوو، بۆ بازرگانی کردن، دەگەڵ چەند بازرگانێکی تر بەسواری کەلەك بەرەو هیندیستان رۆیشت، لەکاتی سەوڵ لێدان لەناو دەریادا، شەپۆلەکان هاژە هاژیان بوو، شەپۆلەکان تا دەهات زیادییان دەکرد، سەرنشینەکانی ناو کەلەکەکە مەترسیان گەیشتێ، هەر کەس بەشێوەیەك کەوتنە نزا کردن و لەخوا دەپاڕانەوە رزگاریان بکات.. هەر هەموو نەزریان کرد، تەنها یەکێك مابوو نەزرکا، پێیان وت: کاکە تۆ بۆچی نەزر ناکەی، دەی زووکە؟.

---

٦٣ - خەریول/ دەوڵەمەند.

ئەویش وتی: بەڵێنبێ گۆشتی فیل نەخۆم، خۆیشم نازانم چۆن وشەی فیل لەدەمم دەرپەڕی.

کابرا سەیری بەخۆی دەهات چۆن لەو کاتە وشەی فیلی کەوتە سەر زاران.. کەلەکەکە تێکشکا و تەفروتونا بوو، بازرگانەکان زۆربەیان لەو دەریایە خنکان..ئەو کەسەی بەڵێنی دابوو گۆشتی فیل نەخوا، دەڵێ: هەر هێندەم زانی خۆم لەکەناری دەریاکە دۆزییەوە، هەموو جەستەم تێکەوتبوو، ئەملا و ئەولام کرد، کەسم بەرچاو نەکەوت، تێنوومە و ئاویش لەوێ نەبوو بیخۆمەوە، شەوم بەرێکرد، لەدەروونەوە بەخۆمم وت: ئەگەر کار وابڕوا، ئەوە لێرە لەبرسان و لەتوێنوان سەردەنێمەوە,,وردە وردە لەدەم کەنارەکەدا هات و چۆم دەکرد بەڵکو مرۆڤێکم بەرچاو بکەوێ، پڕتاو دوو مرۆڤم بینین، بەخێرایی بەرەو لایان رامکرد، کە گەیشتمە لایان، پاش سلاو و چاك و چۆنی، وتیان: ئەوە لەکوێوە بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟. منیش بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش وتیان: دەنە ئێمەش وەکو تۆ لەناو کەلەکەکە بووین، بەلام خوای گەورە ئێمەشی وەکو تۆ رزگار کرد.

وتم: ئەی باشە ئێمە ئێستا چیبکەین؟.

وتیان: خوا کەریمە، دەبێ هەر چۆنێبێ خۆمان بژێنین تا لەو کارەساتە قوتارمان ببێ.

وتم: برسیمە، توێنوومە.

وتیان: بڕ بڕ ئاوی دەریا هەڵمژن و نەرمە گیاکان بجوون تا خوای گەورە دەروویەکمان لێ دەکاتەوە.

چەند ڕۆژێ نە خواردن و خواردنەوە، خۆمان رادەستی قەدەر کرد، پاڵماندایەوە، چاوەڕوانی مردن بووین، لەناکاو بێچووە فیلێک پەیدا بوو، دوو کەسەکە وەرگەڕانە سەری و بێچووەکەیان کوشت، گۆشتەکەیان بەخاوی خوارد، وتیان: وەرە پێش بۆخۆت گۆشت بخۆ، دەنەئەوها بڕوا، لەبرسا دەمری.

منیش وتم: ئاخر من نەزرم کردووە گۆشت فیل نەخۆم، تازە بشمرم، نایخۆم..ئەوان بە زگی تێرەوە کەوتنە خەوێکی خۆش و منیش بەسکی بەتاڵ و برسی تروسکەی چاوانم دەهات، لەپڕ فیلێکی زەبەلاح بەدیار کەوت و بەرەو رووومان هات، کەوتە بۆنکردنمان، منی بۆن کرد و لەسەر من پازیدا، بەرەو رووی ئەوانیتر چوو، کە ئەوانی بۆنکرد، وەکو هەست بکات ئەوانە گۆشتی بێچووەکەیان خواردووە، بە پا، کەللەی ورد و خاش کردن، بەو دیمەنە لەهۆش خۆم چووم، کە خەبەرم بۆوە، بینیم ئەوە لەژێر ساباتێکم و چەند ژن و پیاوێ دەوریان دابووم، قسەیان دەگەڵ دەکردم، نەمدەزانی چی دەڵێن..خواردن و ئاویان بۆ هێنام، ماوەیەکی باش لەوێ مامەوە، هەر بەهێما و دەستان لێک دەگەیشتین.

رۆژێکیان منیان بردە لای گەورەکەیان، هەرچەندی دەموت: من موسڵمانم، خەڵکی ئێراقم، کابرایەکی بازرگانم، قسەکانم بێسوود بوون .. منیان هێناوە هەمان ماڵ، خەڵکی ئەو ماڵە زۆر بەڕێز و قەدر گران بوون، منیان خۆش دەویست، وەکو یەکێك لە ئەندامانی خێزانی ئەوانم لێهاتبوو، هیچ ئیش و کارێکیان پێنەدەکردم، هەمیشە دەم بە پێکەنین بوون، جار جار کۆڕیان دەبەست و گۆرانیان دەچڕی و گۆڤەندییان دەگێڕا، من وەکو جێگری نانخۆرم لێهات، هەوڵمدەدا دەگەڵیان بکەومە کار، وەلێ رازی نەدەبوون، تا دەهات گۆشتم دەگرت و منی شڤار [٦٤] و بوودەڵە، ببوومە دێوەزمە و سەلەندەهور [٦٥] تا دەهات قەڵەو دەبووم.

رۆژیکیان هاتنە دوام و منیان بردە لای گەورەکەیان، بەرچەڤەوانیان [٦٦] هێنا، پرسی: سەر بە چ نەتەوەیەکی؟.

+نەتەوەم کوردە.

= ئەی خەڵکی کوێی؟.

+ هەولێر.

= هەولێر لەکوێیە؟.

---

[٦٤] - شڤار/ درێژ.

[٦٥] - سەلەندەهور/ زرتە زەلام.

[٦٦] - بەرچەڤە/ وەرگێر=متەرجم.

+ له ئێراقه.

= ئاینت چییه؟.

+ موسڵمان.

= چۆنه بەتەنها هاتییه ئەو دەڤەره؟.

+ بۆ بازرگانی هاتم.

= بەتەنها بووی؟.

+ نەخێر من و کۆمەڵێك بازرگان بەیەکەوه بووین.

= بۆچی و چ بازرگانییەك؟.

+ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کوتاڵ و بەهارات.

= ئەی ئەوانیتر چییان لێ بەسەر هات؟.

+ هەر هەموویان مردن.

کاوڕای بەرچەڤەوان تەواوی پرسیار و بەرسڤەکانی بۆ گەورەکەیان بەرچەڤە دەکرد، لەهەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بەمنەوه هەبوو: ئاخۆ چۆن من رزگارم بوو؟. منیش رووداوەکەم لەسیرێ تا پیوازێ بۆ گێڕانەوه که چۆن سواری کەلەك بووین و چۆنیش کەلەکەکە تێکشکا و پێش نقوم بوونی چۆن نەزرمان کرد و من لەناویان نەزرم کرد گۆشتی فیل نەخۆم، پێموتن نەزر له ئیسلامدا شتێکی گەورەیه و بەسەرهاتی فیل و مردنی دوو هاوڕێکەشم بۆ گێڕانەوه..گەوره پیاوەکه وتی: دەنه تۆ باش بزانه هەر ئەو فیلەبوو رزگاری کردی و تۆی هێنایه ئێره،

ئێستاش مادام ئاینەکەت هێندە لەلا پیرۆزە، بەڵێنبێ زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە رەوانەی زێدی خۆت بکەمەوە، نووکە بڕۆوە تا بازرگانان دێن، دەگەڵ ئەوان رەوانەت دەکەمەوە.

منیان بردەوە شوێنی جاران..پاش چەند مانگێک چوومەوە لای پیاوە گەورەکە وئەویش چەند تەلیسێکی پڕ لە بەهارات کە ئامادەکرابوون، پێمی بەخشی و بەحورمەتەوە سواری کەلەکیان کردم و گەڕامەوە زێد و وڵاتی خۆم.

* * *

نێرەکەر

خەڵکەکە لەدیوەخانی گوندی دانیشتبوون، لەناکاو مام عەزیز وەژوور کەوت و سەلامی کرد، لە سووچێکەوە دانیشت، یەك لەوانەی ئەوێ، لێی پرسی: ئەوە خێرە یەك دوو رۆژە دیارنی؟.

+ بڵێم چی؟ چووبوومە سەردانی ماڵە خزمێ.

- لەکوێ؟.

+ لەگوندی.......

- ئەی ئەو خزمانە چۆن بوون؟.

+ زۆر باش بوون، لەهەواڵیان دەپرسین.

- دیارە شەو لەوێ مابوویتەوە؟.

+ بەڵێ، ببوومە دوختۆر.

- ئەوە یانی چی؟ چۆن بوویتەتە دوختۆر؟..

+ دەبا بۆتانی بگێڕمەوە، کاتێ چوومە ئەو ماڵـە خزمـەمم، شـەو لەگەڵیدا چووینە یەك لەو ماڵانە گوایە کوڕێکیان نەخۆشە و چ بـەیتار و دوختۆر نەماوە نەیبەنـە لای، کەچـی ڕۆژ بـەڕۆژ بـاری تەندروسـتی بەرەو خراپـی دەڕوا، لەنەخۆشـییەکەیم پرسـی و تێگەیـشتم مەسـەلە چییە؟بەهێمنی و نهێنی بەکوڕەکـەم وت: مـن دەتـوانم چارەت بکـەم بەمەرجێ لەگەڵم راستگۆبی و هەر پرسیارێکم لێکـردی، بـەبێ شـەرم وەڵامم بدەیتەوە.

- فەرموو هەر پرسیارێك دەکـەیت، بەراسـت و ڕەوانـی وەڵامـت دەدەمەوە.

+ هەڵبـەتە ئەستوور بوون و هەلاوسان و قەقنـەزی[٦٧] هەرامەکـەت لەخۆڕا نییە، بۆیە لێت دەپرسم: تۆ چەند ڕۆژە بەو دەردەوە دەناڵێنی؟.

- دە ڕۆژ زیاتر دەبێ.

+ لەوانەیە خەریکی نێرەکەر بووبی، شەرم مەکە، قسەکەم تـەواوە یان نا؟.

- بەڵێ وایە.

---

[٦٧] - قەقنەز/ رەشبوون و سووتان.

منیش لەجێوە هەستام، رووم کردە کەس و کاری کوڕەکـە و پێیـانم وت: چارەســەری دەردی ئـەو کوڕەتـان لای منــە و چارەسەرییەکەشـی ئاسانە.

بانگی برایەکی کوڕەکـەم کـرد، داوام لێـی کـرد ژوورێکـی بـەلاوە ئامادەبکات و سندانێکی پینەدۆزیشم بۆ بـێنێ.. ئەوانـەیان ئامـادە کرد، چوومە ژوورەکە و سندانەکەم چەسپاند، ئەوجا گۆچانێکی لـووس و بێگرێم دانا لەگەڵ هەندێ روون، وتم: با کوڕەکە بێتە ژوورەوە.

کوڕەکـەیان هێنـا و لـە سـەر تەختەیـەکم دانیـشاند و وتم: جـل و بەرگەکانت لەبەر بکەوە.ئەویش نـەوەکو شـەرم دایبگـرێ، چـاوەکانی داپۆشـــی، خـــۆی رووت کـــردەوە و دانیـــشت، منـــیش وردە وردە هەرامەکەیم بەڕۆن چەور دەکـرد تـا واتێبگـات تـەنها چـەورکردنە و هیچیتر.

پـاش ئـەوەی کوڕەکـە نـەرمی نوانـد، هەرامەکـەیم خـستە سـەر سندانەکە و تا هێزم تێـدابوو، گۆچـانێکم وەشـاندێ، خـوێن و زوخـاو فیچقەی کرد، کوڕە لەهۆش خۆی چـوو، بوورایـەوە، بـە براکـەیم وت: خۆت تێکمەدە، پاش کەمێکی تر براکەت بەهۆش خۆی دێتەوە و هـەر ئەمشەو چاك دەبێتەوە.

تا درەنگی شەو لەو ماڵە ماینەوە، کوڕەکـە کـاتێ بـەهۆش خـۆی هاتەوە، باری تەندروستی بـەرەو باشـتر دەچـوو، بەکوڕەکـەم وت: تـۆ

لەگەڵ نێرەکەر جووت بوویتی و پاشەڵی نێرەکەرەکـەیش پـڕ بـووە لـە دڕك و چـقڵ و کـا، لـەکاتی جووتبوونـدا ئـەو چـقڵانە خزایتـە نێـو هەرامەکەت و ئەو هەڵاوسانەشت لەئەنجامی ئەو دڕك و سترییە بـووە، لێدانەکە هەمووی فرێدایە دەرەوە.. ئەوجا پێموت: هـااااا، جـارێکیتر ئەو کارە قێزەونە دووبارە نەکەیەوە ئەمە کـارێکی نامرۆڤانەیـەودوورە لەمرۆڤایەتی.

* * *

جاهیدی شاعیر

لە هەولێری شاعیرێك هـەبوو، پێیـان دەوت: بورهـان جاهیـد، زۆر مەشرەبخۆش و قسە خۆش بوو، لەگەڵ مـەی و شـەڕاب هـاودەم بـوو، هەمیـشە مەسـت و سـەرخۆش، شـەوێکیان قـاپێ دەخواتـەوە، لـە دوکانێکی سەر شـەقامدا تـا بـەیانی پاڵدەداتـەوە، تـا حەسـحەس و پۆلیس دێن و قۆڵبەستی دەکەن، هـەر ئـەو شـەوە رادەسـتی حـاکمی دەکەن.

حاکم پێی دەڵێ: کوڕە حەیوان، ئەوە شەڕابت خواردۆتەوە؟.

بورهان وەکو سەیر دەکات ئەو حاکمە کاتی خۆی لەگەڵیدا لە یـەك قوتابخانە و یەك پـۆل بـووە، حاکمەکـەش هـەر نـاوی بورهانـە، بۆیـە بورهانی جاهید دەڵێ:

من بورهان و تۆ بورهان

هەردووکمان قوتابی بووین لە قوتابخانەی نیشتیمان

ئێستا تۆ حاکمی

منیش بوومەتە حەیوان

حاکمەکە وەکو سەیری دەکات، دەیناسێتەوە، بەپۆلیسەکان دەڵێ:
وازی لێبێنن بابچێتەماڵەوە.

❊ ❊ ❊

باوك و كوڕ

مام حەمەد چونکە دونیا دیتە و قسە خۆش و پڕ خێزان و زۆربەی خەڵکی گوندی خزمی ئەو بوون، هەروەها لەرووی تەمەنیشەوە بەتەمەنترین پیاوی گوندی بوو کە خۆی لەنەوەت ساڵ دەدا، کاتێك دەهاتە دیوەخانی گوندی، هەموان لەبەری هەڵدەستان.. خەڵکەکە بەرابەری خۆیان دەدایە قەڵەمێ و رێز و حورمەتێکی زۆریان دەگرت.

ئیسماعیلی کوڕی بەتەمەن چی وا لەو بچووکتر نەبوو، سەرو ریشێکی بەفراوی هەبوو.. رۆژێکیان مام حەمەد رووداوێکی گێڕایەوە، خەڵکەکەی ئەوێ گوێ قولاغ ببوون، ئیسماعیلی کوڕی رووداوەکەی بۆ راست کردەوە، وتی: بابەگیان وابزانم ئەوها بوو، ئەوها نەبوو، لەوانەیە لەیادت کردبێ.

باوکی تووڕەبوو، چاوی لێ سوورکردەوە و جنێوێکی پیسی پێدا، وتی: کوڕم دیارە من درۆ دەکەم؟.

+ نا، بابەگیان، چ حەددم هەیە ئەو قسە ناشیرینە بکەم، بەڵام....

ئیسماعیل قسەکانی تەواو نەکرد، مـام حەمـەد بەجنێوپێدانـەوە، گۆچانێکی تێگرت..خەڵکەکە لەبـەری پاڕانـەوە گوایـە ئیـسماعیل چ قسەیەکی خراپی نەکردووە، قسەکانی تەنها بۆ بەبیرخستنەوە بووە، خۆ کوفری نەکردووە؟مام حەمەد بەتووڕەبوونەوە وتی: بەدی چـۆن کـوفری نەکردووە؟ کوڕ کوڕی منبێ، چۆن لەدەمم دەداتەوە؟.ئیسماعیل بـەدەم پاڕانەوە وتی: دەستەکانت ماچ دەکەم باوکە گیان، من چۆن زاتی ئەوە دەکەم لەدەمت بدەمەوە؟.دوای ئەو قسانە، ئیسماعیل جۆرکی تووتنی دەرێنـا و دەفتەرەکـەی پـڕ تـووتن کـرد و خـستییە سـیکارەوە و دایگیرساند، ئەوجا لەپێش دەمی باوکی دانا و دەستی باوکی ماچ کرد و لێی پاڕایەوە دڵی هیچ نەکا و لێی زویر نەبێ.

ئەوەی لەو دیوەخانە بوو، هەموویان بەو کارەی ئیسماعیل و ئەو کـارە پڕ ئەدەبەی دڵخۆش بوون کە چەند بە ئارامـە و هـەموویان خۆزگـەیان بەوە دەخواسـت رۆژێـك لـە رۆژان ئـەوانیش بـەو رەوشـت بەرزییـەوە بەرامبەر باوکیان بوەستن.

* * *

خەون

عەلۆ هاتە دیوەخان.. دیوەخـان لەخـەڵکی ئـەو دەوروبـەرە جمـەی دەهات، سیخناخە بوو، جەلۆش لەسەرڕا هاوڕێی عەلۆ بوو، لـە ژێـرڕا

تا پێیبکرابا ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستا، لەکاتێکدا لەلای خەڵکیش چەندی بلێی هەژگ[٦٨] بوو، چونکە جەلۆ هەڤۆل[٦٩] و هەرزەگۆ[٧٠] بوو.

عەلۆ بە خۆشحاڵییەوە کە قافی قسەی هات، وتی: خەڵکینە ئێوە دەزانن ئیمشەو من خەونێکی زۆر سەیر و سەمەرەم بینی.

وتیان: دەخەونەکەت بگێڕەوە، بزانین چیبووە.

وتی: لەخەوما کەوتبوومە چاڵێکەوە، پڕ لەپیسایی مرۆڤ، جەلۆی برادەریشم تا ئەسکوردی کەوتبووە ناو هەنگوینێ.بەو قسانە جەلۆ لەخۆشیان ئۆقرەی نەدەگرت، خەڵکەکەش کردبوویانە بەزمی خۆیان.

وتیان: ئەوجا؟.عەلۆ درێژەی بەخەونەکەیداو وتی: ئەوجا ئێمەیان لەناو ئەو دوو چاڵە دەرێنا و وتیان دەبێ یەکدی بلێسنەوە.

خەڵکە بەجارێ دایانە قاقای پێکەنین و جەلۆش چۆن شەرم دایگرت، لەشوێنی خۆی مت بوو، ئێستاش دوو قسەی نەکرد.

* * *

داخوازی

کوڕێکی ژیر و هۆشمەند و خواترس هەبوو، دایک و باوکی، کچێکیان بۆی دەستنیشان کرد تا بۆی بێنن، چوونە خوازبێنی، ماڵە

---

٦٨ - هەژگ/ کەیف پێ نەهاتن.

٦٩ - هەڤۆل/دروون پیس.

٧٠ - هەرزەگۆ/ زۆربلێ.

باوانی کچە رازیبوون.. کوڕەکەش پێش وەخت وتی: حەز دەکەم کچەکە ببینم و هەندێ قسەی لەگەڵ بکەم.

یەکترییان بینی.. کوڕەکە وتی: ئێمە لەسەر سوننەتی خوا و پێغەمبەر دەبینە هاوسەری یەکدی، ئەگەر من تووڕە بووم، ئەوە تۆ دان بەخۆتا بگرە و ئەگەر تۆش تووڕە بووی، من ئارام دەگرم و دان بەخۆما دەگرم، هاااا، چی دەڵێی؟.

کچەکە وەڵامی دایەوە: من ئەمەم قبووڵە.

ئای لەو مەرجە جوانە، خۆزگە هەموو ژن و مێردێك ئەوها بیریان دەکردەوە و دەبوونە بنبڕی هەموو کێشەیەك، چونکە سەری هەر کێشەیەك زوبانە، بۆیە دەڵێن: زوبان لە ئەندامانی لەشی پرسی ئەرێ ئێوە چۆنن؟. ئەوانیش وتیان: گەر وازمان لێبێنی ئێمە زۆر باشین.

* * *

نانی شێوان

هەموومان لەمزگەوتێ، لەخزمەتی مەلای گوندی دانیشتبووین، هەر هێندەمان زانی مەلا فتاح پەیدابوو، ئەو فەتاحە ماوەی شەش حەوت مانگێك دەبوو ببووە سەرباز و یەك دوو جار لەو ماوەیە بەمادۆنی[٧١] مانگانە هاتبووەوە گوندی، ئەوجارەیان حەفتا رۆژی خایاند ئەوجا هاتەوە، خەڵکەکە پێشوازییەکی باشیان لێی کرد، فەتاح

[٧١] – مادۆنی/ مۆڵەت.

کوڕێکی مەحبووب و قسەخۆش و نوکتەزان بوو، مامۆستای گوندی وتی: مەلا فەتاح بۆ ئەوجارە لە گەڕانەوە زۆر دواکەوتی؟ تۆ دەزانی دڵ و دەروونمان هەر لای تۆ بوو، بەتایبەت ئێستا کە شەڕی عەرەب و جوولەکەیە، ترساین، وتمان خوا نەخواستە هیچی بەسەر نەهاتبێ.

فەتاح بەهەڵپەیەکەوە وتی: مۆڵەت راگیرابوو، هەتا ئەفسەر(زابت) بۆی نەبوو ئۆردی جێ بێڵێ، چونکە شەڕە و شەڕیش وەکو ئاش خەڵکی دەهاڕێ..ئێمەیان بردە ئوردن و لەپێشەوەی پێشەوەی بەرە بووین.. باوەڕ بکەن ئەوە منم لەبەر بزێوی خۆم وا ماوم، نەوەك چەندین هاوسەنگەرم لەپێش چاوانم تەفروتونا بوون و لەبەر خراپی کوژرانییان، نەتدەتوانی سەر و بەدەنییان لێك جیاکەیتەوە.

مەلا وتی: شوکر بۆخوا سەلامەت دەرچووی.

+ هەزار شوکر.

مام خدر و مام عومەر و مام حەوێز و مام حەسەن هەر پەکوف پەکوفیان بوو.. مام عومەر وتی: کوڕە فەتاح ئەگەر دەزانی وەزعەکە ئەوها ناخۆشە، فیرارکە.

مام حەسەن وتی: با خۆی بەکوشت نەدا، جا بۆ کێ خۆی بەکوشت بدات؟.

مام حەوێز وتی: ئەگەر زانیت تێدەچی، بەدیل بگیرێی باشترە.

فەتاحیش وتی: ئەگەر بزانم لیّم بقەومیّ، خۆم دەزانم چی دەکەم، با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە:من لە ئوردووی خۆمان قەرەولّ[72] بووم، کاتژمێر سێی شەو بوو، ئاگام لەخۆم نەمابوو، کەوتبوومە خەوەوە، هەر هێندەم زانی یەکێك بەعەرەبی پێی وتم: ولەك گوم[73]..منیش کە چاوم کردەوە، بینیم ئەوە زابتێك لەسەر سەرم وەستاوە و چەکی منی لەدەستە، شڵەژام، داوای لێبوردنم کرد، وەلیّ بیّ سوود بوو، چاوی بەپیسایی و پاشەڕۆی من کەوت، وتی: (یەڵڵە کول) یانی دەی ئەو پیساییە بخۆ.. منیش چەندی لێی پاڕامەوە، دەستم دامێنت ئەوەی من کردم، تۆ مەیکە، نزا و تکا بیّ سوود بوون، ئەوجارەیان چەکی لێڕاکێشام وتی: هەتا سیّ دەخوێنم گووەکەت نەخۆی، دەتکوژم، وتی: یەك.. دوو..سیّ.

منیش بەناچاری پلێکم گەیاندیّ و تامم کرد، ئەوجا چەکەکەی پێدامەوە و وتی: جارێکی دی لەواجب نەخەوی.

هەر کە چەکەکەم وەرگرتەوە، بەتووڕەییەوە سوارم کرد و سێرەی تفەنگم تێیکرد، وتم: وەڵڵاهی دەبیّ تۆش وەکو من نۆشیکەی، نەوەکو دەتکوژم.

---

[72] - قەرەوڵ/ حەرەس، پاسەوان.

[73] - ولەك گوم/کوڕە هەستە.

زۆری هەوڵدا، من زیاتر سوور بووم و تەلاقم لێیخوارد.. ئەویش بەناچاری وەکو من پلێکی لێدا و خستییە دەمیەوە و لێیدا رۆیشت.

پاش ئەوەی مۆڵەتم وەرگرت بێمەوە، ئێمە کۆمەڵێك سەرباز و زابت، لە عەزیزییەکەی کوت دابەزین و چووینە لۆقەنتە بۆ نان خواردن و خواردنمان بۆ هات، کەوتمە نانخواردن، تەماشام کرد، چیم کەوتە پێش چاو، شتێك ئەقڵ قبووڵی ناکا، زابتێك هات سەیرم کرد ئەوە ئەو زابتە بوو کەلەگەڵیدا لێم ببووە کێشە، هات لەبەرامبەرم دانیشت و ئەویش کەوتە نانخواردن، وەکو تێمڕاما، لێم مۆڕ بۆوە، بەعەرەبی وتی: (یمکن انی شایفك) بەکوردی وتی: هەست دەکەم لە شوێنێکم بینیوی؟.منیش بەپێکەنینەوە بەعەرەبی پێموت: (نعم سیدی تعشینا سوا) واتە: (بەڵێ گەورەم شەوەکەی پێکەوە بەرکۆلێکمان کرد).

* * *

لۆبیا فرۆش

مام عەلی پیاوێکی لەسەرخۆ و خواپەرست بوو، هەمی رۆژێ بۆ کارکردن دەچووە دەرەوە و دەبوایە بەلای گۆڕستانی چراغ تێپەڕێ تا بۆی بکرایە دوعا و نزای بۆ مردووەکان دەخوێند و لەخوا دەپاڕایەوە لێیان خۆشبێ، مام عەلی دەیوت: ئەوە نەریتێکی هەمیشەیی من بوو، تەنها ئەو رۆژانە نەبێت کە نەخۆش دەکەوتم یا شولێکی تایبەتم هەبوایە و بۆم نەلوایە بەو شوێنە گوزەر بکەم.

شەوێکیان لەخەومدا بەلای گۆڕستانەکە تێپەڕیم، دوعام بۆ مردوان دەکرد و فاتیحام بۆ دەناردن، تەماشام کرد خەڵکی گۆڕستانەکە هەر یەکە دەفرێکی دەدەست دایە و وردە وردە وا خەریکن ئەوەی من دەیڵێم و دەیخوێنمەوە، ئەوان بۆ خۆیانی کۆدەکەنەوە، تەنها یەک لەمردووەکان نەبێ لەژێر سێبەرێك دانیشتبوو، منیش لێی چوومە پێش و پێموت: مامەگیان سلاّوی خواتان لێبێ.

- سلاّوی خوا لەخۆتان.

- مامە ئەو خەڵکە لەو گۆڕستانە چی کۆ دەکەنەوە؟.

- خێر و دوعا و تکای تۆ.

- ئەی باشە بۆچی جەنابتان وەکو ئەو خەڵکە ئەو دوعا و خێراتانە کۆ ناکەنەوە؟.

-کاکی خۆم، ئەو خەڵکە مەبەستم ئەو مردووانە پێویستییان بەو خێرو دوعایانە هەیە، بەلاّم من پێویستیم پێی نییە؟.

- چۆن پێویستیت پێی نییە، چما ئەوانیتر موحتاجی ئەوەن؟.

- ئاخر هەرکی منم شوکر بۆ خوا کوڕێکم هەیە لەدوعا و خێردا بێ بەشم ناکا.

- یانی ئەو کوڕەت لە ژیان ماوە؟.

- بەڵێ، لەنێو بازاڕدا کاردەکا و لۆبیا دەفرۆشێ.

- ناوی کوڕەکەت چی یە؟.

- ناوی مەجیدە.

- مام عەلی وتی: کاکە، کە وەخەبەر هاتم، قاوەڵتی بەیانیم کرد و بەرەو شار بەڕێکەوتم، بەگەڕان و پرسیارکردن مەجیدی کوڕی کابرام لێ بەدیارکەوت،چوومە پێش.

- سەلام و عەلەیکوم.

وەعەلەیکوم.

- ناوی جەنابتان چی یە؟.

-مەجید.

-کاکە من ئیمشەو لەخەونێ دا باوکی تۆم بینی و هەندێ گفتوگۆمان کرد، ئەو باسی تۆی بۆ کردم کە تۆ ناوت مەجیدە و لە بازاڕێ دا لۆبیافرۆشی دەکەی.

- توخوا باوکم چۆن بوو؟.

- باوکت زۆر باش بوو.

خەونەکەی بۆ گێڕاییەوە.

مام عەلی وتی: هەندێ جار زوو لەماڵ وەدەردەکەوتم، تا لەگەڵ مەجید قسان بکەم.

شەوێك دیسان خەونم دیتن، تەماشام کرد باوکی ئەو مەجیدە ئەویش وەکو خەڵکی گۆڕستانەکە یانی مردووەکان وا دەفرێکی لەدەستدایە دووعاو خێران بۆ خۆی کۆدەکاتەوە، لێی چوومە پێش.

- سلام و عەلەیکوم.

- وەعەلەیکومە سەلام، هۆ کاك.

- ئەوە چۆنە تۆش خۆت وا خەریك کردوە؟.

- داخی گرانم، مەجیدی کوڕم مردووە و منیش بێبەش بووم لە خێر و دوعایان.

- توخوا ئەوە کەی بووە؟.

- ماوەی چەند مانگێکە.

- ببوورە بەخوای نەمزانی، ئیشەڵلا خوای گەورە عەفووی دەکات.

- ئیشەڵلا، مام عەلی وتی: کە لەو خەو رابووم، خەونەکەم هاتەوە یاد، هەر زوو بەرەو بازاڕ چووم و پرسیم: ئەرێ ئەدی کاك مەجید؟.

یەکێك وتی: مامە ئەوە ماوەی چەند مانگێکە مردووە.

منیش لەو ڕۆژەوە بڕیارمدا تا لەژیان ماوم، خێر و چاکە و دوعا بۆخانەوادە و خزم و دۆستان و مردووان بکەم، چونکە بۆم دەرکەوتووە مردووەکان ژیانێکی تریان هەیە و پێویستییان بە کردەوەو رەفتار و چاکە و باشەی زیندوان هەیە.

* * *

حاجی عەلی سیان

حاجی عەلی سیان، پیاوێکی قسەخۆش و شابەز بوو، هەر لەنزیك مزگەوتەوە پارچە زەوییەکی کڕی و بۆ خۆی کردییە خانوو.. کە خەڵك

دەهاتە مزگەوت و کارێك نەبووایە، ئیتر ئەوە خۆی لەمزگەوت گیر دەکرد، مام حاجی عەلی سوێندی خوارد و وتی: کاکە ئەوە من لە گوندی جحێلم، بەهەوەسی خۆن تەرادان دەکەم، تەمەنم تازە گەیشتۆتە شازدە ساڵان، هێشتا ژنم نەهێناوە و باوکم زۆری هەوڵدا ژنبێنم، بڕیاریدا پاشی جەژنی ڕەمەزان مشوورێکم لێبخوا.

ڕەمەزان هات، لەماڵەوە بووم و بەرۆژوو نەبووم، تا تەنگەم هێشا نانم خوارد.. خەڵکەکەش هەموویان بەرۆژوو بوون، لەژێر سێبەری دیوەخان و مزگەوتێ لێی پاڵ کەوتبوون، منیش وەکو ئەوان خۆم خزاندە ژێر سێبەرەکە و لێی خەوتم، کاکە خۆزیا نەدەچووم و نەدەخەوتم.

مام عەلی سیان وتی: کەوتمە خەو، بینیم ئەوە رۆژی قیامەتە و خەڵکی هەموو کۆکراوەتەوە حیسابیان لەگەڵ دەکرێ، منیش تا پێمکرا خۆم خستە دواوە، ئاگرێك داگیرسا، چۆن ئاگرێك..ناویان خوێندەوە، یەکەم کەس ناوی من بوو، وتیان: عەلی.

خۆم لەگێلیدا.

- ئەوە لەگەڵ تۆمانە هەی گەلحۆی بێ ئابرۆ، هەی نیزدین[٧٤].

هەر هێندەم زانی دوو پیاوی تێکسمڕای زۆر بەهێز لەناو ئاپۆرای ئەو خەڵکەدا پیلیان گرتم و بەرزییان کردمەوە: ئەوە بۆ بەرۆژوو نیت؟.

---

[٧٤] - نیزدین/ شێتۆ

+ داوای لێبووردن دەکەم، بەس ئەمجارە ببەخشن.

- هەی بێقیمەت چما ڕۆژوو هێندە کەمە؟.

+ نا، بەقوربانتانبم، بەس ئەوجارە وازم لێبێنن.

حاجی عەلی وتی: کاکە منیان دەبردە لای ئاگرەکە و منیش بەهەموو هێزێکەوە تەکانم دەدایە بەرخۆ تا خۆم لێیان ڕزگارکەم، بێ سوود بوو، منیان دەهێناوە لای ئاگرەکە، جا ئەو هێنان و بردن و پاڕانەوە و تکاکردنە وایکرد لەو خەوە ڕابپەڕم..سەیرم کرد ئەوە ئەو خەڵکەی ئەوێندەریێ هەر هەموویان وا لەسەر سەرم کۆبوونەتەوە و ئاو بە دەموچاوم دادەکەن، ئەوەی موو بوو لەریشم و قژ بوو لە سەرم و ئەوەی تاڵەبرژانگ بوو، هەر هەمووی سۆتابوون..منیان بەچوار دەستە بردەوە ماڵ، مانگی ڕەمەزانم بەو نەخۆشییە و بەو دەردەسەرییە بردە سەر، هەر لەوێ ڕۆژییەوە بەڵێنمدا هەتا ماوم نابێ یەك ڕۆژوو بەفیڕۆ بدەم ئەگەر بزانم بەو ڕۆژییە دەمرم.

* * *

مردوو بووە میێڤان

دەڵێن لە ڕۆژگارێکی زۆر زوو، پیاوێك لەماڵی خۆی چەند کەسێ بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بانگهێشت دەکا، کە لەمزگەوتەوە دەردەکەوێ و بەرەو گۆڕستانەکە تێدەپەڕێ، بەدەستان لە کێلی گۆڕێك دەدات و دەڵێ: تۆش هەینی لەگەڵ هاوڕێیەکانم بۆ نانخواردن وەرە.

هەینی داهات، ئەوانەی بانگێشت کرابوون، وردە وردە لەماڵیان خڕبوونەوە، لەپڕ پیاوێك وەژوور کەوت و سڵاوی لێکردن و فەرموویان لێیکرد، دانیشت، وەکو ئەو خەڵکە دەستی بەنانخواردن کرد..خانەخوێکە هەروای دەزانی ئەویش لەگەڵ یەکێك لەوانە هاتووە..پاش ئەوەی نان خوراو چا خوارەیەوە، خەڵکەکە ماڵئاواییان کرد، تەنها ئەو کەسە مایەوە، خانەخوێکە نەیدەناسی، بۆیە پێیوت: کاکە بۆ جەنابتان ناناسم؟.

- باشە ئەی جەنابتان نەبوون دەستان خستە سەر کێلەکە ومنتان باگهێشتی ئەو نانخوارنە کرد؟.

خانەخوێکە بیری کردەوە، ئەوەی بەبیر هاتەوە، بۆیە وتی: راست دەکەی، یاخوا بەخێر بێی.

چاك و چۆنییەکی زۆریان کرد و کابرای مردووی زیندوو وتی: هەینی داهاتوو جەنابتان لەلای من دەبن و پێکەوە قاوەڵتییەك دەکەین.

دوای ئەو قسانە خواحافیز بوونی کرد و ڕۆیشت.

هەینی داهات، کابرا دوو دڵ بوو لەوەی ئایا بچێ یان نا؟ لێ هەرچۆنێبێ ناوی خوای لێهێنا و چووە لای گۆڕەکە و سڵاوی لێکرد.. گۆڕەکە شەق بوو، کابرای مردوو بەخێرهاتنێکی زۆری کرد و خۆشحاڵی خۆی بۆ نیشاندا..لەیەکدییان پرسی و باس و خواسی زۆر

شتییان کرد، کابرای زیندوو بۆ چەند کاتژمێرێك خۆی پێگیرا و پاشان وتی: شوێن و جێگەت زۆر خۆش و دڵڕفێنە، هەر هەموو مردووەکان ئا ئەوهان؟.

کابرای مردوو وتی: نەخێر هەر هەموو وانین، من خواپەرست بووم، خوای خۆم بەهەق دەناسی، کار و کردوەی چاکم کردبوون، خەڵك لێمڕازی بوو، هەر بۆیەش خوای دلۆڤان لەبری ئەمانە، ئەو شوێنە خۆشەی داومەتێ.

- باشە ئەو چرایە بۆوا خامۆش دەبێ و دیسان گەش دەبێتەوە؟.

+ هەر جارەی شەوقداربێ، ئەوەساڵێکی سەر زەوییە، یانی هەر جارەی ساڵێکی ئێوەیە.

- لەوەتەی من لێرەم، لەوانەیە هەزار جار داگیرسابێ و خامۆش بووبێتەوە، گەر روخسەتم بدەی بچمەوە ماڵ.

+ مەڕۆ، لەوانەیە زەمانێکی تربێ، واتە رۆژگارێکی دیکەیە، بەڵکو خوای گەورە بەسۆزو رەحمەتی خۆی لەتۆش ببووری و بەهەشتت بە هاویل[٧٥] بکات.

- بەڵێ، بەڵام حەزدەکەم بگەڕێمەوە.

خواحافیزیان لێکدی کرد..بەویستی خوا دیسان گۆڕەکە شەق بووەوە، کابرای زیندوو لێی هاتە دەر و گۆڕەکە وەکو جارانی

---

٧٥ - هاویل/ بەش.

لێهاتەوە.. کابرا بینی، واقی وڕما، حەپەسا، کوا ئەو شوێنە؟ کوا ئەو شارە؟کوا ماڵی ئەو؟کوا خزم و دۆست؟کوا کەس و کاری؟ کوا ماڵ و سامان؟کوا منداڵ و زارۆك؟.

هەر لەشوێنی خۆی دەستی بەرزکردەوە و داوای لەخوای گەورە کرد بیگەڕێنێتەوە لای کابرای مردوو..دووبارە گۆڕەکە شەق بۆوە،کابرا خۆی خزاندە نێوی و خۆی تەسلیمی خوای پەروەردگار کرد.

* * *

مردووەکان بوونە مێوان

مام سۆفی گێڕایەوە، وتی: زۆربەی جاران لەگوندی، خۆم دەگەیاندە گۆڕستان و دوعا و قورئانم بۆ دایك و باکم و تەواوی مردووەکان دەخوێند، لەخوای گەورە دەپاڕامەوە لەگوناهەکانیان خۆشبێ، ئەوە پیشەم بوو، هەمیشە سەردانیم دەکردن.

ڕۆژێکیان ناساغ بووم، نەچوومە گۆڕستان، شەو لەخەوما مێوانێکی زۆرمان هات و سەردانیان کردم، لەوانە هەندێکیانم دەناسی و ئەوانی ترم لەلادا نامۆ بوون، بۆیە وتم: یاخوا بەخێربێن، گەورەتان کردم.

وتیان: خێرە ئەمڕۆ دیار نەبووی؟.

+ لەکوێ؟.

- ئەی هەموو جارێ سەردانیمان ناکەی،دوعای خێرمان بۆ دەکەی و قورئان دەخوێنی، نازانین چۆن چاکەت بدەینەوە، بۆیە هەر هەموومان وتمان با سەردانی بکەین، خوای گەورە رێپێیداین بۆ لات بێین.

+ راست دەکەن، من ئەمڕۆ باری تەندروستیم باش نەبوو، بۆیە نەمتوانی بێمە سەردانیتان، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

مام سۆفی وتی: کە بەخەبەر هاتم، یەکسەر چوومە گۆڕستانەکە و بۆم دەرکەوت ئەو قورئان و چاکانە بەفیڕۆ ناچن و دەگەنە مردووەکان.

* * *

خاوێنکردنەوەی هەوێز

خەڵکەکە لەسێبەری دیوەخانێ، چارچمکێ لێی دانیشتبوون، لەپڕ ئوتومبیلێك پەیدابوو، لەتەك دیوەخانێ رایگرت، چوار پێنج پیاوی لێ دابەزین، سڵاویان کرد، مام ساڵح بەخێرهاتنێکی گەرمی کردن و سوێندی لێخواردن دەبێ بۆ نانخواردن لە لای ئەو بمێننەوە.

بە کارەسوڵی کوڕی هەواڵی ناردەماڵەوە گوایە میوانیان دێ کاوڕێ سەربڕن و هەوێزی نزیك دیوەخانیش خاوێن و بژوێن بکەن.

ئافرەتێك هاتە لای هەوێزەکە و شوێنەکەی ئاوپڕژێن کرد و دەستی کرد بە گسك لێدانی..مام ساڵح بانگی کارەسوڵی کرد و تێیگەیاند کاوڕێکی تریش بکوژنەوە، ئەویش وتی: بابە، ئێمە کاوڕێکمان

سەربڕوە، ئەو کاوڕەیان بۆچی؟.مام ساڵح وتی: کوڕم ئەوەندە پرسیار مەکە، بڕۆ بیکەن بەدوو، بۆ خۆم دەزانم بۆچی.

دوو کاوڕیان[٧٦] سەربڕی، بۆ نیوەڕۆ زۆربەی خەڵکی گوندی نانیان خوارد، پاشان بەڕێك و پێکی میوانەکانیان بەڕێکرد.

کارەسول دووبارە پرسییەوە: بابە حیکمەت چییە؟ بۆچی کاوڕەکەت کردە دوو کاوڕ؟.

ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: کوڕم، کە خەجیج هات(خەجیج بووکی مام ساڵح بوو)لەدڵی خۆمدا وتم: ئەگەر بێتو خۆی قووچ و قینگی بەرز بکاتەوە، بەراوەستان و نووشتانەوە گەسك لێدات، بۆ ئێمە شەرمە، بۆیە ئەگەر ئاقڵ و هۆشمەندبێ، ئاوا دادەنیشێ و ئەوجا گەسکەکە لێدەدات، کە بۆم دەرکەوت بۆی دانیشت و بەگوێرەی داب و نەریتی کوردەواری هەڵسوکەوت دەکات، شاگەشکە بووم، بۆیە لەبری ئەو سەربەرزییە، بەتۆم وت: بڕۆ بیکە بەدوو کاوڕ.

* * *

موسڵمان بوونی قەشە

مام عەلی لە پەستی دابەزی، گەڕایەوە گوندی، لەگەڵ خۆیدا هەندێ سەهۆڵ و شەکر و دەفتەری جغارەی بۆ مامۆستا هێنابوو، خۆر بەرەو ئاوابوون ملی دەنا، مام عەلی بەمامۆستای وت: قوربان خوا

---

[٧٦] - کاوڕ/ مەڕ.

موقەددەر نەدا، شەو دێمە خزمـەتت و ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینەت بـۆ دەگێڕمەوە بۆ خۆم لە هەولێرێ تیایدا بەشداربووم.

مام عەلی بەجەماعەت نوێژی مەغریبی کرد و لەگەڕانەوەیدا چووە خزمەت مامۆستا و لەتەکیەوە دانیشت.

مامۆستا بەهەڵپەیەکەوە وتی: دەی مام عـەلی ڕووداوەکـەمان بـۆ بگێڕەوە.

ئەویش بەسەری زمانی هەردوو لێوی وشکبووی تـەڕ کـرد و وتـی: هەر کە گەیشتمە شاری، خۆم خزاندە نێـو مزگـەوت و تەماشـام کـرد ئەوە خەڵك ئاپورەی لە لەندەهوڕێك[٧٧] داوە و مەرافەیەکە[٧٨] مەپرسـە، لەلایەکی دی دەف ژەنینە و زکرێکە هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ، منـیش لە یەکێکم پرسی: ئەرێ کاکە ئەو هەرا و هۆرییایە چییە؟.

وتی: بۆ نازانی چیبووە؟.

وتم: نەوەڵڵا هیچ نازانم.

بە پێکەنینەوە وتی: کاکە ئەو جوانخاسە قەشەی فلانە، وا دەیکەین بە موسڵمان، سەیرکە سەیر، ئەی وا نایبینی وا بژوینی دەکـەن و قـژی دەتاشن و دەیشۆن؟.

بەو دیمەنە کوڵێ کەیفساز بووم، وەخت بوو لە خۆشیان شاگەشکەبم.

---

[٧٧] - لەنەدەهور/ زرتەزەلام.

[٧٨] - مەرافە/ هات و هاوار.

مامۆستا وتی: خۆزگە لەو دەمانێ لەوێ بوومایە.

مام علی وتی: برینا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، من هێشتا نەگەیشتوومەتە کرۆکی مەبەست.

مامۆستا وتی: دەی پایانی[79] کە.

مام عەلی درێژەی بەقسەکانیدا:

جا کابرای فەلە، پەژمووده[80]، وەنەوزی[81] دەهاتێ، خەڵکێکی زۆر لە لاژگ[82] و مەژودار دەورەیان دابوو، بەچاوێکی زیتەوە سەیری ئەو ئاپورەی دەدا و چاوانی تابانی[83] دەکرد.

مامۆستا وتی:

وەڵلا بابە خۆشە.

+ بەڵێ، ئەو فەلەیە زۆر بە شەوق و پرووزەوە[84] چاوەڕێی بەربەری دەکرد، بەربەر هات و شەویەکی[85] درێژی وەکو عارەبانی لەبەری مام

---

[79] – پایان: تەواو.

[80] - پەژموودە/ بێتاقەت.

[81] - ودنەوز/باوێشك.

[82] - لاژگ/ سادە.

[83] - تابان/ بریق.

[84] – پروز/ عەزم.

[85] - شەوی/ کراس.

فەلە کرد، چووك(هێنی نێر)یان دەرهێنا و کاکی بەربەر بە قەیچی[٨٦] و چەقۆیان سوننەتی کرد..سەلاوات.

مام قەشە هاواری دەکرد: بەخوای دینەکی تەواوە، کێ کەتنانی کردییە، سەری ئەو ببڕن.

خەڵکەکەی ئەوێ هەموویان دایانە قاقای پێکەنین و منیش فەقێیەکم لە تەنیشتەوە بوو، وتم: ئەوە بۆ وای وت؟.

ئەویش رووی تێکردم و وتی: ئەو فەلەیە پێشتر لەکەرکوکێ قەشە بووە، توومەز بەکچێك فێر ببوو، خزمانی کچەکەش بەم کارەیان زانیبوو، لەلای قەشەی گەورە سکالای دژی تۆمار دەکەن، ئەویش فەرمانی سەربڕینی بۆ دەردەکات، بۆیە چووبووە شاری بەسرا، فەلەکان کەوتبوونە دوای، لەوێ هاتبووەوە بەغدایێ و لەوێش هەر وازیان لێی نەهێنابوو، موسڵمانێك پێی وتبوو: بچووە هەولێرێ لەوێ ببە موسڵمان، کەس ناتوانێ سەرت ببڕێ.

وتم: ئێێێێی؟.

وتی: ئەویش وا بووەتە موسڵمان، هێنەکەی کەتنی کردووە، خۆ سەری نەیکردووە،کە سەری هێنەکەی فەلەیان بڕی، گوێت لێبوو دەڵێ: وەڵڵا دینەکی بەهەقە، کێ کەتنی کردووە، سەری ئەو ببڕن.

* * *

---

[٨٦] - قەیچی/ مەقەست.

زەوی بۆ کێڵان

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زۆر زوودا، ئاغایەك هەبوو، دادپەروەر و دانیار بوو، لەگەڵ هەندێش ئافرەتی زیبا و شۆخ و شەنگی سۆزانی[87] خۆش دەویستن واتە ئەو پاشایە ئەلواتی[88] بوو.

خانەزایەکی[89] هەبوو خاکسار و هەژار بوو، لێ ژنێکی زۆر جوان و قەشەنگی هەبوو، ڕۆژێکیان ئاغا ئەو خانەزایەی ڕەوانەی شارێك کرد بۆ ئەوەی دەگەڵ ژنەکەی رابوێرێ، بۆیە شەوێ خۆی گەیاندە ماڵی ئەو ژنە و داوای دەست لەملانێی لێ کرد، ژنەکەش ڕەزامەندی بۆ نیشاندا و بە ئاغای وت: قوربان هەر ئێستا خۆم بۆت تەڕلان[90] دەڕازێنمەوە.

چوو پەڕتووکێکی هێنا کە پڕی بوو لە ئامۆژگاری و ئاکاری بەجێ و جوان، دوور بوون لەکاری خراپە و خراپەکاری و زینا و دایە دەست ئاغا.

ژنە خۆی بۆ سازدا، کاتێ هاتە خزمەت ئاغا، سەیری کرد ئەوە ئاغا فرمێسك لە چاوانی قەتیس ماوە.. بەژنەکەی وت: من گاڵتە و

---

[87] - سۆزانی/ داوێن پیس.

[88] - ئەلواتی/ خانم بازی.

[89] -خانەزان: خادم.

[90] - تەڕلان/ جوان، ئەنیق.

شۆخیم لەگەڵ کردی، بۆ ئەوەی بزانم تا چەند تۆ بەرامبەر خوا و بەرامبەر بە مێردەکەت دڵسۆزی.

ئاغا ئەو قسانەی کرد و ڕۆیشت.

کاتێك مێردی ژنە گەڕایەوە، ژنەکە ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، پیاوەکەشی ترسا و مۆتەکەی[٩١] هاتێ، نەیوێرا لەترسی ئاغا توخنی ژنەکەی بکەوێ، ماوەیەك بەو شێوە مایەوە، ماڵی باوانی ژنە سکالایان دژی مێردەکەی لە لای ئاغا تۆمار کرد و ئاغاش فەرمانی دەرکرد تا کابرا لەحزووریدا ئامادەبێ، ماڵە باوانی ژنە وتیان: قوربان ئێمە زەوییەکی بەپیت و بەرەکەتمان بەو پیاوە داوە کە خانەزای جەنابتانە، کەچی ماوەیەکە نەدەیکێڵێ و نەتۆی تێدەهاوێ، جا ئەگەر وابڕوا ئەوە زەوییەکە نە بەرهەمی دەبێ و نە کەلکی کاری دەمینێ، بەو جۆرەش ناهێڵێ بیدەین بەیەکێ تا مفای[٩٢] هەبێ.

خانەزاش بۆ وەڵامی ئەو پرسییارە وتی: قوربان ئەوانە ڕاست دەکەن، لێ من زانیومە و بەنگوباریش[٩٣] وا بلاوە کە شێرێك هاتۆتە نێو زەوییەکەمەوە و لەترسی ئەو شێرە ناتوانم بیکێڵم و تۆوی بدەم.

---

[٩١] - مۆتەکە/ کابووس.

[٩٢] - مفا/ سوود.

[٩٣] - بەنگوبار/دەنگ و باس.

ئاغاش وەکو لەفیتی خۆی بگات، بەهەڵپەیەکەوە وتی: تۆ زەوییەکی زۆر باش و ڕێك و پێکت هەیە، یاخوا پیرۆزت بێت و باشیش بزانە جارێکی تر شێر نایەتە نێو زەوییەکەتەوە.

* * *

پەتك

جحێڵی گوندی و چەندانی دیکەش لە حوجرەی مزگەوت، لەخزمەت مامۆستا مەلا ئیسماعیل دابووین، گوێمان بۆ قسە خۆشەکانی هەڵخستبوو فەرمووی :کاکە، خوا کاری نابەجێ ناکا.

ووتمان: هەر هەموومان گەواهی ئەو راستییە دەدەین.

وتی: ئافرەتێکی خانەکۆل خاوەنی چەندین منداڵی رەش و رووتی بێ نەوا بوو، هەموو رۆژێ لەو دەشت و دەرە دەگەڕا بۆ ئەوەی ئەو خوریانە کۆبکاتەوە کە بە ستریەوە[٩٤] گیر دەبوون، تا دەبووە کۆپکە و دەیڕێسا و دەیکردە پەتك، ئەوجا دەیبردە بازاڕ و دەیفرۆشتەوە، بە پارەکەی شتوومەکی پێویستی بۆ ماڵەوە پێدەکڕی و دەگەڕایەوە.

ئەو ئافرەتە بەو جۆرە بژێوی ژیانی خۆی و منداڵەکانی بەڕێوەدەبرد.

رۆژێکیان پەتکی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بیباتە بازاڕ و بیفرۆشێ، لەناکاو قەلێك هات و دەنووکی لێ گیر کرد، بەرەو ئاسمانی

---

[٩٤] -ستری: دڕك.

بەرزکردەوە..ئافرەتەکە دڵپەواس و نیگەران بوو، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و وتی: ئەی خوای گەورە ئەوە رەنجی چەند رۆژەم بەفیڕۆ چوون، ئیدی بەچی ئەو کۆزە[95] نان بدەم.ئافرەتەکە هەستا، رۆیشت، خۆی گەیاندە حزووری داود پێغەمبەر(د.خ) چونکە هەم پێغەمبەر و هەم دادوەر بوو، پێی وت: قوربان هاتووم سکاڵا دژی خوای گەورە تۆمار بکەم.

حەزرەتی داود لەوەڵامدا وتی: بڵێ بزانم سکاڵات چییە؟.

ئافرەتەکە گوتی: سکاڵام ئەوەیە من خاوەنی چەندین منداڵی هەتیوی کەمدەرامەتم، هەژار و خاکسارم[96] بە چەند رۆژێ خوری کۆدەکەمەوە، پاشان دەیکەمە گوریس و پەتك و دەیفرۆشمەوە، ئەوجا بەپارەکەی شتانی پێدەکڕم و بەو ئیشە خۆمان دەژێنین، کەچی من خورییەکەم سازدا وکردمە گوریس، لەناکاو قەلێك هات و دەنووکی لێ گیر کرد، رفاندی.

- جا بۆ شکات لەخوا دەکەی؟.

+ ئەی چۆن شکاتی لێ نەکەم، ئەی خوای من نییە؟ بۆ ئەو نازانێ من هەژار و خاوەن چەند زارۆکم، بۆ لێگەڕا قەلەکە بۆ ئاسمانی ببا؟.

---

[95] - کۆز/ منداڵ.

[96] - خاکسار/ هەژار.

لەو دەمانەدا چەند قەرەولێك هاتنە حزووری پێغەمبەر داود(د.خ) وتیان: قوربان ئەوە چوار بازرگان هاتوونەتە خزمەت جەنابتان، دەڵێن: هەندێ کەل و پەلمان بۆ خێرکردن پێیە.

حەزرەتی داود (د.خ) بە ئافرەتەکەی وت: تۆ لەو بەر دانیشە تا چارەیەکت بۆ دەدۆزمەوە.

بەقەرەولەکانی وت: با بازرگانەکان بێنە ژوورەوە.

ئەوانیش هاتنە ژوورەوە: سلاو لە پێغەمبەری خوا.

-سلاو لەخۆتان.

+قوربان ئێمە چوار بازرگانین، بەکەلەك دەچووینە شارێك بۆ بازرگانی کردن، لەپڕ دەریا شەپۆلی هێنا و ئێمەش نەزرمان کرد ئەگەر بێت و خوای گەورە رزگارمان بکات، هەر یەکێك لە ئێمە نیوەی سامانەکەی خۆمان بکەینە خێر و لە کاری چاکەی خەرج بکەین.

ئافرەتەکەش لەو بەرەوە گوێی هەڵخستووە و گوێی لەو گفتوگۆیەیە.

حەزرەتی داود(د.خ) وتی: پاشان چی بوو؟.

+ قوربان لەناکاو خوای گەورە قەلێکی نارد و بە دەنووکەکانی پەتێکی بۆ ئێمە خستە خوارەوە و ئێمەش بەو پەتکە ئەوەی داری کەلەکەکەبوو، باش تێمان گرێدا و لەشکان و تێکشکان رزگارمان

بوو، بۆیە بڕیارماندا لەسەر نەزری خۆمانبین و واهاتووینەتـە خزمـەت جەنابتان، ئەوەتە هەر یەکەمان نیوەی بەشی خۆمان هێناوە.

حەزرەتی داود(د.خ) فەرمووی: دەی کۆی بکەنەوە و هەر هەمووتان نیوەی بەشەکەی خۆی بەم ئافرەتە بدات، چونکە ئـەو پەتکـە پـەتکی ئەو ئافرەتەیە، خوای گەورەش ئەو کـارەی بـۆ ئـەوە کـرد تـا خـۆی و منداڵەکانی شپرزە نەبن و گوزەرانیان باش بێت.

چوار بازرگانەکە، هەر یەکە نیوەی بەشی خۆی لەبەردەم ئافرەتەکـە دانا و لەحزووری حەزرەت هەستان و ڕۆیشتن.

حەزرەتی داود(د.خ) رووی کـردە ئافرەتەکـە و فـەرمووی:خوشـکێ بزانە کاری خوا چەند جوانە، بزانە چۆن تۆ و ماڵی تۆی لەبیرە، ئا بـەو جۆرە خوای گەورە دەیویست تێرت بکا، بڕۆ تا پێت دەکرێ تۆش خوای خۆت لەبیر نەکەی، تا لەبیرت نەکا.

* * *

خەونی پاشا

مام جوامێر یەکێك بوو لـە قەرەولـەکانی پاشـا، مـانگی جارێـك دەهاتەوە گوندی..ڕۆژێکیان خەڵکەکە لە دیوەخان دانیـشتبوون و هـەر کەسێ باسی شتێکی دەکرد، مام جوامێر وتی: مـن لەخزمـەت پاشـا بووم، کابرایەك داوای لێکـردم بێتـە لای پاشـا چـونکە خـەونی پێـوە بینیووە، لێ خەونێکی بەسوود و باش..منـیش پێمـوت: کاکـە پاشـا

گویێ بۆ ئەو شتانە راناگرێ، برۆ بەلای کاری خۆتەوە.. هەرچیەکم کرد، ئیستاش ئەو کابرایە لەشوێنی خۆی نەبزوا، ناچاری کردم بەجەنابی پاشا بلێم و پاشاش وتی: خەونی خۆم بەهیچ ناچێ، جا نۆرەی خەونی خەلکی یە، دەی هیچی تێناچێ، بابزانین چ خەونێکی بینیووە، با بێتە ژوورەوە گوێی بۆ شلکەین بزانین چ شەکرێك دەشکێنێ.

کابرا هاتە ئوتاقی[97] وارخان[98] و سلاوی کرد.

پاشا پێیوت: دەی بلێ، بزانم چ خەوێکت بینیووە؟.

+ قوربان خەونێکی زۆر بە خود و مفام بەبەرێزتانەوە بینیوە، بەراستی شایانی گێرانەوەیە.

- دەی بیلێ، چاوەروانی چی؟.

+ قوربان لەخەوما جەنابتان گەوهەرێکتان بۆ هات، گەوهەرەکە بووە چەندین دەنك، خۆتان ژماردتان سی مێروو بوو، ئەوەش هێمایەکە بۆ جەنابتان کە حوکمەتەکەتان لەژێر سایە و سێبەری ئێوەدا سی سالی رەبەق بەردەوام دەبێ، بۆ راستی خەونەکەم، ئێوەش ئەم شەو هەمان خەون دەبینن، ئەگەر وانەبوو، ئامادەم بۆ هەر سەرزەنشتێ، خۆ ئەگەر وابوو، خەونەکەت بینی و راست دەرچوو، دەبێ خەلاتم بکەی.

---

[97] - ئوتاق/ ژوور.

[98] - وارخان/کۆشك.

-باشە ئەگەر وادەرچوو، خەلاّتت دەکەم، ئەگەر راستیش دەرنەچوو، خەون هیچی لەسەر نییە، هیچت پێنالێم.

کابرا چووە دەرەوە.. مێشك و هۆش و بیری پاشا تێك قژقژا، هەر بیری دەهێنا و بیری دەبرد، دەبێ ئەو گەوهەرە چ گەوهەرێك بێ و دەبێ ژمارەیان چەندبێت؟ ئەندێشە و ریژگاوی[99] لەسەر ئەو خەونە بوو، ئەو رۆژەی بەو بارە بردە سەر و شەو داهات تا شەوگارێکی دوور خەو نەچووە چاوانی،لەپڕ خەوی لێکەوت و هەمان خەونی بینی کە کابرا بۆی گێڕابۆوە، گەوهەرێك لە سی مێروو پێکهاتبوو، ئەم دیو و ئەو دیوی پێدەکردن، کەیفیساز بوو، کاتێك لەخەو رابوو، مۆتەکەکەی نەما، لەبەر خۆیەوە دەیوت: ئەو مێروانە مانەندیان[100] نییە و من هەرگیز شتی وا جوان و رەنگینم نەبینیووە، پاشای مەژوداری[101] بەدمەست کردبوو.

چووە دەربار، لەسەر تەخت دانیشت و فەرمانیدا کابرایەکە بێتە لای، کابرایان هێنا.

لەدیوەخان یەکێ لە مام جوامێری پرسی: باشە ئەو کابرایەهەر لە وارخان مابۆوە؟.

---

[99] - ریژگاو/ خەیاڵ.

[100] - مانەند/ کەم وێنە، دەگمەن.

[101] - مەژودار/ئەقڵ.

مام جوامێر وتی: نەخێر پێمـان وتبـوو بـچێتەوە، بـەیانی بێتـەوە کۆشـك..جـا پاشـا بـە کـابرای وت: کاکـە خەونەکـەی مـن و تـۆ باقرۆ[١٠٢] نەبوو، بەڵکو راست دەرچوون، تـۆ چـیت وت شـتەکانم ئـەوها هاتنە خەو، بۆیە بڕیارمدا خەڵاتت بکـەم..ئێمـەش بەفـەرمانی پاشـا کابرامان خەڵات کرد، بەڵام من سوێندن لێ خوارد و وتم: توخوا ئەوەی وتت یانی ئەو خەونەی بینیت، راست بوو یان هەڵبەستراو بـوو؟.کـابرا بەدەم زەردەییەکەوە وتی: سـوێندم بـۆ دەخـۆی کـە بەپاشـا نـەڵێی؟. منـیش سـوێنم بـۆی خـوارد بەپاشـا نـەڵێم..ئـەویش بـەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: برام هەر بەخۆم ئـەو شـتەم رێکخـست وتم یـا تێدەچم، یا دەردەچم، ئەوەبوو مێشك و ئەقڵی پاشـام سـەرقاڵ کـرد و خەونەکەی بینی، چونکە مەگیزەی[١٠٣] مرۆڤ ئەوهایە، بەچی بیوروژێنی، خەو بەوەوە دەبینێ.

* * *

مێوانی دێر

دەگێڕنەوە دەڵێن لە زستانێکی سـارد و سـڕدا، پیاوێـك بەسـواری لەوڵاتی شامێ بەرەو ئێراق بەرێدەکەوێ، هێندێ کاڵەك و توێشوو(نانی رێگا) لەگەڵ خۆی دێنێ تا ئەگەر لەرێگە برسی بـوو، ئـەوە بـۆ خـۆی

---

[١٠٢] - باقرۆ/ درۆ.

[١٠٣] - مەگیزە/ دەروون، نەفس.

لەسووچێکەوە لێی دانیشێ و دەست بەخواردن بکا..دەڵێن ئەو رێبوارە چەند شەو و رۆژی بەو شێوەیەی بردە سەر، بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست، لەرێگا چاوی بەدێرێك کەوت، ئەو دێرە کاخێك[١٠٤] بوو لەنێو وەرزاخێك[١٠٥] دوور بوو لەهەموو مەڕافەیێك[١٠٦] لەخۆشیا شاگەشکە بوو، لەسواری دابەزی و لەدەرگایدا، پیاوێکی راهیب دەرگای بۆ خستە سەر گازەرای پشت و بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد و ئەسپەکەی لێ وەرگرت، لە خانێکی دانا، ئالیك و ئاوی پێدا..کابرای لە ئوتاقێکدا جێی بۆ چێ کرد و ئاگرێکی بۆ هەڵکرد تا لە ساردی و شەکەتی بپارێزێ، فراڤینێکی[١٠٧] باش و خۆشی بۆ ئامادەکرد و دەگەڵ کابرای رێبوار لێیان خوارد، کابرای رێبوار سوپاسی ئەو مێواندارییەی کرد لەکاتێکدا ئەو فەلەیە و ئەویش موسڵمانە.

رێبوارەکە لە راهیبەکەی پرسی: بێ زەحمەت شوێنی ئاودەست لەکوێیە ئەگەر شەو پێویستیم پێی بوو؟.

راهیبەکە وتی: ئەوە لەو سووچەیە، دەرگای بکەرەوە، دەتوانی دەست نوێژ هەڵگری.

---

[١٠٤] - کاخ/ کۆشك.

[١٠٥] - وەرزاخ/ چیای سەخت.

[١٠٦] - مەڕافە/ شەڕ و هەرا.

[١٠٧] - فراڤین/ نانی شێوان.

شەو درەنگ داهات، کابرای ڕێبوار پێویستی بەوە هەبوو بچێتە دەستاو، بۆیە وەکوراهیبەکە ئاماژەی بەشوێنەکەدا، ئەویش بۆی چوو، دەرگای کردەوە و پای لەسەر تەختە دانا، تەختەکە چەمایەوە و کابرا کەوتە خوارەوە، هەموو لەشی کەوتە ژان و ئازارێکی زۆری پێگەیشت، پەژموود بوو، لەشوێنەکەدا چەقی و جار جارە هاواری راهیبی دەکرد.. راهیبەکەش زانی کابرای موسڵمان وا لەخوارەوەیە و هەناسە دەدات، چونکە ئەو جۆرە مێوانانە هەژگن[١٠٨] تەنها بۆ ئەوەیە بکوژرێن و کەل و پەلەکانی بۆ خۆی بەرێ، کابرا زانی ئەو هەپەیانەی[١٠٩] دەگەڵ کراوە، تێگەیشت ئەوەی تەنها بۆ ئەوە بووە ئەسپ و کەل و پەلەکانی بەرێ و ئەویش بە بەربوونەکە بمرێ.

کابرای راهیب دەرگای سەرەوەی کلۆمدا، ڕێبوارەکەش لەسەرمان و لەبەر ئازار و زامداری جەستەی، ئۆقری نەما، بۆیە ئەو شەوە لەپشت دێرەکە بەردێکی گەورەی هەڵگرت و دوو سەد مەترێك دەڕۆیشت تا ماندوو دەبوو جەستەی گەرم دادەهات، نەختێ بۆی دادەنیشت، بەو جۆرە لەبەر باو بۆران و سەرما و سۆڵدا ئەو شەوەی بردە سەر، خۆی لەپەنا بەردێك حەشاردا، دەیزانی ئەو راهیبە بەشوێنی دادێ تا بزانێ ماوە یان نا؟ لەناکاو دەرگای دێرەکە کرایەوە، راهیبەکە سەیرێکی

[١٠٨] - هەژگ/ کەیف پێ نەهاتن.
[١٠٩] - هەپەیان/ فێڵ.

ئەملا و ئەولای کرد، وەلێ هیچی نەدیت، بۆیە چووە ئەو شوێنەی کابرای رێبوار ئەو شەوە لێی کەوتبووە خوارێ و رێبوارەکەش بەدزە دزە خۆی گەیاندە ناو دێرەکە و خەنجەرێکی دەرهێنا و چاوەڕێی گەڕانەوەی راهیبەکەی دەکرد، راهیبەکە هاتەوەو دەرگای داخست، رێبوارەکە تا گرتی خەنجەرێکی لەملی گیر کرد و کەوتە وێزەی، هەنجن بەهەنجنی کرد، ئەوجا راهیبەکەی خستە ناو کالاێك و لە شوێنێکی حەشاردا، گەڕا بەنێو کاخەکە،تەماشای کرد پڕ بوو لە شت و مەکی گران بەها و جوان، ژوور بە ژوور، پارەیەکی باشی لەنێو سندوقێك دۆزییەوە، لەو سەروەت و سامانە زۆرەی راهیبەکە سەرس سوڕما لەو دەوڵەمەندی و خەریولی[١١٠] دابوو، لەژوورەوە ئاگرێکی کردەوە و خۆی باش گەرم کردەوە و لێی خەوت، کاتێکیش بەئاگا هات سەیری کرد ئەوە ئێوارەییەکی درەنگە، جار جار خۆی دەگۆڕی و جل و بەرگی راهیبەکەی دەپۆشی، لەسەر بان و پێش دەرگا خۆی خەریك دەکرد تا کەس گومان نەکا و خەڵکیش بڵێن ئەوە راهیبەکەیە.

چەند رۆژێك ئەوها مایەوە و هەرچی کەل و پەلێکی باش و سووك هەبوون، هەمووی لە گوشێکی کردن..رۆژێکیان بەسواری ئەسپەکەی چووە گوندێکی نزیك دێرەکە و

---

١١٠ - خەریول/ زەنگین، دەوڵەمەند.

خەڵکەکەی وا تێگەیاند کە شابەز و بازرگانێکی گەورەیە و خانوویەکی لێ بەکرێ گرتن، هەموو رۆژێ یەك دوو کاروانی بۆ دەکردن، تا پێیکرا ئەو شتوومەکانەی کە لە دێرەکە هەبوون، هەر هەمووی بۆ ناو خانووەکەی گواستەوە، تا رۆژێکیان چەند کەسانێك و ولاغانی گرتن بۆ ئەوەی ئەو کەل و پەلانە بگوازنەوە..ئا بەم جۆرە ئەو رێبوارە بۆچی هاتبوو، بەچی گەیشت و چۆن دەوڵەمەند بوو.. قەدەر ئەوهایە.

* * *

پاسەوانەکە بۆ دەرکرا؟

کابرایەك هەبوو لەهەولێرێ، زۆر دەوڵەمەند و شابەز بوو، بازرگانێکی بەناوبانگی شار بوو، جارێکیان هاتە گوندی، عەلۆی کردە پاسەوان و ئێشکگر لە ماڵی خۆی، متمانەی زۆری بەعەلۆ بوو، پێی وت: کوڕە عەلۆ، من متمانەی رادەبەدەرم بەتۆیە، شەو ئاگاداربە نەخەوی، چونکە تۆ وەکو حەسحەس دەبێ شەونخونی بکەی و ئەم سەر و ئەو سەری ئەم خانووە بکەی،کە گونگی بەیانیدا ئەوجا بۆ خۆت دەتوانی بخەوی و بحەوێیەوە.

ئێوارەیەکییان عەلۆ بە خۆ و بارەوە گەڕاوە گوندی، خەڵکەکە لەژێر سێبەری مزگەوت لێی پاڵکەوتبوون، مامۆستا لێی پرسی: عەلۆ، خێرە هاتییەوە؟.

+ وەڵڵا مامۆستا کابرا دەریکردم.

- ئەوها؟.

+ بڵێم چی؟.

- ڕەنگە بەکارێکی خراپ هەستابی؟.

+ نەوەڵڵا.

- لەوانەیە لەتۆ رازی نەبووبێ و یەکێکی تری دۆزیبێتەوە؟.

+ ئەوش نییە.

- دیارە مووچەکەی لێ کەم کردویتیەوە؟.

+ نەوەڵڵا.

- خۆ شەڕت کردووە؟.

+ نەوەڵڵا.

- باشە خۆ تۆ راستاڵی[111] ئەو پیاوە بووی.

+ ئێ وایە.

- ئەی باشە تۆ بڵێی کارێکی نابەجێت کردبێ؟.

+ شتی خراپ لەمن ناوەشێتەوە.

- ئێ دەبۆمان باس بکە، بزانین چی بووە؟.

---

[111] -راستاڵ/ جێ ی متمانە.

+ چیتان بۆ باس بکەم؟ ئەویٚ رۆژیٚ بانگی کردم، وتی: کورِم عـەلۆ من سبەی بە شەمەندەفەر دەچمە پایتـەخت، دەبـیٚ زۆر ئاگـات لـەو ماڵەبیٚ و شەوانە هەر چاوێکت بکەیە دوو چاو و نەخەوی.

منیش پیٚموت: بەسەرچاو قوربان خەمی ماڵـت نـەبیٚ..بـۆ بـەیانی چـوومە لایـی و پیٚمـوت: قوربـان مـن ئیمـشەو خـەونم دیـوە شەمەندەفەرەکە لارِیٚ دەبیٚ و لە هێڵەکەی دەردەچیٚ، جا ئەوانەی لەناو فارگۆنەکەن، هەر هەموویان دەمرن، جـا حـەز ناکـەم بـرِۆی، نـەوەکو خوانەخواستە شتێکت لیٚ بەسەربیٚ..ئـەویش وتـی: سوپاسـت دەکـەم، ئەوە گەشتەکەم نەکرد و نەرِۆیشتم، بابزانم خەونەکەت بەچی دەگا؟ .

بۆ بەیانی دەنگۆ وا بڵاچو بۆوە کە شەمەندەفەرێك لە هێڵ لایـداوە و سەرنشینەکانیشی زۆربەیان مردوون .. کابراش بەرامبەر بەو خەونـە بانگی کردم و وتی: عەلۆ لەلایەك سوپاسـت دەکـەم تـۆ بوویـە هـۆی مانەوەم لەم ژیانە، ئەها بگرە ئەوە دە دینار وەکـو خـەلاٚت و ئـەو دە دینارەی مووچەی مانگانەکەشت وەرگرە، ئیدی بارگەت تـێکنیٚ، مـن چیتر پێویستیم بەتۆ نییە.

حەپەسام، بەتالووکەوە وتم: قوربـان ئـاخر بـۆ دەرمدەکـەی؟ ئـەوە لەجیاتی ئەوەیە زیاتر رێزم لێنێی؟.

وتی: کاکە پێویستیم بەتۆ نییە.

خەڵکەکەی گوندی، بەرامبەر بەو قسانە، هەر یەکێ قسەیەکی دەکرد:

- وەڵا بابە ئەوەیە پاداشت.

- کوڕە، سکی تێر ئاگای لەبرسی نییە.

- بەخوای سەیرە لەجیاتی دەستێ جل و کەوشت بۆ بکڕێ، کەچی دەرتدەکات.

- ئەو دەوڵەمەندانە هەر ئەوهانە.

- وەڵا عەلۆ بۆ خۆی دە دیناری وەردەگرت، ئەویشی لێ بڕا.

- بابی خۆم، خوا رازیقە، کار تا دەمرێ لەبن قەتارە نابێ.

مامۆستاش وتی: باشە عەلۆ، توخوا ئەگەر راست و رەوان بۆمانی نەگێڕییەوە، ئەو کابرایە لەسەرچی دەریکردی؟.

عەلۆش وتی:بەخوای مامۆستا، چۆن بۆ ئێوەم گێڕایەوە، هەروابوو.

+نا، نابێ وابێ، حەتمەن دەبێ شتێکت کردبێ.

=دەی کەوایە تا راستییەکانتان لێ نەشارمەوە، پێیوتم: من تۆم کردۆیە پاسەوانی ماڵەوە تا نەخەوی، بۆ خەوتی؟یانی لە رێسای ئیشەکەی خۆت لاتداوە، من پێویستیم بەو کەسەیە شەو نەخەوێ و ئاگاداری ماڵەوەم بێت، ئەوەش بەتۆ ناکرێ خواحەفیزتبێ.

+ئەها، ئێستا تێگەیشتین، خۆ کابرا راست دەکا، ئێ دوایی؟.

=چەندی لێی پاڕامەوە ئەو کارەم لەگەڵ نەکات، بێ سوود بوو، منیش بەناچاری بارگەم تێکنا و هاتمەوە گوندی.

* * *

گرەوی گۆڕستان

پاش شێوانێکی درەنگ، زۆربەی خەڵکەکە لەدیوەخان دانیشتبوون، کابرایەك لەناویاندا تووڕی هەڵدا و وتی: هەر کەسێ ئەم دەسرۆکە بباتە گۆڕستان، لەناو گومبەت لەسەر گۆڕەکەی دانێ، ئەوە دە دیناری پێدەدەم، تا ماویشە ناوی بە ئازا و جوامێر دەردەچێ، بۆ ئەم گرەوەش مەرجم هەیە، مەرجەکەش ئەوەیە هەر کەسێ رۆیشت کارەکەی ئەنجامدا و گەڕایەوە، ئەوە ئێمە چەند کەسێ دەچین بزانین بەڕاستی دەسترۆکەکەی لەسەر گۆڕەکە داناوە یان نا، ئەگەر کارەکەی ئەنجام دابوو ئەوجا دەدینارەکەی بەخەلاّت دەدەینێ.

جاڕیاندا: یەڵە کێ هەیە؟کێ مەردی مەردانە؟ کێ ئازایە؟ کێ چاونەترسە؟ مەگیز[112] بەرزە،دەی کامتان جەربەزەن؟دەی جحێلینە.

حەمە کوڕێکی گەڤەزە[113] و باوەڕ بەخۆ بوو، راستاڵی گوندی بوو، وتی: من دەچم.

کابراکە وتی: نا، تۆ نا، حەز دەکەین یەکێکیتر بڵێ من.

---

[112] - مەگیزە/ندفس.

[113] - گەڤەزە/ را لەخۆ.

حەمە وتی: لەقسەی خۆ ژیوان[114] مەبنەوە.

کابراش وتی: دە ئەوە دەسترۆکەکە مادام موکوڕی لەسەر چوون و کەی گەڕایتەوە، دە دیناری خۆت وەکو خەڵات وەربگرە، لێ بەو مەرجەی ئێستا باسمان کرد.

حەمە دەسترۆکەکەی لێ وەرگرت و لایتێکی لەگەڵ خۆی برد و خەنجەری لەنێو قەدی بەستا و بۆی دەرچوو.. خەڵکەکە کردییانە چەپڵەڕێزان.

حەمە خۆی دەمامکدا چونکە ئەوێ شەوێ دونیا سارد بوو، نمە نمە بارانیش تێیدەکرد.. ڕۆیشت، گەیشتە گۆڕستانەکە و دەسترۆکەکەی لەسەر گۆڕی گومبەتەکە دانا، لەناکاو گوێی لە غەلبە غەلبێك بوو، لەژێر سایپتەی گۆڕەکەدا خۆی مەلاسدا[115]، بینی ئەوە دوو پیاو ئافرەتێکیان پەلکێش کردووە و ئافرەتەکەش دەستی کردۆتە گریان و فیغان، لەبەریان دەپاڕێتەوە، هاوار دەکا: بۆ خاتری خوای، ئەوە بوختانە و شتی ئەوها لەمن ناوەشێتەوە، من خوشکی ئێوەم، کوڕینە بەخوای باقرۆیە باقرۆیە[116] ئەوانیش دەیانوت: ئەی بۆ بوویتەتە بنێشتە

---

[114] - ژیوان/پەشیمان.

[115] - مەلاس/ ماتبوون، حەشاردان.

[116] - باقرۆ/ درۆ.

خۆشەی سەر زاران؟..ئافرەتەکەش تا توانای هەبوو هاواری کرد: ئەی مەرقەد بگەرە فریام.

حەمە کە گوێی لەو قسانە بوو، تا هێزی دەبەدەندابوو، بەدەنگێکی بەرزەوە قیژاندی:مەدەد مەدەدو وووووووو.

کاتێ ئەو دوو پیاوە گوێیان لەو دەنگە بەرزە بوو کە لەناو مەرقەدەکە هاتە دەرێ و سەدای دایەوە، بەترس و لەرزەوە تێیان تەقاند و هەلاتن..ئافرەتەکەش مۆتەکەی هاتێ و لەشوێنی خۆی دۆشداما، ورتەی لەدەمەوە دەرنەهات..حەمە کە زانی پیاوەکان هەلاتن و تەنها ئافرەتەکە ماوەتەوە، لەنێو گومبەتەکە هاتە دەرێ و وتی: خوشکێ مەترسە، خوا تۆی رزگار کرد و منی کردە فریادرەسی تۆ.

خەڵکی دیوەخان هەر لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی حەمەدابوون، وەلێ حەمە هەر نەگەڕایەوە، ئەو خەڵکە بڕیارییاندا بەفریای حەمە بکەون، کەوتنە رێ، گورستانەکە لەچوار ڕییانێکدا بوو، هەندێکیش لە ئاواییەوە دوور بوو، خەڵکەکە لەدووررا رووناکییەکیان بەدی کرد، تەماشایان کرد ئەوە حەمە دەگەڵ ئافرەتێك بەرەو ئاوایی دێتەوە، لێی چوونە پێش و لێیان پرسی: حەمە ئەوە بۆ وا دواکەوتی؟ئەی ئەو ئافرەتە چییە و کێیە؟.

ئەویش بە خۆشحاڵییەوە وتی: با بگەڕێینەوە، ئەوسا بۆتانی باس دەکەم.

حەمە ئافرەتەکەی بردە ماڵی خۆیان و بەدایکی وت: تا دێمەوە خواردنێکی چاکی بۆ ئامادە بکە و لەلای خۆتی حەشاردە.

ئەوجا لەگەڵ ئەو خەڵکە چووە دیوەخان و ڕووداوەکەی بۆ گێڕانەوە..ئافرەتەکەش چەند ڕۆژێ لەماڵی حەمە مایەوە، دایکی ئولفەتی پێوە گرت، زۆری خۆش دەویست و ڕێزی لێدەنا، لەماڵە بابی ئافرەتەکەی پرسی و بۆیان دەرکەوت ماڵی باوانی ئافرەتەکە لە گوندێکی دوور نییە، ئەوانیش پاش سۆراخ و هەواڵپرسین، بۆیان دەرکەوت ئەو ئافرەتە کچە و هێشتا شووی نەکردووە و دیارە خزمێکی کە چووەتە خوازبێنی و ئەویش پێی ڕازی نەبووە، ئەویش ئەو بوختانەی بۆ هەڵبەستاوە..حەمەش چونکە ژنی نەهێنابوو، بڕیاریدا لەبەر ڕەوشت جوانی، ئەو کچە بکاتە هاوسەری خۆی و کچەکەش ڕازیببوو، بووە خێزانی حەمە و خەڵکی گوندی سوێندیان بەسەری ئەو ژن و مێردە دەخوارد، قەدەر ئەوهایە.

* * *

دادوەریی ڕێوی

دەگێڕنەوە دەڵێن: ڕۆژێکیان شێری پادشای دارستان نەخۆش دەکەوێ، ئەوەی ئاژەڵ هەیە سەردانی دەکا، تەنها ڕێوی نەبێت

لەسەردانەکەی دوا دەکەویٚ.شێر پرسیاری دەکا: ئەوە کوا مـام ڕێـوی، ئەوە بۆچی دیار نییە؟.

چەقەڵ: قوربان لەوانەیە نەزانیٚ جەنابتان نەخۆش کەوتین.

گورگ: با، چۆن نازانیٚ، هەموو ئاژەلانی دارستان ئاگادارن جـەنابی خاوەنشکۆ نەخۆشە، ماقوولە بەس ئەو نەزانیٚ؟.

شێر: دەردی لەگیانم.

ئاژەڵەکان قسەکەی گورگیان بۆ مام ڕێوی گێڕاییەوە.. ڕێوی وتـی: وەڵاهی دەبیٚ بەدەردێکی ببەم تا ماوە پێیەوە بنالێنیٚ.

ڕێوی بەغاردان هاتە خزمەت پاشا و کڕنۆشی بۆ بـرد..شـێر وتـی: مام ڕێوی نازانی ئەوە من چەند ڕۆژە نەخۆشم؟.

ڕێوی:بەلیٚ قوربان زانیومە.

شێر: ئەی بۆ لەو سەردانەت دواکەوتی؟.

ڕێوی: سـەروەریٚ مـە، ئـەوە شـەو و ڕۆژێکـە لەهـەوڵی ئـەوەدام دەرمانێك بۆ بەڕێزتان بدۆزمەوە.

شێر: ئافەرین.

لەو قسانە دابوون، گورگ بەخۆی و سیٚ نێـچیرەوە هاتـە خزمـەت پاشاو ئەویش پێی وت شتەکان دابەش بکات، گورگەکە وتی: کەرەکـە بۆ تۆ، مەڕەکە بۆ من، کەروێشکەکەش بۆ مام ڕێوی.

شێر وتی: وەی لەم دابەشکردنە، گەلحۆ تۆ بۆ دادوەری ناشێی، دەی بۆ دەردەوە، فەرموو مام ڕێوی بزانم تۆ چۆنی دابەش دەکەی.

ڕێوییەکەش وتی: قوربان کەرەکە بۆ قاوەلتی، مەڕەکە بۆ قـڕاڤین، کەروێشکەکەش لەبەینی هەردووکیان، نۆشی گیانتبێ.

شێر وتی: دەم خۆش، ئەی چ دەرمانێکت نەدۆزییەوە؟.

ڕێوە وتی: قوربان پاژنەی[117] گورگ ئێسکێکی تیایە، بیخۆ دەبێتە شیفا.

شێرەکە ناردیە دوای گورگ و کاتێ گورگەکە لێی نزیك بۆوە، شێر بێ یەك و دوو، چنگێکی لەپاژنـەی گورگـدا و ئێـسکێکی دەرهێنـا و گورگەکە لەدەستی هەڵهات.

ڕێوی لەخزمەتی پاشا روخسەتی خواست، بـەلای گـورگ تێپـەڕی، سەیری کرد ئەوە دەناڵێنێ، پێـی وت: ئـەی کـەوش سـوور، کـە لـە خزمەت گەوراندابووی، قسەی باش و چاك بکە.

* * *

کچە دکتۆرەکە

دەڵێن: لە یەکێك لە گوندەکانی لای خۆمان، سێ خوشك هـەبوون، زۆر جوان و شـۆخ و شـەنگ بـوون، یـەك لـەو سـێ خوشـکە دەسـتی پزیشکی هەبوونێوی (حەسیبەخان)بوو، نۆرینگـەی لەماڵـەوە هـەبوو،

[117] - پاژنە،قونپانی.

ئافرەتێك ناساغ بووایە، دەچووە سەردانی..دەنگۆی جوانی ئەو کچانە بە دەڤەرەکە بڵاوببۆوە..لە زۆربەی دیوەخانی گوندان باس باسی ئەو کچانە بوو بەوەی تریفەی چاویان، خەڵکی مەدهۆش دەکرد.

دوو سێ کوڕیلەی جحێلی گوندێك بۆ سەرەتاتکێ و بەناو چارەسەری نەخۆشییەوە، ڕێی ئەو گوندە دەگرنە بەر، بەدەم ڕێگەوە یەك لەو جحێلانە بەپەلە دارێك لەپای خۆی دەسوێنێ تا سوور هەڵدەگەڕێ و ئالووش[118] دەبێ..دەگەنەماڵی کچەکان و دادەنیشن، چاو مەستەکان بەخێرهاتنیان دەکەن، ئەوەی دەوترا، لە جوانخاسی و مانەندیان[119] نموونەی نەیوو.

کوڕەکان: ئەو هەڤاڵەی ئێمە قاچی سوور بۆتەوە و دەیئالووشێنێ، هاتووین بزانین چارەی چییە؟.

کچەکان لێی دەچنە پێش و سەیری قاچی کوڕەکە دەکەن، کچە دکتۆرەکە پێیدەڵێ: ئەوە پەلەدارێکی پێکەوتووە مار میزی پێداکردووە، ژیانی ئەو گەنجە لەمەترسیدایە، گەر تیشکی خۆری پێکەوێ، ناژێ.کوڕەکان لەماڵی کچەکان دەرچوون و بە شۆخی[120]،

---

[118] - ئالووش/خوران.

[119] - مانەند/مەسیل.

[120] - شۆخی/فشەپێکردن.

گاڵتەیان بەقسەکانی دکتۆرە(حەسیبەخان)دەهات، جوانی کچەکان ئەو کوڕانەی سەرگۆم و حەیران کردبوو.

کوڕەکان هاتنەوە گوندی، لەدیوەخانێدا ئەو کوڕەی پای خۆی بەپەلەدارەکە سویبوو، پەلەقاژە بۆوە و مرد..قسەی (حەسیبەخان) راست دەرچوو.

❊ ❊ ❊

زینۆ و ئامۆژگاری باوکی

کەس نەبوو لەگوندی زینۆی خۆش بووێ، کوڕێکی لاسار[١٢١] و چەتوون و هەڤۆل[١٢٢] وهەژگ[١٢٣] و هێندە سەڵیتە بوو، شەیتان بە شەیتانی خۆی، خۆی لێ لادەدا، سەرو پۆتەلاکی[١٢٤] هەر بە هی دۆزەخیان دەچوو، هەموو جارێ کە ناوی ئەو کوڕە بهاتایە، باوکی شەرم دایدەگرت و رەنگی بۆ چەند رەنگێك دەگۆڕا.ئێوارەیەکیان دەگەڵ بانگی شێوان، زینۆ بەدیارکەوت، خۆی زۆر پۆشت و پەرداخ کردبوو، لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی کرد، ئەوەی لەوێ بوو زەردەخەنەی دەهاتێ، یا سەری سوڕمابوو..زینۆ نوێژێکی زۆر بەخشوع و رێك و پێکی کرد، تا

---

[١٢١] - لاسار/شەیتان.

[١٢٢] - هەڤۆل/ نەفس نزم.

[١٢٣] - هەژگ/ کەس خۆشی نەوێ.

[١٢٤] - سەروپۆتەلاك/سیما، روخسار.

وایلێهات هەموو بانگان پێش نوێژکـەران لەمزگـەوت ئامـادە دەبـوو، بەجوانی نوێژەکانی خۆی دەکردن، ئەو کوڕە تا دەهـات ڕەنگـی بـەرەو نوورانی دەڕۆیشت، ئەو شـالووزە، ئـەو سلـسارە[125] چـۆن گـۆڕا، ئـەوە پرسیارێك بوو خەڵکەکە دەیانکرد، تا ڕۆژێکیان هەمووومان لەمزگەوت لە خزمەتی مامۆستادا دانیشتبوون، مامۆسـتا بـانگی زینـۆی کـرد: وەرە بابەکەم، وەرە لای مامی خۆت دانیشە.

زینۆ بەئەدەبەوە وتی: دەستەکانت ماچ دەکەم مامۆستا.

+ ئافەرین زینۆ، بەراستی کە لە نوێـژانت دەبیـنم، خۆشـتم دەوێ، ئەدی کوڕی خۆم، پیاو دەبێ ئەوهابێ.

- بێگومان مامۆستا.

+ ئەو ماوەیە خەڵکەکە واسی تۆ دەکەن، دەزانی چـەند سـەربەرزە مرۆ ناوی بەباشە و چاکەبێ.. زینۆ گیان چۆن بوو؟ چ شتێ وایلێکـردی ئەوها دەست بەنوێژان بکەی؟.

- ئەوە لەلایەن خواوەیە.

+ ڕوخساری دەم و چاوت تەواو گۆڕاوە، ئـەوەش نیـشانەی پیـاوی باشە، دوورە لە شالووزی[126].

- سوپاس بۆ خوا.

---

[125] - سلسار/بێ شەرم.

[126] -شالووز/ ریا.

+ دەبزانم چی بووە؟ ئەو شتە چی بوو وایلێکردی ئەوها بگۆڕێی؟.

- مامۆستا پێویست ناکا باسی خۆمت بۆ بکەم پێشتر چیم دەکرد، هەرچی جارێ خەلیلی باوکم ئامۆژگاری دەکردم و لێمدەپاڕایەوە، دەیوت: کوڕا خۆم، خەڵك بەخراپە نێوت دەبەن، کار و کردەوەت لە هی پیاوان ناچێ و ئەوەندە ئازاری من و دایك و براکانت مەدە..باوکم هەر دەیگوت: کوڕم وەڵا هەر پەشیمان دەبییەوە، منیش گوێڕایەڵیم نەکرد و هەر لەسەر فاك و فیك و بەزمی خۆم بەردەوام بووم، تا شەوێکیان لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم، لەناکاو باوکم لێم هاتە ژوور و وتی: زینۆ، کوڕم دەزانم ئامۆژگارییەکانم سوودی نییە، وەلێ یەك تکام هەیە ئەگەر قبوولی بکەیت؟منیش وتم: فەرموو بڵێ..ئەویش وتی: چوومەتە بازاڕ یەك کیلۆ مێخ[127] و چەکوشێکم هێناوە، ئەگەر هەر ئیشێکی خراپ و نەگونجاوت کرد، تەنها دەمەوێ لەژوورەکەی خۆت یەك مێخ بچەقێنی،هاااا، چ دەڵێی؟.وتم: بابە ئەوە زۆر ئاسانە..وتی: بەڵێنم پێدەدەی ؟.وتم: بەڵێنبێ.

مامۆستا وتی: ئای لەو هزرە جوانەی باوکت، دیارە باوکت لەو شتە مەبەستی خۆی هەبووە؟.

زینۆ درێژەی بەقسەکانیدا: جا بە مامۆستای خۆم بڵێم، هەر کار و ئیشێکی خراپم بکردبایە، ئەوە مێخێکم لەدیواری ژوورەکەم

---

127 - مێخ/بزمار.

دەچەقاند..شەوێکیان لەسەر گازەرای پشتێ پاڵمدابۆوە، سەیری دیواری ئوتاقەکەی خۆمم دەکرد، دیمەنێکی یەکجار سەرسورهێنەرم هاتە پێش چاو، بیرم کردەوە: خوایە ئەوە منم ئەوەندە گوناهەم چاندووە؟زۆر خەفەتبار بووم، بەوردی دەمڕوانییە مێخەکان..ئاااای مامۆستا، باوەڕ بکە وامدەزانی ئەو هەزار مێخەکە لە جەستە و لەشی خۆم دراوە و خۆم بەخۆمم دەوت: ئەوە دەرسێکی بێحیکمەت نییە کە باوکم پێیداوم، بۆیە خۆم بۆ نەگیرا، چوومە خزمەتی و دەستەکانیم ماچ کرد، باوکم سەیری پێهات، چونکە دەمێك بوو نەچووبوومە لای.. زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی: ها، ڕۆڵە زینۆ بێژە[128] ؟.منیش وتم: باوکە گیان چارەم بکە، چیبکەم تا خۆم لەو مێخانە رزگار بکەم؟.باوکیشم وتی: ڕۆڵە بڕۆ خۆت بشۆ و تۆبە لەهەموو گوناهەکانت بکە و نوێژەکانی خۆت بەفیڕۆ مەدە و هەرکارێکی باش، چاك، بەجێ، پەسند، رەفتار و کرداری رەوا لەبری ئەو ئیشانە، یانی بۆ هەر کارێکی چاك، مێخێك دەربێنە و خوای گەورەش هەر بەخۆی بەخشندە و دلۆڤانە.

مامۆستا سەری بادا و وتی: ئەوەیە لۆژیك[129] .زینۆش وتی: بۆیە سوێندم خواردووە تا ماوم خزمەتی خانەوادە و خزم و هاوڕێ و

---

[128] - بێژە/بلێ.

[129] - لۆژیك/مەنتق.

لێقەوماوان بکەم، هەرگیز لەکاری چاکە و باشەدا درێغی نەکەم.خەڵکەکە تێکڕا دەست خۆشی و ئافەرینیان لە زینۆ کرد..
زینۆش تا دەهات لەنێو گوندی مەحبووب و خۆشەویست دەبوو.

* * *

عەلۆ دزی لێکرا

عەلۆ بۆخۆی گێڕاییەوە، وتی: چەند سەر مەڕێکم بۆ فرۆشتن بردە بەغدا، هەر زوو مەڕەکانیان لێکڕیم و منیش پارەکەم لەنێو قوماش دانا و خستمە باخەڵمەوە، بەرەو مەیدان رۆیشتم، کاتێ دەستم بۆ بەر باخەڵم درێژ کرد، پارەکەم پێنەما بوو، یەك دوو جار لە شەقامەکە هاتوچۆم کرد بەڵکو خەبەرێکم دەستکەوێ، پارەکەم ئاوە و ئاو چوو، چوومە چایخانەیەك لە شێخ عەبدولقادر، بە غەمگینی لێی دانیشتم، پڕتاو کابرایەکم لێ پەیدابوو، خەڵکی مەخموور بوو، چاك و چۆنیمان لەیەك کرد، کە مەسەلەی خۆمم بۆی باس کرد، وتی: خەفەت مەخۆ، هەر ئێستا پارەکەت بۆ دەدۆزمەوە.

وتم: چۆن؟.

وتی: ئەتوو لەسەر پارەی خۆت نی؟.

وتم: خوابکەم وابێ.

ئەویش بانگی یەکێکی کرد و بەعەرەبی پێیوت: (روح سیح ابو لیلی)(برۆ بانگی ئەبو لەیلە بکە).

دوای تاویَ هاتەوە، یەکێکی لەگەڵدابوو، پێیوت: ئەوە خزمی منە، ئەو پارەیەی کە لێت دزیوە، بیدەرەوە..ئەویش دەستی لە گیرفانیَ نـا، پارەکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا.

کوڕە مەخمووربیەکە وتی: دەبیژمێرە، بزانە پارەکەت تەواوە؟.

منیش پارەکەم ژمارد، تەواو بوو، وتم: زۆر سوپاس، بەڵاّم تکایەکم هەیە، توخوا ئەگەر ئەو سەد دینارەم لیَ وەرنەگری.

وتی: یانی گوو بە پیاوەتییەکەت؟ چۆن وەریدەگرم، کە چوویەوە زۆر سەلام لە....و....و.....بکە.

وتم: باشە تۆ چۆن زانیت ئەو کوڕە عەرەبە دزیوییەتی؟.

وتی: کاکە من سەرۆکی هەموو دزەکانم و خۆم ئەوم لەویَ دانـاوە و ئەو شەقامەم کردۆتە عایدی ئەو، بۆیە دەزانم ئەو دزیویەتی.

ئەو کابرایە تا زەمانێکی زووش هەر لەژیان مابوو، دز و ڕێگرێکی زۆر ناقۆلاّ بوو، پاشان تۆبەی نەسوحی کـرد و خـەڵکی مـەخموریش هەموویان دەیناسن.

❊ ❊ ❊

چەتۆ لە بەغدا چی لێهات؟

چەتۆ تازە ئۆتۆمبێلێکی کرۆنەی وەرگرتبوو، هەر بۆ خۆشی خـۆی، سەردانی بەغدای کرد، بیست ڕۆژی ڕەبەقی پیَ چوو، هـەر نەهاتـەوە، خانەوادەکـەی زۆر پەرێـشان بـوون، نەیانـدەزانی چـۆن سـەرەداوێك

بدۆزنەوە تا بزانن چی بەسەر هاتووە..لەناکاو بەدەرکەوت، بووە خۆشییەکی ئەوتۆ، نە سەری دیار بوو نە بن، خەڵکەکە هەموویان روویان لە ماڵی کرد، هەر یەکە پرسیارێکی لێ دەکرد: ئاخۆ بۆ ئەوها لە بەغدایێ گیر ببوو، ئەوەندە ماوەتەوە؟.

ئەویش وتی:کاکە بەسەرهاتی من وەکو فیلمی سینەماییە، ئەگەر بۆتانی بگێڕمەوە، تووشی شۆك دێن.

وتیان: چی بوو؟چیت کرد؟چیت لێ بەسەرهات؟ بۆ هێندە خۆت مات کردبوو؟ دەبۆمانی بگێڕەوە.

چەتۆش بە ئحم ئحمێ قورگی گیراوی کردەوە، کە رووی کردە خەڵکەکە، بەهەڵپەیەکەوە وتی: کە چوومە بەغدایێ، لە هوتێلێك دابەزیم، ژوورێکم بەکرێ گرت، ئۆتۆمبێلەکەم لەبەردەم هوتێلەکە راگرت و خانەزای[١٣٠] هوتێل ئاچەری[١٣١] لێ وەرگرتم و لە گەراجی سەر بەهوتێلەکەی راگرت..رۆژێکیان بۆ کڕینی هێندێ کەل و پەل چوومە شەقامی رەشید و بازاڕی شۆڕیجە، لەگەڕانەوەمدا وەك تەماشا دەکەم ئەوە ئۆتومبێلەکەم نەماوە، زۆر گەڕام و سووڕامەوە، هەوڵەکانم بێ

---

١٣٠ - خانەزا/ خادم، خزمەتکار.

١٣١ ئاچەر/ سویچ.

سوود بوون، بەناچاری چوومە یەك لە بنکەکانی پـۆلیس و سـکالاّم[132] تۆمار کرد.

ئەفسەری بنکەکـە وتـی: سویـچت نەداوەتـە دەسـت کـەس؟. وتم: نەخێر، تەنها خانەزای هوتێلەکە نەبێ ئۆتۆمبێلەکەمی بردۆتە گەراجی هوتێل و تەواو.

بانگی خانەزایان کرد، ئەویش سـوێند و قورئـانی خـوارد کـە بـێ تاوانە و لەو جۆرە کەسانە نییە دزی بکات...لەبەغـدا چـوومە چـەند بنکەیەکی پۆلیس و سـکالاّم تۆمـار کـرد، لەوێـشەوە چـوومە شـاری (حلە) کە کەوتۆتە باشـووری شـاری بەغـدا و یـەك دوو رۆژان کەوتمـە گەڕان وسووڕان و سکالاّم لەوێش تۆمار کرد و کاتێ گەڕامـەوە بەغـدا بەو هیوایـەی سـەرو سـۆراخێکم چـنگکەوێ، بـێ مفـا بـوو، ئـەمڕۆ بەیانییەکەی زوو هاتمە گەراج، سواری ئۆتۆمبێل بووم بێمەوە هـەولێر، لـە پێـشەوە لێـی دانیـشتم، شـوفێرەکە وتـی: واباشـە قـاوەلتی لـە دووزخورماتوو بکەین، هەر نەبێ چایە و ئاوێ بخۆینەوە.

سەیارە بەگەرکەوت، لەسەر رێی خۆمان، لـە دووز دابـەزین، لـەپڕ چاوم بە ئوتومبێلەکەم کەوت،وتم: هەبێ و نەبێ ئەوە ئۆتۆمبێلەکەمە، من نەچوومە لۆقەنتا[133]کە، بە هێواشی سویچەکەم لەباخـەڵم دەرێنـا،

---

[132] - سکالاّ/ عەریزە.

[133] - لۆقەنتا/چێشتخانە.

دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە، سویچم لێدا و بەخێرایی لێم خوری، بۆی دەرچووم، لە ئاوێنەکەوە زوو زوو سەیری دواوەم دەکرد، لەپشتەوە سێ کلاشینکۆف لەسەر کوشنەکە داندرابوو، هیچ ئۆتۆمبێلێك دیار نەبوو، ئەمەم بەفرسەت زانی، چەکەکانم لە پەنجەرەوە فڕێدا و بێ ئەوەی لەکەرکوك لا بدەم، یەکسەر بەرەو هەولێر گەڕامەوە، گەلۆ ئەوە بەسەرهاتی من بوو.

کاك عەزیز وتی: ئەوانە هەبێ و نەبێ پیاوانی رژێم بوونە و ئۆتۆمبیلەکەتیان دزیوە.

مام حەمەد وتی: دەك ئافەرین کە بەخێرایی لێت خوڕییە و رات نەگرتووە.

مام بایز وتی: وەڵا بەزمێکی خۆشە.

مام جەرجیس ئەویش وتی: چما لەبەغدا دزی دەکرێ؟.

دلێری کوڕی وتی: بابە، سویچەکەم بدەرێ بزانم جەگەکە ماوە؟.

دلێر چووە دەرێ و ئەوەندەی پێنەچوو بەڕاکردن گەڕایەوە لای باوکی و لەو خەڵکەی جیاکردەوە، بەهێواشی پێی وت: بابە، ئەو تەلیسە پارە چییە وا لەنێو سنوقی سەیارەکەمانە؟.

چەتۆ بەسەرسوڕمانەوە وتی: کوڕە دلێر، ئەوە باسی چی دەکەی؟ پارەی چی؟.

دلێر وتی: بابە بەخوای بەڕاستیمە، خۆ درۆ ناکەم.

چەتۆ چووە لای ئۆتۆمبێلەکەکە، چاوی بەیەك تەلیسە پـارە کـەوت کە هەر هەمووی پەنجا دیناری بوو، سەفتە سەفتە ریزکرابوون. قڕوکپی لێکرد، بۆ ڕۆژی دوایی چووە پێشانگای ئۆتـۆمبێلان و ئۆتـۆمبێلێکی نویێ و گرانبەهای کڕی و هی خۆشی فرۆشـت..بـەو جـۆرە پارەییـەکی زۆری دەستکەوت و دەوڵەمەند بوو.

❊ ❊ ❊

مەلا خدر چۆن تەسریح بوو؟

مەلا خدر پیاوێکی بـاڵا بـەرزی تێکـسمڕاو و جوانخـاس بـوو، بـە بانگبێژی لە مزگەوتی باقلانی دەمەزرا، ڕۆژێکیـان لەخزمـەتی مـەلا ئیسماعیل دانیشتبووین، ژیان و بەسـەرهاتی پێغەمبـەرانی بـۆ بـاس دەکردین، مەلا خدر گێڕایەوە و سوێندی خوارد، وتی: ماوەیـەکی زۆر سـەرباز بـووم، برادەرەکـانم تەسـریح دەبـوون، مـن هـەر وەکـو خـۆم دەمامەوە سەرەڕای ئـەوەی هـیچ غیـاب و سزایـشم نـەبوون، لەگـەڵ هەندێش دەیانوت هێشتا ماوتە تەسریحبی، کەچی وانەبوو، لـێ تـەنها زوڵم و ستەمیان لێ دەکردم چونکە خاکسار[١٣٤] بووم، پارە و پووڵم نەبوو بیدەم بەدەستڕۆکان، من لە ئـۆردی[١٣٥] غـەزلانی بـووم، ئێوارەییـەکیان چوومە خزمەت یونس پێغەمبەر(د.خ)، نوێـژ و دوعـای خـۆم کـردن،

---

[١٣٤] - خاکسار/ زۆر هەژار.

[١٣٥] - ئۆردی/ مەعەسکەر، سەربازگە.

پاڕامەوە، بەدەست خۆم نەبوو زۆریش گریام، پاشان لە هەیوانی مزگەوتەکە لێی خەوتم، لەخەوما من لەوبەری شەقامەکەی بەرانبەر نەبی یونس(د.خ) بووم..کاوڕایەکی سەر و سیما نوورانی و شەویەکی سپی درێژ لەوبەرەوە بانگی کردم، منیش چوومە لای.. پێیوتم: وەرە.

منی بردە گۆڕەپانێکی وەکو ئۆردی خۆمان و ئەفسەرێك لەسەر تەختێك لەپشت مێزێك دانیشتبوو، چەندین ئەفسەر و سەربازی دیکە دەورەیان دابوو، کاتێ چاویان بەئێمە کەوت، هەر هەموویان راستەوخۆ هەڵسانە سەرپا و لەخزمەت ئەو کەسە بوون کە من لەگەڵیا بووم، وتیان: فەرموو قوربان یاخوا بەخێر بێی.

ئەویش وتی: سوپاستان دەکەم، خوا لێتان رازیبێ.

ئەفسەرەکە وتی: قوربان چۆنە ئەوها تەشریفتان هێناوە؟.

ئەویش وتی: بزانن ئەو کابرایە چی دەوێ بۆی جێ بەجێ بکەن(دەستی بۆ لای من درێژ کرد).

ئەفسەرەکەش رووی تێکردم و وتی: کاکە فەرموو سکالاّتان چییە؟.

منیش وتم : (ئەوجا بەبیرم هاتەوە) قوربان من سەربازم و ماوەی خۆم تەواو کردووە، دەمەوێ تەسریحبم.

ئەفسەرەکە پێیوتم: شەش مانگ باشە؟.

وتم: قوربان گەلێ زۆرە.

وتی: سێ مانگ چۆنە؟.

وتم:قوربان ئەویش زۆرە.

وتی:

ئەوە کردمە یەك مانگ، فەرموو ناو و پلە و ناونیشان و یەکەی خۆتم پێ بڵێ.

منیش ناونیشانی تەواوم پێدا، ئەویش هەموو شتەکانی لای خۆی نووسی و پاشان من و کابراکە پێکەوە رۆیشتین و خواحافیزیمان لە سەربازەکان کرد. بەدەم رێگاوە وتم: قوربان زۆر مەمنوونی جەنابتانم، منەتبارم، خوای گەورە پاداشتی بەخێرتان بداتەوە، حەز دەکەم بزانم جەنابتان کێن؟.

ئەویش وتی:

ئەی تازە تۆ نەبووی هەر دەگریای و دەپاڕایەوە، خوای گەورە بەهاناتەوە هات؟ من(نەبی یونس)(د.خ)م.

کە گوێم لەو قسەیە بوو، پڕمدایە هەردوو دەستی و تێر تێر ماچم کردن و پێموت: قوربان ئەی ئەو ئەفسەرەی چووینە لای، ئەو زاتە کێیە؟.

وتی: ئەوە(شێخ عەبدولقادر گەیلانی)یە[136] ئێوە ئێشتان لەلای ئەوە، لەلای من نییە.

---

[136] - شێخ عەبدولقادر گەیلانی، زاتێکی گەورە و پیرۆزە، گوڵستان و ئارامگای لە شاری بەغدایە.

لەشوێنێك خواحافیزبوونی لێكردم و منیش لەخەوەكە بەئاگا هاتم و دووبارە چوومەوە خزمەتی و زۆر پاڕامەوە.. خوا ئاگادارە دوای سێ رۆژەكە تەسریح كرام.

مامۆستا فەرمووی: راست دەكەی، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ(من زار اخي يونس كانما زارني) واتە(هەر كەسێ سەردانی برام یونس بكات وەكو ئەوە وایە سەردانی منی كردبێ).

* * *

كوژرانی شوانێك

برادەرێكمان بەپەشۆكاوی هاتە دیوەخان و نیگەرانی پێوە دیار بوو، پاش بەخێرهاتن و چاك و چۆنی، لێمان پرسی: خێرە وا روخسارت زەرد هەڵگەڕاوە؟.

بەتاسەوە وتی: هەر ئێستا لەرێی گوندی نزیك دیبەگە، لەپڕ شوانێك خۆی لە ئۆتۆمبێلەكەمدا و تا دابەزیم و سەیرم كرد، گیانی دەرچوو بوو، منیش لە ئامێزم گرت و خستمە ناو ئۆتۆمبێلەكە و چوومە گوندەكە، وتم: براینە ئەو مێگەلە پەزە(پەز: مەڕ) هی ئێوەیە؟.

وتیان: ئا، هی ئێمەیە.

وتم: بەداخەوە هەر ئێستا بە ئۆتۆمبێلەكەم لە شوانەكەمدا، گیانی دەرچوو، ئەوەتانێ لاشەكەی لەنێو ئۆتۆمبێلەكەمە.

وتیان: بابچینە دیوەخان، مام لەوێندەرێیە.

چووین و لەوێ مەسەلەکەم لەنووکەوە بۆی گێڕایەوە..ئەوانیش وتیان: برام دڵت هیچ نەکا، تازە خوا هێناویەتی و قەزا و قەدەرە، بڕۆ خوات لەگەڵ، چونکە تۆ کارێکی زۆر باشت کردووە کە دانی پێدادەنێی ئەو شوانەت کوشتووە، ئەگەرنا، باوەڕ بکە ئێمە و ئەو گوندەی بەرامبەر لەگەڵ یەك ناکۆکین، مەزەندەمان بۆ ئەوان دەچوو، لەوانەیە ئەو کاتە چل پەنجا کەس لەهەردوولا بکوژرایە، بڕۆ خوات لەگەڵ، هیچمان لێت ناوێ.

منیش زۆر مەمنوونیان بووم، پێموتن: تا دەمرم منەتباری ئێوەم.. خوا حافیزیم لێکردن.

یەکێك وتی: باشە نەیانوت ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی و چ کارەی؟.

+ نەخێر کەس پرسیاری لێ نەکردم.

خەڵکەکە تێکڕا ستایش[١٣٧] و سوپاسی خۆیان ئاڕاستەی هەڵوێستی خەڵکی ئەو گوندە کرد بەوەی پیاوەتییەکی باشیان دەرهەق نواندووی.

هەر هەموویان وتیان: با سەردانیان بکەین و لەپرسەکەیان ئامادەبین.

---

[١٣٧] - ستایش/مەدح، سدنا.

مامۆستا فەرمووی: لەبەر ئەوەی پرسەکە ئێستانەکینێ گەرما و گەرمە، پێمباشە بۆ چەند رۆژێکی دیکەی دوابخەین ئەوجا پیاوانی گوندی هەمووەمان بچین و زیارەتیان بکەین و لەگەڵ دەستی خۆماندا ئازووقەیەکی باشیش ببەین، لەگوندان پرسە هەر دەمێنێ وەکو شار نییە.

پاش دوو رۆژ، مامۆستا و خەڵکی گوندی بەخۆ و چەند ئۆتۆمبێلێکەوە چوونە گوندەکە و بەشداری پرسەکەیان کرد، بەخێرهاتنێکی گەرمییان لێکرا و شوانکوژەکەشیان دەگەڵ خۆ بردبوو، قاوەلتی[138] و فراڤینیان[139] لەوێ نۆش کرد.. مامۆستا فەرمووی: بەڕاستی ئێوە جوامێری خۆتان نیشانداوە و خوای دلۆڤان[140] هەمیشە سەربەرز و لەشساغتان بکا و ئەوەیش قەزا و قەدەرە خوا هێناوییە.

مام وتی: یاخوا بەخێربێن، وەڵا ئەگەر ئەوەی شوانەکەی کوشت بوو، لەگەڵتان نەبووایە، هەر نەماندەناسی و هەر کە لاشەکەمان پێدانا، پێمان وت: برۆ خواحافیزتبێ.

+ ئێمە تا دەمرین، منەتباری ئێوەین، ئیشەڵڵا خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد دەکا و بە شەهیدیش لەقەڵەم دەدرێ.

---

١٣٨ - قاوەلتی/ نانی نیوەڕۆ.

١٣٩ - فراڤین/ نانی ئێوارە.

١٤٠ - دلۆڤان/ میهرەبان.

ئامادەبووان هەموویان بەجارێ دەستیان بەرز کردەوە و وتیان: ئامین.

مام وتی: هەرچەندە کوڕی ئێمە شوان بوو، مرد، لێ خێری تێدابوو، ئەوە لەگەڵ ئەو گوندەی بەرامبەرمان ئاشت بووینەوە و ئەوان ئەوە چەند رۆژە هەر هەموویان لە پرسەکەی ئێمە دانیشتوونە،تەنها خوای گەورە دەزانێ خێر لە چی دایە، یاخوا ئێوەش بەخێربێن و خوا سەبووری هەموو لایەکمان بدات، هیچمان لەو پیاوە ناوێ، گەردەنی ئازادبێت چونکە بووە هۆی ئاشت بوونەوەی ئەو دوو گوندە و قەزا و قەدەریش هات، ناگەڕێتەوە.

* * *

فەرهەنگۆك

وشه	مانا و واتا	وشه	مانا و واتا
باقرۆ	بهتان/درۆ	ئاجیل	کرزات
تەژنه	توێنوو	سلساو	بێ شەرم
تەرلان	انیق، رێك جوان	ئاچەر	کلیل
تابان	بریقەدار	جوانخاس	وسیم
کاپان	رێگەی تەنگەبەر	دەسبار	مسرف
حلێب	مقبول	لاژه	ساویلکه
لۆژ	تەمبەڵ	لاژك	گێل
تریفه	خەرمانه	کتاور	نحیل،زەعیف
گۆڤانی	شهادە	راستاڵ	جێی متمانه
چاومەست	فتان	ریژگاو	خەیاڵی
زێبا	جوان(بۆ مێ)	ژیوان	پەشیمان
دیبا	ڕەنگاورەنگ بۆ نێر	خاکسار	هەژار
پرزوو	عزم	نەوێژ	کەمدوو
پرزه	نەفس، دەروون	جێکێش	گەواد
شەوی	کراس	هەژك	حەو پێنەکردن
جەخار	پەژارە	راڤکار	راوچی

جوامێر	بوێر و ئازا	چەتوون	پیسکە
زلووك	دەنکەشقارتە	خانەکۆل	بێ نەوا
مەگیزە	نەفس	خۆشمەند	مژدەبەر/مستبشر
مۆش	بێ نرخ	گزنی	فریودان
سازشت	مساوەمە	گومڕا	یاخی
ئەلواتی	خانم بازی	تێکسمڕاو	زەبەلاح
راسان	دەست جوولان بۆ ترساندن	بازەلە	بێچووە بەراز
چەنگەل	مەبەست/ غایە	باژەلە	سکچوون
بیتۆل	فەیلەسوف	ئافتاو	خۆر/ شمس
خورشید	خۆر/شمس	دینار	حەکیم
دەفر	قاپ	رابێژ	راوێژ/ مشوورەت
چاڤا	چۆن	بادەنۆش	ئارەقخۆر
بادە	ئارەق/ شەراب	دەسبار	مسرف
رژد	رەزیل	شابەز	بازرگانی گەورە
سەرەتاتکێ	سەرەدیقە	سەرگوم	لەدەست دان
وارکۆ	وجاغ کوێر	هەپە	فێڵ
ئاژدان	یاساوڵ/ئینزیبات	کتارو	لاواز
بالوولە	لوقمە	تیکە	پاروو/ لوقمە

بەدمەست	سەرخۆش	مۆتەکە	کابووس
ئەفسوون	سیحر	سابیتە	بنمیچ/ سەقف
خەڵتان	گەوزین لەخوێن	قەیچی	مەقەس
هەڵەپاچ	زۆربڵێ	سیمەن	مەنی(تۆی پیاو)
شڤار	درێژ	قەستەر	دوژمن
ئوتاق	ژوور	فەراهەم	ئامادە
خومار	چاوجوان	ڤالا	بەتاڵ/خالی
فریادرەس	معین	سەلیتە	بێ حەیا
پەلکان	پەیژە	نێرە حەیتە	زرتە زەلام
دڵواپەس	نیگەران	پەژموودە	بێتاقەت
وەزەنگ	زەرد	وەرزاخ	کێوی سەخت
شەوسوو	سبەی	خەرگ	قور
خەڕ	کەر/گوێدرێژ	کاخ	کۆشك
زارۆك	منداڵ	باسەن	قینگ
مەرافە	شەڕوهەرا	تەڵا	ئاڵتوون
هەتەران	وڕێنە	وەیشوومە	کارەسات

پێرست

پێشەکی.................................... (٧)

دەستپێك.................................... (٩)

دڵشکاندن.................................... (١١)

پیاوانە بدوێ.................................... (٢١)

نوێژی بەیانیان.................................... (٢١)

گەردەنم ئازادکەن.................................... (٢٣)

بووکی تازە.................................... (٢٣)

بەرێزو حورمەت.................................... (٢٤)

پیاوی عەمەلکار.................................... (٢٥)

دەگێڕنەوە.................................... (٢٦)

نیوەی بکەو نیوەی مەکە.................................... (٢٧)

قەرزوەرگرتن.................................... (٢٨)

دەقەتێ.................................... (٢٩)

شێخی درۆزن.................................... (٢٩)

فێڵی هەولێرییان.................................... (٣١)

دوو برا.................................... (٣٣)

شلۆقی کەنتۆر.................................... (٣٤)

ئالچاغ.................................... (٣٥)

شێخ مەحشی.................................... (٣٦)

مەتەڵانێ.................................... (٣٧)

ئەوەتا شەیتان.................. (٣٧)
لە بەهارێوە................... (٣٨)
لەخەومابووم................... (٣٩)
قازی و کوڕی پاشا.............. (٣٩)
مامۆستامەلا عوسمان............ (٤٠)
بەس پارەی من مەخۆ............. (٤١)
قەپاغ سیفۆن................... (٤٢)
موسڵمان بوونی ماڵە فەلەیەك.... (٤٣)
ماڵە بەجاش.................... (٤٤)
کڵاو سوور..................... (٤٧)
فەقێ و شووتی.................. (٤٧)
ئەفسەرو قەشە.................. (٤٨)
چەمچەماڵ...................... (٥٠)
بەخوای بەرۆژیشم............... (٥٠)
عەبدچیە؟...................... (٥١)
دۆڵمە......................... (٥١)
دەستت بەرز کەرەوە............. (٥٢)
خۆشناو و دوانەکە.............. (٥٣)
بەپای خاوسی................... (٥٥)
تەکش و گوڵ ئەندام............. (٥٦)
گوندی(...) .... (٦٤)
پێ بەرزکردنەوە................ (٦٥)

ئەوە خوشکی منە.......................... (٦٥)
ڕاگوێزانی ماڵە کوردان.......................... (٧١)
عەبدوڵلا چی بەسەرهات؟ .... (٧٢)
وەزیری ئەوقاف.......................... (٨٨)
بۆراق.......................... (٨٩)
ئەوەی پێی درێژ بکا دەستی درێژ ناکا.......................... (٩٠)
دەمەتەقێی ناو شەمەندەفەر.......................... (٩١)
دەستنوێژ بشۆنەوە.......................... (٩٢)
براژن و گۆڕستان.......................... (٩٢)
دزینی بزن.......................... (٩٥)
ئاشکرابوونی نهێنیەکان.......................... (٩٧)
مارو چۆلەکە.......................... (٩٨)
مۆری شین.......................... (٩٩)
ژنێ گۆ ژنێ من.......................... (١٠١)
مەلا مەجیدی درێژ.......................... (١٠٢)
گۆشت بۆق.......................... (١٠٢)
چوو لە کەر.......................... (١٠٣)
سکاڵای جولەکەیەك.......................... (١٠٤)
پاشای فارس.......................... (١٠٦)
سڵاوکردن.......................... (١٠٩)
بەندیخانە.......................... (١٠٩)
ڕێگرێك سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە.......................... (١١١)

پێویستی.................... (١١٣)
گرد وەرە ئێرە.................... (١١٥)
نوورانی.................... (١١٦)
مام دەروێش.................... (١١٧)
مووی تیایە.................... (١١٨)
سەباب تە ئینزباتی.................... (١١٨)
پێغەمبەرە.................... (١١٨)
هاتنی شێخ.................... (١١٩)
تیمساح.................... (١٢٠)
چۆن خۆیان کردە پێغەمبەر.................... (١٢٠)
موحەلەبی و کاستەر.................... (١٣٠)
دایك.................... (١٣١)
شەڕی خەڵکی.................... (١٣٢)
بەهاو خێزانەکەی.................... (١٣٢)
لێپرسراوی بگۆڕ.................... (١٣٣)
حەمە لەشار چ باسە؟.................... (١٣٥)
پێکدادان.................... (١٣٦)
خۆلەتۆ نادرێ.................... (١٣٦)
زەماوەندی خەلیفە.................... (١٣٧)
غەیب.................... (١٥٥)
ڕۆژوو بۆخوا.................... (١٥٧)
کاریتە.................... (١٥٨)

نەز........................ (١٥٩)
نێرەکەر........................ (١٦٤)
جاهیدی شاعیر........................ (١٦٧)
باوك و کوڕ........................ (١٦٨)
خەون........................ (١٦٩)
داخوازی........................ (١٧٠)
نانی شێوان........................(١٧١)
لۆبیافرۆش........................ (١٧٤)
حاجی عەلی سیان........................ (١٧٧)
مردوو بووە مێڤان........................ (١٧٩)
مردووەکان بوونە مێوان........................ (١٨٢)
خاوێن کردنەوەی هەوێز........................(١٨٣)
موسڵمان بوونی قەشە........................ (١٨٤)
زەوی بۆ کێڵان........................ (١٨٨)
پەتك........................(١٩٠)
خەونی پاشا........................ (١٩٣)
مێوانی دێر........................ (١٩٦)
پاسەوانەکە بۆ دەرکرا........................ (١٩٩)
گرەوی گۆڕستان........................ (٢٠٤)
دادوەریی ڕێوی........................ (٢٠٣)
کچە دکتۆرەکە........................ (٢٠٩)
زینۆو ئامۆژگاری باوکی........................ (٢١١)

عەلۆ دزی لێکرا................................. (٢١٥)
چەتۆ لەبەغدا چی لێهات؟.......................... (٢١٦)
مەلا خدر چۆن تەسریح بوو......................... (٢٢٠)
کوژرانی شوانێك................................. (٢٢٣)
فەرهەنگۆك .... (٢٢٧)

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر	بابەت	نرخ	لاپەڕە
٥٣٢	مذكرات يوسف حنا يوسف (أبو حكمت)	يوسف حنا يوسف	مذكرات	٥٠٠٠	٢٦٤
٥٣٣	لە کەناری هزرو زمان و ئەدەبدا	عەبدولڕەحمان مەعرووف	وتار	٢٠٠٠	١٩٢
٥٣٤	لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست	ئاوات محەمەد	رەخنەی ئەدەبی	٢٠٠٠	١٨٤
٥٣٥	پیاسەیەك لەگەڵ زەردخەنەی (با)	سەرهەنگ خامۆش	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٥٣٦	بژی نیشتمان	و. عەبدولستار جەباری	چیرۆك	١٥٠٠	١١٢
٥٣٧	پەندێن ژیانێ گوتنێن زانا نافدارێن جیهانێ	محەمەد ساڵح پێندرۆیی	گشتی	٥٠٠٠	٣٢٨
٥٣٨	خەم و خەندە	عوسمان رسول	شیعر	١٥٠٠	١٢٠
٥٣٩	هونەری گوێگرتن	و. بەهزاد حەوێزی	دەروونناسی	٣٠٠٠	٢٤٦
٥٤٠	فیلەکەی نادر شا	د.موحسین ئەحمەد	رۆمان	١٠٠٠	٦٤
٥٤١	فێمێنیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە	و.ئامادەکردنی:بەیان عەزیزی	گشتی	٣٠٠٠	٢٠٠
٥٤٢	هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجیدا (١٩٢٦-١٩٣٢)	مستەفا ساڵح مستەفا	ئەدەب	٥٠٠٠	٢٢٤
٥٤٣	فیکرو فەلسەفە دەقی جیهانی	و. تاریق کارێزی	لێکۆڵینەوە	٥٠٠٠	٢٣٦
٥٤٤	ئایندەسازی	تاهیر عوسمان	کۆمەڵە وتار	٣٠٠٠	١٩٢
٥٤٥	مرۆڤ و جڤاك	د. عارف حیتۆ	کۆمەڵە وتار	٣٠٠٠	٣١٢
٥٤٦	بیرەوەرییەکانم	مستەفا عەسکەری	بیرەوەری	٥٠٠٠	٣٦٠
٥٤٧	هێلانەکەم لە کوردستان	سازان مەدحی مەندەلاوی	گشتی	٥٠٠٠	٣٠٤
٥٤٨	عەلی شوون هەڵگر	تەحسین شێروانی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	[illegible]
٥٤٩	خەیاڵێکی پووچ	بەختیار نادر	کورتە چیرۆك	١٠٠٠	٤٠
٥٥٠	هەقایەت وئەفسانەی میللەتان	ئیدریس عەبدوڵڵا	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٧٢
٥٥١	ئەدەب وەك بەشێك لەڕوح	غەمگین بۆلی	لێکۆڵینەوەی ئەدەبی	٢٠٠٠	١٣٦
٥٥٢	دەروازەیەك بەرەو فەلسەفە	کامەران تاهیر	وتار	١٠٠٠	٨٨
٥٥٣	خەونی شادی	کۆکردنەوەو نووسینی نیازی حەمە عەزیز	شیعر	٢٠٠٠	٢٠٨
٥٥٤	چەپکە گوڵێکی رێبوار بۆ کوردستان	ئەبوبەکر عەلی ئیسماعیل	شیعر	٢٠٠٠	٢٤٨
٥٥٥	سیاسەتی ئەمریکا لە کوردستان لە روانگەی پسپۆڕانی رۆژئاوایی	ئا: وریا رەحمانی	سیاسی	٤٠٠٠	٢٨٠

٥٥٦	سياسة الحكم	ترجمة: عبدالرحمن الپاشا	دراسات	٣٠٠٠	١٦٨
٥٥٧	کوردو ئیسلام	ئەحمەد بالایی	مێژوویی	٥٠٠٠	٥٤٨
٥٥٨	ساتی راستگۆیی	و: شەرمین عەبدوڵلا	کورتە چیرۆك	٢٠٠٠	١٣٦
٥٥٩	مەرگی گەڕانەوە	سامی سلێمان فەقێ	رۆمان	٣٠٠٠	٢٠٤
٥٦٠	دەردی دووری	د. رەفیق شوانی	شیعر	٢٠٠٠	٢٠٨
٥٦١	پرسیار لە دەرەوەی سێوەکەی نیوتن	ئا: سۆران عەزیز	گشتی	٣٠٠٠	٤١٦
٥٦٢	عەرووز وەکو پێوەرێك بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی	یادگار رەسوول باڵەکی	لێکۆڵینەوە	٤٠٠٠	٦٢٤
٥٦٣	هەورە تریشقە	موکەڕەم رەشید تاڵەبانی	چیرۆك	٣٠٠٠	١٦٨
٥٦٤	بەڵێنەکانی ئینگلیز و گوتاری مناوەرانی کورد	بەهات حەسیب قەرەداخی	سیاسی	٢٠٠٠	١٢٠
٥٦٥	فاعلية المسرح الليبي.. بين الفكر والفن	أ.د. فيصل ابراهيم المقدادي	فنون مسرحية	٥٠٠٠	٥٤٤
٥٦٦	پل	عەزیزی مەلای رەش	رۆمان	٣٠٠٠	٢٩٦
٥٦٧	شێوازە ئەدەبییەکانی رۆژنامەی خەبات (٢٠٠٢-٢٠٠٦)	د. ئاریانا ئیبراهیم	رۆژنامەنووسی	٥٠٠٠	٥٦٠
٥٦٨	یانەی وەرزشی سۆلاف لەیادی (٤١) ساڵەیدا	ن. ئا: شێخ ستار عەبدوڵلا بەرزنجی	وەرزشی	٤٠٠٠	٢٩٦
٥٦٩	پێنج داستانی کوردەواری	یاسین حەسەن گۆران	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٤٨
٥٧٠	النظام العالمي الجديد وقضايا القوميات والأقليات في الشرق الأوسط	ريبوار عبدالرحيم بابكەیی	سياسي	٣٠٠٠	٢٨٨
٥٧١	وەرە با یاری بکەین	وەرگێڕانی: رەشاد محەمەد موراد	زانستی	—	٤٨
٥٧٢	سیڤییەکان٢	ئا- وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی	گشتی	٣٠٠٠	٢٦٤
٥٧٣	الادب الكوردي	د. كمال معروف	ادب	٢٠٠٠	٨٠
٥٧٤	منطقة ريكان	آراز أسماعيل عبدالله الريكاني	جغرافية	٢٠٠٠	٩٦
٥٧٥	فێربوونی زمانی ئیتاڵی لەسەفەرو لەماڵ.. لەهەر کۆڕو کۆمەڵێکدا	رەحیم شا محەمەد	زمان	٢٠٠٠	١٨٤
٥٧٦	هزرکرن د پرسێن فەلسەفێ دا	محسن ئۆسمان	هزر	٢٠٠٠	٢٤٠
٥٧٧	بووکە بەردینە	ئازاد کەریمی	ئەدەب	٢٠٠٠	١٢٨
٥٨٨	لەبەر ئاگردانی مام سۆلی حسێن گراوی	موزەفەر حسێن عەزیز گراوی	فۆلکلۆر	٢٠٠٠	١٧٦
٥٨٩	زەردەخەنەکانی ناو هەگبەی گەردی	ن. ئامادەکردنی: حەمید گەردی	گشتی	١٥٠٠	١٧٦
٥٩٠	پۆرترێتی شاعیرانی ناودارانی کورد	نووسین و ئامادەکردنی: کەمال هەژار	هونەری	٥٠٠٠	١٢٠
٥٩١	وتار نووسین	وەرگێڕانی: جەمال محەمەدی	رۆژنامەوانی	٣٠٠٠	٢٨٠
٥٩٢	سوريا سابع أسوأ دولة في العالم إنتهاكاً لحقوق الإنسان	ئازاد الكردی	گشتی	٣٠٠٠	٤٣٢
٥٩٣	نطاق مسؤولية الاطباء عن اخطائهم في التشريع العراقي والتشريعات المقارنة	زينب وحيد دحام	قانون	٢٠٠٠	٩٦
٥٩٤	تابلۆ جیهانییەکان	ئاکۆ عەبدوڵلا	هونەری	٦٠٠٠	١٦٨

٥٩٥	ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر	د. هاشم یاسین حەمەدەمین – کامەران وەلی مەحمود	جوگرافیا	٥٠٠٠	٧٢
٥٩٦	خدری زیندە	مەجید عەبدولڕەحمان	چیرۆکی فۆلکلۆری	٢٠٠٠	١٤٤
٥٩٧	سوارەکان بەقاچاغ بووکیان گواستەوە	لوارۆژ کاروان– کاروان عومەر	ڕۆمان	٤٠٠٠	٢٢٤
٥٩٨	ئاوارەیی و ژیانی کۆلەمەرگی کورد لە هەندەراندا	خۆشەوی عەلی پاپیر	سیاسی	٥٠٠٠	٣٠٤
٥٩٩	کولتوورو ناسنامە	ئازاد عەبدولواحید	ڕەخنەی ئەدەبی	٢٠٠٠	٢٥٦
٦٠٠	بەناز	مەحمود زامدار	هونەری شانۆ	٢٠٠٠	٩٦
٦٠١	ژیانی ئاینی لە نەهریٚ بۆ بارزان	و. لەعەرەبیەوە: ڕەفیق مەلا کەرەم هەرکی	مێژوویی	٥٠٠٠	١٨٤
٦٠٢	چۆن ڕەفتار لەگەڵ گەشتوگوزاردا بکەین	نادر روستی	گشتی	-----	٨٨
٦٠٣	خێزگەی گەڕان لەهەرێمی خەونەکاندا	ڕەووف مەحموودپوور	وتارو لێکۆڵینەوە	٢٠٠٠	١٣٦
٦٠٤	ڕامایانا	ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل	گشتی	٢٠٠٠	١٩٢
٦٠٥	لوڕستان لە مێژوودا	نووسینی: عەباس سلێمان سمایل	مێژوویی	٣٠٠٠	٢٤٠
٦٠٦	هەژار لە سنە	ئامادەکردنی: نامق هەورامی	گشتی	٣٠٠٠	٢٦٠
٦٠٧	جانتای سەفەری ئەمجارەت پڕیەتی لە گریان	خالید کۆچەر	شیعر	٢٠٠٠	٢٦٢
٦٠٨	سفر هموم أحلامي	سلوى گولي	شعر	١٠٠٠	٤٠
٦٠٩	فەرهەنگی تەکنەلۆژیای زانیاری	دانانی: زانستپەروەرانی کورد	IT	٢٠٠٠	١٣٦
٦١٠	گەشتی پێنج پەنجە	ع. ع. یووسف	شیعر	٢٠٠٠	٨٠
٦١١	دیوانی هەوری	شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی	شیعر	٣٠٠٠	٥٠٠
٦١٢	پالاوتگەو تەکنەلۆژیای نەوت	فەرهاد جەمیل نادر	زانستی	٥٠٠٠	٢٠٨
٦١٣	شەوچەرەی دیوەخان	ئەبوبەکر شوان	فۆلکلۆر	٣٠٠٠	٢٤٠

گەلۆ..

دەمێك بوو بە شەوق‌وتاسەوە عەودالی ئەوە بووم چۆن بتوانم ئەو قسەوباس‌وبەسەرهات‌وڕووداو و چیرۆکانە بخەمە سەر پەڕەی کاغەز، کە بەشێکن لە کولتووری ڕەسەنی نەتەوایەتیمان‌و وەکو بنێشتەخۆشە کەوتوونەتە سەرزاران‌و تەبای شەوچەرە لە کۆڕوکۆبەندودیوەخان‌وحوجرەی مزگەوتەکان باسیان لێوەدەکرا، هەروەها گردبوونەوەودانیشتنەکانی خۆیانیان پێ جۆش دەداودەیان ڕازاندەوە و خەڵکانی دەهێنایە قاقای پێکەنین و سەرسام بوون..

ئەم بەرهەمەش ئاکامی ئەو حەزەیە بەو هیوایەی مشتێکی دیکە بێت بۆ سەر ئەو خەرواره.

چاپخانەی ڕۆشنبیری

٣٠٠٠ دینار